# تۆپی پێ

مێژوو   سەرهەڵدان   داهێنان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# تۆپی پێ

## مێژوو سەرهەڵدان داهێنان

ئامادەکردنی:
**سامان عەبدوڵڵا بریفکانی**

ناوی کتێب: تۆپی پێ ″مێژوو، سەرهەڵدان، داهێنان″
ئامادەکردنی: سامان عەبدوڵڵا بریفکانی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٨١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٣٨١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## پێشەکی

نەبوونی سەرچاوەی وەرزشی لە کتێبخانەی کوردی هەموو کاتێك بەربەست بووە لە بەردەم خوێنەر و هەوادارانی ئەم بوارە گرنگە بۆ ئاشنابوون بەمێژوو و گەشەسەندن و یاسا و ڕێسای نوێ و زانیارییە گشتییەکانی یاری تۆپی پێ، بەهەمان شێوە بەربەستێکی گەورەی متمانەی لەنێوان نووسەری وەرزشی و خوێنەرانی کورد دروست کردووە. بە بۆچوونی من، نووسەری وەرزشی کورد بەرپرسیاری یەکەمە لەم کەمتەرخەمییە. بۆ شکاندنی ئەم بەربەستانە پێویستە نووسەر و پسپۆڕانی بوارەکانی وەرزش هەوڵ بدەن خوێنەر زیاتر ئاشنا بکەن بە کتێبی جۆراوجۆر تایبەت بەم بوارە گرنگە.

بوارەکانی وەرزش زۆرن. گرنگترینیان وەرزشی تۆپی پێیە. نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا خەڵکێکی زۆر حەز لەم یارییە دەکەن و لە زۆر شوێنیشدا بەشێوەیەکی هەرەمەکی لەنێو خەڵکیدا ئەنجام دەدرێت. هەروەکو چۆن یاریی گۆڵف بەیاریی دەوڵەمەندان و یاریی شەترەنج بەیاریی پاشاکان ناوبانگی دەرکردووە، یاریی تۆپی پێش بەیاریی هەژارەکان ناوزەد دەکرێ. ئاسانیی یاساکانی (تۆپی پێ)ش هۆکارێکی دیکەی بڵاوبوونەوەیەتی. ئەوەتا لە وڵاتە هەژارەکاندا بەتۆپەڵکردنی چەند پارچە پەڕۆیەك کۆمەڵێك کەس کۆدەبنەوە و یاریی تۆپی پێ ئەنجام دەدەن. نموونەش وڵاتی بەڕازیلە. زۆربەی هەرەزۆری منداڵانی ئەم وڵاتە پارەیان نییە تۆپێك بکڕن، بۆیە باشترین ڕێگە چارە تۆپەڵکردنی چەند پارچە پەڕۆیەکە کە ئارەزووەکانیان جێبەجێ دەکات و دواتریش باشترین یاریزانی سەرتاپای جیهانیان لێ دەردەچێت.

کەمیی کتێبی وەرزشیی کوردی وای لێ کردم لە زۆرترین سەرچاوەی وەرزشیدا زانیاری دەربارەی ئەو یارییە جەماوەرییە لە کتێبێکدا کۆ بکەمەوە. ڕاستە هیچ کارێك بێ کەموکوڕی نابێت، بەڵام بەپێی توانا لە ماوەیەکی کورتدا کارەکەم تەواو کرد تا لە نزیکەوە بەخوێنەران و هەوادارانی تۆپی پێی ئاشنا بکەم و بەو هیوایەی ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو یارییە لەنێو کتێبخانەکانی کوردیدا. لە چەند بەشێکی ئەم کتێبەدا نەمویست باس لە هەموو وردەکارییەکانی تۆپی پێ بکەم، بەڵکو ویستم وەکو کورد گوتەنی سەرتوێژەکەی هەڵبژێرم و تەنها باس لە مێژووە دیارەکان و چەند خولێکی ناوخۆی وڵاتە

بەهێزەکان لە بواری تۆپی پێ و چەند یاریگەی تۆپی پێی بەرچاو و مێژووی ژیانی ناودارترین یاریزانانی ئەو یارییە بکەم.. هیوادارم سوودی لێ وەربگیرێ.

**سامان عەبدوڵڵا بریفکانی**



# بەشی یەکەم


# تۆپی پێ

**بەشی یەکەم**

# تۆپی پیّ

تۆپی پیّ ناویّکی دوو برگەیە بۆ چەند یارییەك بەکار دەهیّنریّ. ئەوەی لەنیّو هەموویان ڕەواجی زیاترە ئەو یارییەیە کە لە ڕیّگەی قاچەوە ئەنجام دەدریّ و چەند یاسایەکی تایبەتی ساکاری هەیە و پیّی دەگوتریّ Soccer . یارییەکی دیکە هەیە هەمان ناوی هەیە و پیّی دەوتریّ Football. فوتبۆڵ لە ڕیّگەی قاچ و دەستەوە ئەنجام دەدریّت، ئەم جۆرە یارییە زیاتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باوە و بە تۆپی پیّی ئەمریکی بەناوبانگە. جگە لەم دوو یارییە، یارییەکی دیکە هەیە بەناوی ڕیّکبی ناوبانگی هەیە و لە وڵاتی ئینگلتەرە لە ژیّر هەمان ناودا ململانیّی لەگەڵ یاری تۆپی پیّدا کردووە، دواتر بەبڕیاریّك لەو یارییەدا جیا کراوەتەوە کە دواتر بەدریّژی باسی لیّوە دەکەین.

تۆپی پیّ (Soccer) هەروەك زۆربەی یارییەکانی دیکەی وەرزش بەمەبەستی گەیاندنی تۆپ لە ڕیّگەی قاچ و سەر بۆ شویّنیّکی دیاریکراو لەلایەن چەند کەسانیّکەوە بەکار دەهیّندریّت پیّی دەگوتریّت گۆڵ. یاریگەی بەکارهیّندراو یان لە فریزی ئاسایی یان لە فریزی دەستکرد پیّك دیّت. هیچ یاریزانیّك بۆی نییە لە یاریکردندا دەست بەکار بهیّنیّت تەنانەت پاسەوانی گۆڵ نەبیّت. ۱۱ یاریزان لە تیپیّك و لە بەرامبەریشدا ۱۱ی دیکە لە ململانیّدان بۆ گەیاندنی تۆپ بۆ شویّنە دیاریکراوەکە. ئەو لایەنەی زۆرترین گۆڵ تۆمار بکات، براوە دەبیّت. لە هەر یارییەکدا ناوبژیوانیّکی ناوەڕاست و ۲ چاودیّری لا و ناوبژیوانیّکی چوارەم بۆ بەڕیّوەبردنی یارییەکە هەن و هەر هەڵەیەك و هەر سەرنجیّك هەبیّ بۆیان هەیە یاسا بسەپیّنن. ماوەی یاری ۹۰ خولەکە دابەش دەکریّتە دوو گیّم. هەر گیّمیّك ٤٥ خولەکی بۆ تەرخان کراوە. هەر تیپیّك ڕاهیّنەر و یاریدەدەری ڕاهیّنەر و پزیشك و یاریزانی یەدەگی تایبەت بەخۆی هەیە.



ڕۆژبەڕۆژ و ساڵ بەساڵ یاساکانی ئەو یارییە لە گۆڕانکاریدان تا ڕادەی ئەوەی یاساکان بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ

یاریکەران ناوەناوە دەگۆڕدرێن و ئەو گۆڕانەش هەموو کاتێك دەبێتە مایەی ململانێی زیاتر و سەرنجڕاکێشانی هەوادارانی.



یاری تۆپی پێ بەوە ناسراوە کە یاری هەژارانە، چونکە تەنها بەدەستکەوتنی تۆپ دەتوانرێ لە زۆربەی پارچەکانی گۆی زەوی بەتایبەتی ئەو شوێنانەی هەژاریان تێدا بەربڵاوە یارییەکە ئەنجام بدرێت، ئەو یارییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆپەڵە قوماش یان کۆکردنەوەی چەند پارچەیەك کاغەز یان هەر شتێکی خڕ ئەنجام دەدرێ، بۆیە بەزووترین کات دەگاتە نێو دڵی منداڵان و هەرزەکاران.

یاری تۆپی پێ زۆرترین جەماوەری لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە و لە زۆربەی هەرە زۆری پارچەکانی زەوی یاری پێ دەکرێ.

وردە وردە تۆپی پێ لە یارییەکی هەرەمەکییەوە گۆڕا بۆ شۆڕشێکی ئابووری. ئابووری تۆپی پێ خەریکە ململانێ لەگەڵ زۆربەی کۆمپانیاکانی دروستکردنی کۆمپیوتەر و چەك و تەقەمەنی دەکات و لە زۆر شوێنیشدا لەو کۆمپانییانە دەوڵەمەندترە. ئەوەتا بۆندی یاریزانێکی تۆپی پێ لە وەرزی ٢٠٠٧دا گەیشتە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار. دێڤد بێکهامی ئەستێرەی پێشووی ڕیال مەدرید بۆندێکی لەگەڵ یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی بەبڕە پارەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار مۆرکرد.

تۆپی پێ لە یارییەکی سەر شەقام و نێو کۆڵانانەوە بووە یاری کۆمپانیا زەبەلاحەکان و بازرگانە گەورەکان.

لە زۆر شوێنی گۆی زەوی ئەو یارییە بۆ مەبەستی بازرگانی بەکار دەهێندرێ. زۆربەی وڵاتانیش بەتایبەتی ئەوروپییەکان ئەم هەلەیان قۆزتۆتەوە و بەمەبەستی قازانجکردنی خێرا گرنگییەکی بێپایان بەو یارییە دەدەن، بۆیە ساڵ بەساڵ ململانێی نێوان یانەکان لە لایەك و هەڵبژاردەکان لە لایەکی دیکەوە بەهێزتر دەبێت.

ئەم یارییە بەشێوەیەکی پیشەگەر جێگەی خۆی کردۆتەوە و هەزارەها یاریزان ئەم

یـاریـیـه ئـەنجام دەدەن و بـە ملیۆنەها کەسیش بە پەرۆشەوە تەماشای یارییەکان دەکەن، بۆ نموونە زیاتر لە ١ ملیار و ٨٠٠ ملیۆن بینەر تەماشای یاریی کۆتایی جامی جیهانی ٢٠٠٢یان کرد کە دەکاتە ڕێژەی ٢٨٪ی دانیشتووانی گۆی زەوی.




## چینییەکان ... میسرییەکان .. گریکەکان

## کام لەوان تۆپی پێی داهێنا؟

تاکو ئێستا هیچ زانیارییەکی تەواو دەربارەی چۆنیەتیی دروستبوونی یاریی تۆپی پێ نییە. بە پێی هەندێك سەرچاوە، مێژووی تۆپی پێ بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە کاتێ میسرییە کۆنەکان بەچەند تۆپەڵێکی خڕ یارییان دەکرد و باشترین بەڵگەش وێنەی ئەم جۆرە یارییەیان لەسەر دیوارێکی پەرستگاکان نەخشاندووە.

هەندێك سەرچاوەی دیکەش یارییەکە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێننەوە و چینییە کۆنەکان بە یەکەم ئەنجامدەرانی ئەم یارییە دەخەنە ڕوو. ئەو کات چینییەکان یارییەکەیان ناو نابوو (tsu Chu) دوای ئەوان، هەمان یاری لەنێو ڕۆمانییەکان و هیندییەکانی ئەمریکای باکوور سەری هەڵدا. دوای تەواوبوونی یاری، خواردن بۆ تیپی براوە ئامادە دەکرا و لێدانیش بەشی تیپی دۆڕاو دەبوو. ژاپۆنییەکان و یۆنانییەکانیش لە ساڵی ٦٠٠ی پێش زایین ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەو یارییە



پەیدا کرد. هیرۆدۆتی مێژوونووسی بێزنەتی کە لە ساڵی ٤٦٠ی پێش زایین سەردانی میسری کردووە و میسرییەکانی بینیوە یارییان بە تۆپێکی دروستکراو لە چەرمی بزنی بەپووش پڕکراو دەکرد و شەقیان تێهەڵدەدا.

چەند چیرۆکێکی دیکەش دەڵێن گریکەکان یەکەم کەس بوون ئەم یارییەیان ئەنجام دا. پاش ئەوەی سەری خەڵکانی تاوانبارییان لێ دەکردەوە، بە شەق لەو سەرە بەردەبوون و یارییان پێ دەکرد.

هۆمیرۆسی خاوەنی ئەفسانەی ئۆدیسا دەڵێ، گریکەکان یەکەم کەس بوون یاری تۆپی پێیان داهێنا. ئەو کات پێیان دەگوت (هارباستۆن) ئەویش بۆ بەرزکردنەوەی هێزی لیاقەی سەربازەکانی ئەسبرەتە بوو. لە مۆزەخانەی منشن لە ئەڵمانیا چەند سەرچاوەیەکی وڵاتی چین دەبیندرێن کە بۆ ساڵی ٥٠ی پێش زایین دەگەڕێتەوە و بناغەی دروستبوونی یارییەکەی تێدا ئاماژە پێ کراوە. ئەو کات تۆپی پێیان لە چەرمێك ئامادە دەکرد و پڕیان دەکرد لە مووی پرچ و یارییان پێ دەکرد.

هەندێکی دیکەش دەڵێن ئەو یارییە لە ئینگلتەرە سەری هەڵدا دوای ئەوەی هاوڵاتیان داگیرکەری دانیمارکییان لە وڵاتەکەیان بەدەر نا، کەوتنە یاریکردن بە لاشەی ئەوانەی لە شەڕدا کوژرابوون، بۆیە ئەم شێوازە دڕندانەیە دوای ماوەیەك لە ئینگلتەرە قەدەغە کرا.

ئەوەی مایەی دڵگرانییە، لە چەرخە کۆنەکاندا زیاتر گرنگییان بەتۆمارکردنی ڕووداوەکانی شەڕ و ئایینەکان داوە و ئەم جۆرە یارییانەیان پشتگوێیان خستووە، بۆیە تاکو ئێستا هیچ زانیارییەکی تەواو لەسەر دروستبوونی ئەم یارییە نییە، زیاتر ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێ کە لە ئاسیاوە سەری هەڵداوە و دواتر لە ئینگلتەرە گرنگیی پێ دراوە.



# ئینگلتەرە

## دامەزرێنەری تۆپی پێی نوێ

هەر کە یاری تۆپی پێ لە ئینگلتەرە سەری هەڵدا، دوای ماوەیەکی کەم لە لایەن خێزانی فەرمانڕەواوە بە فەرمی قەدەغە کرا و مێژووی ئینگلیزی لەو ماوەیەدا چەند یاسایەکی دژ بەیاری تۆپی پێی دەرکرد.

لە سەردەمی ئێدوارد پاشا (١٣٠٧-١٣٢٧) یاساکان ئەو کەسانەیان دادگایی دەکرد کە بەئەنجامدانی یاری تۆپی پێ تۆمەتبار کرابان.

لە بەلاغێکی ئێدوارد پاشادا هاتووە: لە وڵاتەکەمان غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگێکی زۆر پەیدابووە، ئەویش بەهۆی یاری تۆپی پێوەیە کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئاژاوە، بۆیە بڕیارمان دا ئەو یارییە قەدەغە بکەین و ئەوانەش زیندانی بکەین کە یارییەکە ئەنجام دەدەن.

لە ساڵی ١٤٢٤دا پاشا جەیمسی یەکەم داوای لە پەرلەمان کرد بە پەیڕەوکردنی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی تۆپی پێ. جەیمسی یەکەم وتەیەکی بەناوبانگیشی هەیە دەڵێ: بەهیچ شێوەیەك نابێ کەس یاریی تۆپی پێ ئەنجام بدات.

خاتوو ئەلیزابێتی یەکەم پاشای ئینگلتەرە یاسایەکی هەموار کرد تێیدا هاتووە، هەر کەسێك یاری تۆپی پێ بکات، بۆ ماوەی هەفتەیەك زیندانی دەکرێت و دەبێ قوربانییەکیش بدات بە کڵێسا.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەهێنێتە پێش، ئایا پەسەندکردنی ئەم یاسایانە و ئەو هێرشی دژایەتیکردنە بووە هۆی دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانی ئەو یارییە لە بەریتانیا؟

بەپێچەوانەوە دروستبوونی بناغەیەکی جەماوەری مەزنی ئەو یارییە لەو شوێنەدا بووە هۆکاری بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەو یارییە. گرنگی ئەو یارییە لەوەدایە لە لایەن گەورەترین بەرپرسانی ئەو وڵاتە دژایەتی دەکرا، هەر بۆیە لە بەرپەرچدانەوەیەکی جەماوەریدا یاریی تۆپی پێ لە ساڵی ١٨٠٠ بووە یارییەکی جەماوەری لە سەرتاسەری وڵات.

لە ساڵی ١٨٤٨ قوتابخانەی وەرزشی ئینگلیزی بەناوبانگ (Eton College) شانبەشانی چەند قوتابخانەیەکی دیکەی وەکو ڕەکبی و هاروو و وینچستەر و

شرۆسباری لە کۆبوونەوەیەکی گرنگدا چەند یاسایەکی تۆپی پێیان دانا.

ئەم یاسایانە بوونە بناغەی سەرەکی ئەم یارییە. هەر لە ئینگلتەرە چەند یاسایەکی دیکە هەبوون بەڵام هاوشێوەی یەکتر بوون. یەکێك لەوانە یاسای یانەی شیفیڵد بوو کە قوتابیانی قوتابخانەی هاروو لە ساڵی ١٨٥٧ دایاننابوو، ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی یەکێتی شیفیڵد بۆ تۆپی پێ .(Sheffield FA). دواتر بۆ بەرەو پێشبردنی یارییەکە یاساکان دەستکاری کران و ناونران (یاساکانی کۆلێژی کامبریج بۆ تۆپی پێ). ئەم یاسایانە لە لایەن سەرجەم زانکۆ و پەیمانگاکانی بەریتانیا پەسەند کران.



لە ساڵی ١٨٦٢ جۆن چارلز ترینگ لە قوتابخانەی ئەبینگهام چەند یاسایەکی نوێی خزاندە نێو یاساکانی تۆپی پێ.

لە ٢٦ی مانگی ئابی ساڵی ١٨٦٣دا نوێنەری ١١ تیپی تۆپی پێ بە مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی یاساکانی تۆپی پێ کۆبوونەوەیەکیان سازدا. لەو کۆبوونەوەیەدا یەکەمین یەکێتی تۆپی پێ لەسەر ئاستی جیهاندا دامەزرا.

هەر لەو کاتەدا پەسەندکەرانی یاسای تۆپی پێ بیروڕای جیاوازیان لا گەڵاڵە بوو و بوونە دوو بەش. بەشێکیان پێی باش بوو تۆپی پێ جگە لە پێ، لە ڕێگەی دەستیشەوە بەکاربهێندرێ (یاری ڕەکبی)، بەشێکی دیکەشی بەپێی یاساکانی کامبریج دژی ئەوە وەستان و یەکێتییەکە دوو لەت کرا بۆ یەکێتی تۆپی پێ و یەکێتی ڕەکبی.

لە ساڵی ١٨٦٧ یەکەمین دەزگای گشتی تایبەت بە تۆپی پێ لە ئینگلتەرە دامەزرا.

لە ساڵی ١٨٦٩ یاسایەك پەسەند کرا تێیدا هات، بەهیچ شێوەیەك نابێ تۆپی پێ بەدەست یاری پێ بکرێ. بەم شێوەیە ئینگلیزەکان بوونە دامەزرێنەری تۆپی پێی نوێ و لەوێشەوە یارییەکە گواسترایەوە هەموو پارچەکانی گۆی زەوی.

ئەمڕۆ یاساکانی تۆپی پێ لە لایەن IFAB کە وشەی کورتکراوەی International Football Association Board واتە ئەنجوومەنی یەکێتیی نێودەوڵەتیی تۆپی پێ. ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٨٨٢دا دامەزراوە.



# بەشی دووەم

# گەشتێك بەناو مێژووی تۆپی پێدا

**بەشی دووەم**

## گەشتێك بەناو مێژووی تۆپی پێدا

لەم گەشتەدا بەپێویستم زانی بەکورتی چەند ڕووداوێکی گرنگ بخەمە ڕوو، ڕووداوە نوێیەکان زۆربەیان لای هەوادارانی ئەم یارییە ئاشنایەتییان هەیە، بۆیە پێویست ناکات لای هەموو ڕووداوێك بووەستین.

* ساڵی ٣٠٠٠ پێش زاین/ میسرییەکان یاریی تۆپی پێیان ئەنجام دەدا و لەسەر دیواری پەرستگاکانیش وێنەیان بۆ نەخشاندبوو.
* ساڵی ٢٥٠٠ پێش زاین/ چینییەکان یاری (tsu chu) یان ئەنجام دەدا. ئەم وشەیە لە چین بەمانای شەقلێدان دێت.
* ساڵی ٦٠٠ پێش زاین/ ژاپۆنییەکان یاری (کیماری)یان ئەنجام دەدا کە زۆر نزیك بوو لە یاری تۆپی پێی ئێستا. یۆنانییەکان یاری (ئەپیسکیرۆس)یان لە کاتی ئاهەنگە ئاینییەکاندا ئەنجام دەدا.
* ساڵی ٦٠٠ پێش زاین/ ئێرلەندییەکان یارییەکی هاوشێوەی تۆپی پێیان ئەنجام دەدا.
* ساڵی ٦٠٠ی زاین/ یەکێك لە هونەرمەندان وێنەی دیمەنێکی یاریکردنی تۆپی پێی لە وڵاتی گواتیمالا نەخشاند.



* ساڵی ٥٠٠ی زاین/ وێڵزییەکان لە خۆشیی دەرکردنی داگیرکەری ڕۆمانی دەستیان کرد بەیاری تۆپی پێ.
* ساڵی ١١٧٥ی زاین/ ڕێگە بە قوتابییە ئینگلیزییەکان درا لە ساڵێکدا یەك جار یاری تۆپی پێ ئەنجام بدەن.
* ساڵی ١١٥٤-١١٨٩/ هێنریی دووەم یاریی تۆپی پێی لە وڵاتدا قەدەغە کرد.
* ساڵی ١٣٩٦/ یەکەمین یاساکانی تۆپی پێی فەرەنسی نووسرایەوە.

* ساڵی ١٤٠١/ هێنریی چوارەم بڕیاری قەدەغەکردنی تۆپی پێی دەرکرد.
* ساڵی ١٤٢٤/ جەیمسی یەکەم داوای لە پەرلەمان کرد یاسایەك دەربکەن بەقەدەغەکردنی تۆپی پێ.
* ساڵی ١٤٢٥/ بۆ یەکەمین جار چەند یاریزانێك لە بری پارە تۆپی پێیان ئەنجام دا.
* ساڵی ١٥٠٠/ دوای زۆربوونی جەماوەری تۆپی پێ، خولی یانەکانی ئیتاڵیا لە فلۆرەنسای ئیتاڵی سەری هەڵدا و ساڵانە فێستڤاڵیان ساز دەکرد.
* ساڵی ١٥٢٧/ ئەلیزابێتی یەکەم. بڕیاری قەدەغەکردنی یاری تۆپی پێی دەرکرد.
* ساڵی ١٦٠٠/ بەهۆی داگیرکردنی مەکسیك لە لایەن ئیسپانیای داگیرکەر، یاری تۆپی پێ لەو وڵاتەدا وەستا.
* ساڵی ١٦٠٦/ دادگای مانچستەر بڕیاری قەدەغەکردنی یاری تۆپی پێی دەرکرد.
* ساڵی ١٦٠٩/ ئەوروپییە ئاوارەکان یاری تۆپی پێیان گواستەوە ڤێرجینیای ئەمەریکی.
* ساڵی ١٦١٥/ جەیمسی یەکەمی پاشای بەریتانیا یەکەمین پاشابوو کە ئامادەی یارییەکی تۆپی پێ ببێت.
* ساڵی ١٦٣٠/ لە کۆلێژەکانی (سان جۆنز و تەرنین) لە زانکۆی کامبریج پاڵەوانێتیی تۆپی پێ ڕێکخرا.
* ساڵی ١٧١١/ تۆپی پێ قۆناغێکی پێشکەوتووی بەخۆوە بینی.
* ساڵی ١٨١٤/ کۆلێژی هاروو بیری لەوە کردەوە کە ١١ یاریزان بەجلوبەرگێکی هاوبەش بەشداری لە یاری تۆپی پێ بکەن.
* ساڵی ١٨٢٣/ بیر لە جیاکردنەوەی یاری تۆپی پێ و ڕەکبی کرایەوە.
* ساڵی ١٨٢٨/ تۆماس ئارنۆڵد بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕەکبی و دواتر ئیمزای لەسەر یاسا نوێیەکانی تۆپی پێ کرد.
* ساڵی ١٨٤٥/ بۆ یەکەم جار ناوبژیوان لە یاری تۆپی پێ داندرا ئەویش لە کۆلێژی ئیتۆن بوو.
* ساڵی ١٨٤٨/ یەکەم لێژنەی تۆپی پێ لە ئینگلتەرە پێکهات ئەویش لە زانکۆی کامبریج بوو.

* ساڵی ١٨٤٩/ بەکارهێنانی دەست و ڕاکێشان و بەرپێنە (پاشقوڵگرتن) لە یارییدا قەدەغە کرا.
* ساڵی ١٨٥٧/ دامەزراندنی یەکەم یانەی ئینگلیزی بۆ ئارەزوومەندان لە ژێر ناوی شیفیلد کلەپ.
* ساڵی ١٨٦٣/ یەکیتی تۆپی پێی ئینگلیزی دامەزرا.
* ساڵی ١٨٦٧/ یەکەمین دەزگای گشتی تایبەت بەتۆپی پێ لە ئینگلتەرە دامەزرا.
* ساڵی ١٨٦٩/ یاسایەك دەرکرا نابێ بەهیچ شێوەیەك دەست لە تۆپی پێ بەکار بهێندرێ.
* ساڵی ١٨٧٠/ لە ڕێگەی گەشتیاران و قوتابییە بەریتانییەکان شاری بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرژەنتین بە تۆپی پێ ئاشنابوو.
* ساڵی ١٨٧١/ یەکەم پاڵەوانێتی لە ئینگلتەرە ساز کرا ئەویش جامی یەکێتیی ئینگلیزی بوو.
* ساڵی ١٨٧٢/ لە ١١/٣ یەکەمین یاریی دۆستانە لە نێوان هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و هەڵبژاردەی سکۆتلەندە بەڕێوەچوو و یارییەکە بە بێ گۆڵ بەکۆتا هات.
* ساڵی ١٨٧٣/ لە ٨/٣ لە لەندەن دووەمین یاری لە نێوان ئینگلتەرە و سکۆتلەندە بەڕێوەچوو و یارییەکە لە بەرژەوەندی ئینگلیزەکان بە ئەنجامی ٤-٢ تەواو بوو.
* ساڵی ١٨٧٥/ ڕووبەری گۆڵ بەدرێژی ٢,٤٤ مەتر و پانی ٧,٣٤ مەتر دیاری کرا.
* ساڵی ١٨٧٨/ یەکەم جار فیکە لە لایەن ناوبژیوانەوە بەکار هێنرا ئەویش لە یاری نێوان شیفلد و نۆتنگهام فۆرست بوو. - یاسای بوونی ٣ ناوبژیوان لە هەر یارییەکدا پەسەند کرا.
* ساڵی ١٨٨١/ بۆ یەکەم جار ڕێگە بە ناوبژیوان درا بچێتە نێو یاریگە.
* ساڵی ١٨٨٢/ ئەنجوومەنی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی IFAB دامەزرا. - بۆ یەکەم جار ڕێگە درا لە ڕێگەی دەستەوە هەڵدانی لا ئەنجام بدرێت.
* ساڵی ١٨٨٨/ ئەو ساڵە بە فەرمی بە ڕۆژی لە دایکبوونی کۆنترین خول لەسەر ئاستی جیهاندا ژمێردرا دوای ئەوەی لە ٨ی ئاب یەکەم خولی تۆپی پێ لەسەر ئاستی وڵاتێك ئەویش ئینگلتەرە بوو. بیرۆکەی سازکردنی ئەو خولەش ولیام ماك لە یانەی ئەستۆن ڤێللا بوو.

* ساڵی ١٨٨٩/ یانەی بریستۆن نۆرت ئێند یەکەم نازناوی فەرمی لە ئینگلتەرە بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٨٩١/ بۆ یەکەم جار تۆڕ بۆ ستوونەکانی گۆڵ داندرا. – ناوچەی سزا دەستنیشان کرا و لێدانی سزاش کاری پێ کرا. – یەکەم خولی تۆپی پێ لە وڵاتانی سکۆتلەندە و ئەرژەنتین سازکرا.
* ساڵی ١٨٩٦/ کاتی یاری بە ٩٠ خولەك دیار کرا. – یەکەم خولی تۆپی پێ لە بەلژیکا و لە سوێد سازکرا.
* ساڵی ١٨٩٧/ درێژی یاریگە بە ٩٠ تا ١٢٠ مەتر و پانی بە ٤٥ تا ٩٠ مەتر دەستنیشان کرا. – یاریگەی پارك دی پرنس لە پاریس دروست کرا.
* ساڵی ١٨٩٨/ یاسای پەیڕەوکردنی ١١ یاریزان بۆ هەر تیپێك کاری پێ کرا.
* ساڵی ١٩٠٠/ لە دووەم پاڵەوانێتی ئۆڵۆمپیاد کە لە پاریس ئەنجام درا بۆ یەکەمین جار یاری تۆپی هاتە نێو یارییەکان و لە یاری کۆتاییدا ئینگلتەرە بە ئەنجامی ٤–٠ لە فەڕەنسای بردەوە و یەکەمین مەدالیای زێڕی تۆپی پێی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٠٤/ لە ٢١ی مانگی ئایار یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) لە پاریس دامەزرا. – ڕۆبێر جۆرانی فەڕەنسی بووە یەکەمین سەرۆکی فیفا. – لە ئۆلۆمپیادی سانت لویس هەڵبژاردەی کەنەدا بە ٤ گۆڵی بێ وەڵام لە هەڵبژاردەی ئەمەریکای بردەوە و مەدالیای زێڕی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٠٥/ ژمارەی یانەکانی ئینگلتەرە گەیشتە ١٠٠٠ یانە.
* ساڵی ١٩٠٦/ دانییێل یورلی وڵفوڵی ئینگلیزی بووە سەرۆکی فیفا.
* ساڵی ١٩٠٨/ لە ئۆلۆمپیادی لەندەن هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە هەڵبژاردەی دانیمارکی بردەوە و مەدالیای زێڕی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٠٩/ یەکەمین دێربی لە ئیتاڵیا لە نێوان ئینتەرمیلان و ئەی سی میلان ئەنجام درا و تێیدا ئەی سی میلان بەئەنجامی ٣–٢ یارییەکەی بردەوە.
* ساڵی ١٩١٠/ یاریگەی ئولد ترافۆرد لە مانچستەر دروست کرا.
* ساڵی ١٩١٢/ بۆ جاری دووەم لەسەر یەکتر ئینگلتەرە لە دانیمارکی بردەوە و مەدالیای زێڕی بەدەست هێنا بەڵام ئەمجارەیان لە ئولۆمپیادی ستۆکهۆڵم بوو.

* ساڵی ١٩١٤/ یانەی تۆرینۆی ئیتاڵی یەکەم یانە بوو گەشتێك بۆ ئەمریکای باشوور ئەنجام بدات.
* ماوەی نێوان ١٩١٤–١٩١٨/ بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی، پیاوان زۆربەی هەرە زۆریان لە گۆڕەپانەکانی شەڕ بوون، بۆیە یاری تۆپی پێ لە نێوان ئافرەتان پەرەی سەند.
* ساڵی ١٩١٦/ ئەنجامدانی پێشبڕکێی کوپا ئەمریکا لە ئەمریکای باشوور. تێیدا هەڵبژاردەی ئۆرگوای نازناوەکەی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٢٠/ یەکەم یاریی فەرمیی ئافرەتان لە یاریگەی جان دوبرۆل لە نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرە بەڕێوەچوو.
* ساڵی ١٩٢١/ لە ٣/١ لە ڕێگەی هەڵبژاردن جۆل ریمێ بووە سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.
* ساڵی ١٩٢٢/ شوێنی یاریزانی یەدەگ لەنێو یاریگە دەستنیشان کرا.
* ساڵی ١٩٢٣/ لە ٢٨ی نیسان یاریگەی ویمبلی کرایەوە و تێیدا بەئامادەبوونی ٢٠٠ هەزار کەس یاری کۆتایی جامی ئینگلتەرە بەڕێوەچوو. – تورکیا بووە ئەندامی ژمارە ٢٣ لە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.
* ساڵی ١٩٢٤/ سەرکەوتنەکانی ئۆرگوای لە یارییە ئۆڵۆمپییەکان کە لە پاریس ئەنجام درا ئەوەی نیشان دا کە یارییەکە بووەتە مایەی گرنگی پێدانی هەموو وڵاتانی جیهان. – یاریزانی پیشەگەر جێگەی خۆی لەنێو یانە ئەورووپییەکان کردەوە. – جۆل ریمێی



پارێزەر و سەرۆکی یەکێتی نێودەوڵەتیی تۆپی پێ بیرۆکەی پێشبڕکێیەکانی جیهانی خستە ڕوو و دواتر بڕیار درا بەئەنجامدانی پێشبڕکێیەکانی جیهانی هەر چوار ساڵ جارێك. پێشبڕکێیەکە ناو نرا جامی جیهان بۆ تۆپی پێ.
* ساڵی ١٩٢٥/ یاسای (دزەکردن) خرایە نێو یاساکانی تۆپی پێ.
* ساڵی ١٩٢٦/ دروستکردنی یاریگەی سان سیرۆ لە میلان (یاریگەی جیۆسبی میاتزا)
* ساڵی ١٩٢٨ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بەئەنجامی ١–٥ لە بەرامبەر سکۆتلەندە دۆڕا. ئەو

کات ئینگلیزەکان ئەو دۆڕاندنەیان بەکارەسات لە قەڵەم دا.

* ساڵی ١٩٢٩/ لە ٢٢ی تشرینی یەکەم لیڤ یاشین بەناوبانگترین گۆڵچیی تۆپی پێ لە مۆسکۆ لە دایك بوو. – لە کۆنگرەی کۆمەڵەی گشتی یەکێتی نێودەوڵەتی لە بەرشەلۆنە، ئورگوای بۆ سازدانی یەکەمین جامی جیهانی دەستنیشان کرا.

* ساڵی ١٩٣٠/ یەکەم پاڵەوانێتیی جامی جیهان لە ئۆرگوای بەڕێوەچوو. یاری کۆتاییش لە ٣٠ی تەمموز بەئامادەبوونی ٩٠ هەزار کەس لە یاریگای سنتیاریۆ لە مۆنتیڤیدیۆ لە نێوان ئۆرگوای و ئەرژەنتین بەڕێوەچوو. یارییەکەش بەئەنجامی ٤–٢ لە بەرژەوەندی ئۆرگوای بەکۆتا هات.

* ساڵی ١٩٣٤/ لە ١٠ی حوزەیران لە یاریی کۆتایی دووەم پاڵەوانێتیی جامی جیهان هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بەئەنجامی ٣–١ لە هەڵبژاردەی چیکۆسلۆڤاکیای بردەوە و جامەکەی بەدەست هێنا.

* ساڵی ١٩٣٦/ لوبنان چووە ڕیزی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.

* ساڵی ١٩٣٧/ یانەی مارسیلیا یەکەم پاڵەوانێتی فەڕەنسای بەدەست هێنا. – بۆ یەکەم جار یاری تۆپی پێ لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە گواسترایەوە، ئەویش لە ڕێگەی کەناڵی بی بی سی بوو. – کێشی تۆپی پێ لە ٣٩٦ گرامەوە بۆ ٤٥٣ گرام زیاد کرا.

* ساڵی ١٩٣٨/ بۆ جاری دووەم هەڵبژاردەی ئیتاڵیا جامی جیهانی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاریگەی کۆلۆمب لە فەڕەنسا بەئەنجامی ٤–٢ لە هەڵبژاردەی هەنگاریای بردەوە. – لە ١٠ی تەمموز بۆبی چارلتۆنی ئەفسانەی تۆپی پێی ئینگلیزی لە دایك بوو.

* ساڵی ١٩٣٩/ شەڕی دووەمی جیهان بەرپابوو. ئەڵمانیا فەڕەنسای داگیر کرد و بۆ دوو لەت دابەشی کرد. دوای ئەو دوو لەتبوونە هەر بەشێك خولێکی تۆپی پێی تایبەت بەخۆی بەڕێوە دەبرد.

* ساڵی ١٩٤١/ لە ٢١ی تشرینی یەکەم. باشترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێ چاوی بەدونیا هەڵهێنا ئەویش (ئەدسیۆن ئەرانتس دۆناسمینتۆ) یاخود پێلێیی ئەفسانەی تۆپی پێ.

* ساڵی ١٩٤٣/ لە ٢٣ی شوبات دینۆ زۆفی گۆڵچی بەناوبانگی ئیتاڵیا لە دایك بوو و تا تەمەنی ٤١ ساڵ و ٣ مانگیش یاری بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کرد. – یانەی مەرسیلیا بۆ جاری شەشەم نازناوی خولی فەڕەنسای بەدەست هێنا.

* سالّی ١٩٤٤/ لە ٨ی شوبات سیب مایەری پاسەوانی گۆڵی بەناوبانگی ئەڵمانیا لە دایك بوو.
* سالّی ١٩٤٥/ لە ١١ی ئەیلوول فرانز بیکنپاوەری قەیسەری ئەڵمانیا چاوی بەدونیا هەڵهێنا. ناوبراو لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دوو جار نازناوی جامی جیهانی بەدەست هێنا. جارێکیان وەکو یاریزان لە سالّی ١٩٧٤ و جارێکیشیان وەکو ڕاهێنەر لە سالّی ١٩٩٠.
* سالّی ١٩٤٦/ گەڕانەوەی ئینگلتەرە بۆ ڕیزی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.
* سالّی ١٩٤٨/ لە ٨ی مانگی تشرینی یەکەم یەکێتیی تۆپی پێی عێراق دامەزرا.
* سالّ ١٩٤٩/ ئەو فڕۆکە تایبەتەی یاریزانانی یانەی تۆرینۆی لە لشبۆنەوە هەڵگرتبوو لە کارەساتێکدا کەوتە خوارەوە و لە ئەنجامدا ٣٢ کوژراوی لێ کەوتەوە.
* سالّی ١٩٥٠/ لە ١٦ی تەمموز لەنێو یاریگەی ماراکانای بەناوبانگی بەڕازیلی و لە بەرامبەر ٢٠٠ هەزار کەس کە هاتبوونە یاری کۆتایی جامی جیهان. هەڵبژاردەی ئۆرگوای بەئەنجامی ٢–١ لە هەڵبژاردەی بەڕازیلی بردەوە و بۆ دووەم جار جامی جیهانی بەرزکردەوە. – لە ٢٣ی حوزەیرانی هەمان سالّ یەکێتی تۆپی پێی عێراق چووە ڕیزی نێودەوڵەتی.
* سالّی ١٩٥٢/ هەنگارییەکان بەپاڵپشتی پۆشکاش مەدالیای زێڕیان لە ئۆلۆمپیاد بەرزکردەوە، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەی یۆگسلاڤیایان بردەوە.
* سالّی ١٩٥٣/ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دوو جار لە هەڵبژاردەی هەنگاریای دۆڕاند. ٦–٣ لە لەندەن و ٧–١ لە بۆدابێست.
* سالّی ١٩٥٤/ دوای ئەوەی بەئەنجامی ٣–٢ لە هەڵبژاردەی سویسرای بردەوە، لە ٤ی حوزەیران ئەڵمانیا بۆ یەکەمین جار بووە پاڵەوانی جیهان.
* سالّی ١٩٥٥/ لە پێشنیازێکی گابرییێل هاڤۆی یاریزان و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ نوێنەرانی یانە گەورەکانی ئەوروپا کۆبوونەوە و بڕیاری ئەنجامدانی پاڵەوانێتی ئەوروپایان بۆ یانەکان دەرکرد.
* سالّی ١٩٥٦/ لە ١٣ی حوزەیران یەکەم یاری کۆتایی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوەچوو، ئەویش لە نێوان یانەی ڕیال مەدرید و یانەی ریمیسی فەڕەنسی

بوو و بەئەنجامی ٤–٣ لە بەرژەوەندی ڕیال بە کۆتا هات. یارییەکەش لە یاریگەی پارك دی پرێنس بەڕێوەچوو.

* ساڵی ١٩٥٧/ هەڵبژاردەی عێراق یەکەمین یاریی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر هەڵبژاردەی لیبیا ئەنجام دا و بە ٢ گۆڵی بێ وەڵام یارییەکەی بردەوە.

* ساڵی ١٩٥٨/ کارەساتێکی فڕۆکەوانی لە ٦ی شوبات ڕووی دا. ٨ کەس لەو ڕووداوەدا گیانیان لە دەست دا، لە نێوانیاندا ٨ یاریزانی یانەی مانچستەری تێدابوو. – هەڵبژاردەی بەڕازیل بەئەنجامی ٥–٢ لە هەڵبژاردەی سوێدی بردەوە و جامی جیهانی بەدەست هێنا و جۆستن فۆنتێنی فەرەنسیش بەتۆمارکردنی ١٣ گۆڵ نازناوی گۆڵکاری بەدەست هێنا. – بڕیاری ئەنجامدانی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا درا.

* ساڵی ١٩٦٠/ بیرۆکەی جامی جامەکانی ئەوروپا خرایە بەر باس. – یانەی مۆناکۆ جامی فەرەنسای بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامدانی ٤–٢ لە یانەی سانت ئیتیانی بردەوە. – هەڵبژاردەی یەکێتی سۆڤیەت جامی نەتەوەکانی ئەوروپای بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی ٢–١ لە هەڵبژاردەی یۆگسلافیای بردەوە. – یانەی ڕیال مەدرید بەئەنجامی ٥–١ لە یانەی پێناڕۆلی ئۆرگوایانی بردەوە و یەکەمین جامی ئینتەر کۆنتینێنتالی بەرزکردەوە. لە سەرەتای ١٠ خولەکی یارییەکەدا پۆشکاش ٣ گۆڵی تۆمار کرد. – لە ١٠/١٠ دیێگۆ ئەرماندۆ مارادۆنای یەکێك لە یاریزانە هەرە باشەکانی جیهان لە دایك بوو.

* ساڵی ١٩٦١/ بۆ یەکەم جار یانەی مۆناکۆ پاڵەوانێتی فەرەنسای بەدەست هێنا.

* ساڵی ١٩٦٢/ هەڵبژاردەی بەڕازیل بۆ دووەم جار بووە پاڵەوانی جیهان دوای ئەوەی بەئەنجامی ٣–١ لە هەڵبژاردەی چیکۆسلۆڤاکیای بردەوە. هەر لە ساڵی ١٩٦٢دا پێلێ توانی هاتریك (٣ گۆڵ) بۆ یانەی سانتۆسی بەڕازیلی تۆمار بکات و لە بەنفیکای پورتوگالی ببەنەوە و جامی ئینتەر کۆنتینێنتال بەدەست بهێنن.

* ساڵی ١٩٦٣/ بە یارمەتیی ٣ گۆڵی پێلێ، هەڵبژاردەی بەڕازیل بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە هەڵبژاردەی فەرەنسای بردەوە.

* ساڵی ١٩٦٤/ بەسەرپەرشتیی هیلینۆ هێرێرای باشترین ڕاهێنەر لە جیهان و خاوەنی پلانی لیبرۆ، یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – هەڵبژاردەی ئیسپانیا جامی ئەوروپای بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامی ٢–١ لە هەڵبژاردەی

یەکێتی سۆڤیەتی بردەوە

* ساڵی ١٩٦٥/ دوای ئەوەی بەئەنجامی ١–٠ لە یانەی بەنفیکای پورتوگالی بردەوە، یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی بۆ جاری دووەم نازناوی پاڵەوانی یانەکانی ئەوروپای بەدەست هێنا. – یانەی نانت بووە پاڵەوانی فەرەنسا.

* ساڵی ١٩٦٦/ لە ڕووداوێکی سەیردا بەر لە دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی لە ئینگلتەرە، جامەکە لە لایەن هاوولاتییەکی ئینگلیزی دزرا و بەرێکەوت دۆزرایەوە. – لە یاری کۆتایی کە لە ڕێکەوتی ٣٠ حوزەیران بەڕێوەچوو. بەچەند هەڵەیەکی ناوبژیوان هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە یاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای بردەوە و بووە پاڵەوانی جیهان.

* یاریگەی نێودەوڵەتیی شەعب لە بەغدا کرایەوە و لە یەکەمین یارییدا هەڵبژاردەی عێراق بەئەنجامی ١–٧ بەیانەی بەنفیکای پورتوگالی دۆڕا.

ساڵی ١٩٦٧/ بەر لە لێدانی تۆپ لە لایەن پاسەوانی گۆڵ، پێویستە تۆپەکە بۆ جارێك بەر زەوی بکەوێت، ئەمە یاسایەکی نوێی تۆپی پێ بوو و لەو ساڵەدا کاری پێ کرا. – یانەی سێلتیك گلاسکۆی سکۆتلەندی پاڵەوانێتیی ئەوروپای بەدەست هێنا.

* ساڵی ١٩٦٨/ بۆ یەکەم جار ڕێگە درا بەدانانی ڕیکلام لەسەر درێسی یاریزانان. – یانەی مانچستەر یونایتد لەسەر حسابی یانەی بەنفیکا بووە پاڵەوانی ئەوروپا و بەئەنجامی ٤–١ لێی بردەوە. – هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دوای ئەوەی بەئەنجامی ٢–٠ لە هەڵبژاردەی یۆگسلاڤیای بردەوە نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای بەدەست هێنا. – یاسای گۆڕینی یاریزانی سەرەکی بەیاریزانی یەدەگ کاری پێ کرا.

* ساڵی ١٩٦٩/ لە ١٩ی تشرینی یەکەم پێلێ گۆڵی ژمارە ١٠٠٠ی تۆمار کرد. – لە فەرەنسا کار بەبۆندی دیاریکردنی یاریزانان کرا. – لە یاری کۆتایی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی بەئەنجامی ٤–١ لە یانەی ئەجاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بردەوە.

* ساڵی ١٩٧٠/ لە ٢١ی حوزەیران لە یاری کۆتایی جامی جیهان هەڵبژاردەی بەڕازیل بەئەنجامی ٤–١ لە هەڵبژاردەی ئیتاڵی بردەوە و تا هەتا جامی جوڵ ڕێمێی لە باوەش گرت.

* ساڵی ١٩٧١/ لە ٢ی کانوونی دووەم ٦٦ کەس بەهۆی ڕووخانی پارچەیەك لە دیواری

یاریگەی ئیبرۆکس پارك لە گلاسکۆ گیانیان لە دەست دا. – ناوی جامی پیشانگای شارەکان گۆڕدرا و ناوی بووە جامی یەکێتیی ئەوروپا. – لیڤ یاشینی پاسەوانی گۆڵی ئەفسانەی ڕووسیا بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا. – یانەی ئەجاکسی هۆڵەندی بەئەنجامی ۲–۰ یانەی پاناتینایکۆسی یۆنانی بردەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بووە پاڵەوانی ئەوروپا.

* ساڵی ۱۹۷۲/ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە ۳ گۆڵی بێ بەرامبەر گۆڵبارانی هەڵبژاردەی یەکێتیی سۆڤیەتی کرد و بووە پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا. – لە ۲۳ی نیسان زەینەدین زیدانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە دایك بوو. – هەڵبژاردەی پۆڵەندە بەئەنجامی ۲–۱ لە هەڵبژاردەی هەنگاریای بردەوە و بووە بەربەست لەوەی هەنگاریا بۆ جاری چوارەم مەدالیای زێڕ لە ئۆڵۆمپیاد بەدەست بهێنێت.
* ساڵی ۱۹۷۳/ یانەی ئەجاکس لە یانەی بایرن میونیخی بردەوە و بۆ سێیەم جار بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – یاسای (Bonus) لە فەرەنسا کاری پێکرا. بەپێی ئەو یاسایەش خاڵێکی دیکە بۆ ئەو تیپە زیاد دەکرێت کە ۳ گۆڵ تۆمار دەکات.
* ساڵی ۱۹۷٤/ دوای ئەوەی بەئەنجامی ۳ گۆڵی بێ بەرامبەر لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بردەوە، یانەی بایرن میونیخ بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – هەڵبژاردەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دوای ئەوەی بەئەنجامی ۲–۱ لە هەڵبژاردەی هۆڵەندەی بردەوە، جامی جیهانی بەرز کردەوە.
* ساڵی ۱۹۷٥/ بایرن میونیخ بەئەنجامی ۲–۰ لە لیدزی بردەوە و بەپاڵەوانی ئەوروپا مایەوە.
* ساڵی ۱۹۷٦/ بە فەرمی کارتەکانی زەرد و سوور لە لایەن ناوبژیوانەوە کاریان پێ کرا. – ئەڵمانیا بووە خاوەنی مەدالیای زێڕ لە ئۆڵۆمپیادی مۆنتریال. – لە ۲۰ی حوزەیرانی هەمان ساڵ هەڵبژاردەی چیك بەئەنجامی ٥–۳ بە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە لە ئەڵمانیای بردەوە و بووە پاڵەوانی نەتەوەکانی ئەوروپا.
* ساڵی ۱۹۷۷/ فەرەنسا بووە بەربەست لە بەردەم بردنەوە یەکلەدوای یەکەکانی ئەڵمانیا کاتێ دوای ۲۱ بردنەوە، بەئەنجامی ۲–۱ سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیای وەستاند. – یۆڤنتۆسی ئیتاڵی یەکەم نازناوی ئەوروپی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەئەنجامی ۳–۱ لە یانەی منشنگلادباخی

ئەڵمانی بردەوە. – لە ١ی ئەیلوول پێلێ لە نیویۆرك كۆتایی بەژیانی وەرزشی هێنا. لە دوا یاریش كە لە یاریگای جانێت ستادیۆم لە نیویۆرك، پێلێ گۆڵی ١٢٨١ی خۆی تۆماركرد. – فرانز بیكنپاوەر چووە ڕیزی یانەی كۆزمۆسی ئەمریكی. – یەكێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی پاڵەوانێتی جامی جیهانی بۆ لاوانی خوار تەمەنی ١٩ ساڵان پەسەند كرد و یەكەمین جامی لاوان لە تونس سازكرا. تێیدا یەكێتی سۆڤیەت و مەكسیك گەیشتنە یاری كۆتای. دوای یەكسان بوونی هەردوو لا. بەلێدانی یەكلاكەرەوە ٥ –٤ یەكێتی سۆڤیەت نازناوەكەی بەدەست هێنا. – لە شارۆچكەی نەفر نزیك لە عەفەك لە شاری دیوانییە پۆستەرێكی كۆنی لە بەرد دروستكراو دۆزرایەوە كە بۆ ساڵی ١٩٠٠ پێش زایین دەگەڕێتەوە تێیدا وێنەی پیاوێك نەخشێندراوە بەهەردوو قاچی یاری بە تۆپێك دەكات.

* ساڵی ١٩٧٨/ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە ٢٥ی حوزەیران بۆ یەكەمین جار بووە پاڵەوانی مۆندیال، دوای ئەوەی لە یاری كۆتایی جامی جیهان بەئەنجامی ٣–١ لە هەڵبژاردەی هۆڵەندەی بردەوە.
* ساڵی ١٩٧٩/ بە پاڵپشتی پیتەر شلتۆنی گۆڵچی، یانەی نۆتینگهام فۆرست بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – دوای ئەوەی بەئەنجامی ٣–١ لە هەڵبژاردەی یەكێتی سۆڤیەتی بردەوە، هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە نێو وڵاتی ژاپۆن مۆندیالی لاوانی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٨٠/ دوای بردنەوەی بەئەنجامی ١–٠ لە یانەی هامبۆرگ، یانەی نۆتینگهام فۆرست بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – هەڵبژاردەی ئەڵمانیا جامی نەتەوەكانی ئەوروپای بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری كۆتایی بەئەنجامی ٢–١ لە هەڵبژاردەی بەلژیكای بردەوە. – هەڵبژاردەی چیكۆسلۆڤاكیا مەدالیای زێڕی ئۆلۆمپیادی مۆسكۆی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٨١/ دوای ئەوەی لە یاریگەی (پارك دی پرینس) بەئەنجامی ١–٠ لە یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بردەوە، یانەی لیڤەرپووڵی ئینگلیزی بۆ جاری سێیەم بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – بە ٤ گۆڵی بێ وەڵام ئەڵمانیا لە قەتەری بردەوە و نازناوی مۆندیالی لاوانی بەدەست هێنا.
* ساڵی ١٩٨٢/ دوای ٢٠ ساڵ لە ڕووبەڕووبونەوە هەڵبژاردەی فەڕەنسا بۆ یەكەمین جار لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیای بردەوە. – یانەی ئەستۆن ڤێللای ئینگلیزی بەئەنجامی

١–٠ لە یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – لە ڕێکەوتی ١١ی تەمموز لە یاری کۆتایی مۆندیالدا هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بەئەنجامی ٣–١ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە و جامی جیهانی بەدەست هینا

* ساڵی ١٩٨٣/ بەئەنجامی ١–٠ یانەی هامبۆرگی ئەڵمانی لە یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – پلاتینی تۆپی زێڕینی وەرگرت. – بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردەی لاوانی بەڕازیل جامی جیهانی لاوانی بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامی ١–٠ لە ئەرژەنتینی بردەوە.

* ساڵی ١٩٨٤/ لیڤەرپووڵی ئینگلیزی لە ڕۆمای ئیتاڵی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – هەڵبژاردەی فەڕەنسا جامی نەتەوەکانی ئەوروپای بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر لە هەڵبژاردەی ئیسپانیای بردەوە.

* ساڵی ١٩٨٥/ ئاگر بەربوون لە شوێنی دانیشتنی جەماوەر لە یاریگای برادفۆرد بووە هۆی کوژرانی ٥٦ کەس و بریندارببوونی ٢٠٠ کەس و ونبوونی ١٨ کەس. – لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئایار کارەساتی یاریگەی هیسل ڕووی دا. لەم یارییەشدا یانەی یۆڤنتۆس بەئەنجامی ١–٠ لە یانەی لیڤەرپووڵی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا. گۆڵەکەش بەلێدانی سزا لە لایەن پلاتینی تۆمار کرا. – یانەی یۆڤنتۆس جامی ئینتەرکۆنتینێنتالی بەدەست هێنا. – بۆ جاری دووەم بەڕازیل لە یاری کۆتایی مۆندیالی لاوان بەئەنجامی ١–٠ دەباتەوە و نازناوەکە بەدەست دەهێنێ، بەڵام ئەمجارەیان لە بەرامبەر ئیسپانیا بوو. – یەکەمین پاڵەوانێتیی جیهان بۆ تازە پێگەیشتووان لە وڵاتی چین سازکرا، تێیدا نێجیریا بەئەنجامی ٢–٠ لە ئەڵمانیای بردەوە و یەکەمین جامی جیهانی تازەپێگەیشتووانی بەرز کردەوە.

* ساڵی ١٩٨٦/ لە ٢٩ی حوزەیران بەپاڵپشتی مارادۆنا، ئەرژەنتین جامی جیهانی بەدەست هێنا، دوای ئەوەی بەئەنجامی ٣–٢ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە. – هەڵبژاردەی عێراق بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا گەیشتە کۆتاییەکانی جامی جیهان.

* ساڵی ١٩٨٧/ میشێل پلاتینی بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا و ئەریك کانتۆنا هاتە ڕیزی هەڵبژاردەی فەڕەنسا. – تازە پێگەیشتووانی یەکێتی سۆڤیەت و نێجیریا بەئەنجامی ١–١ یەکسان بوون، دواتر بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە ٤–٢ سۆڤیەت

جامەکەی بەرزکردەوە. – دوای ئەوەی یۆگسلافیا و ئەڵمانیا بەئەنجامی ١–١ یەکسان بوون، بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە یۆگسلافیا مۆندیالی لاوانی بەدەست هێنا.

* ساڵی ١٩٨٨/ لە وەرزی زێرینی وڵاتی هۆڵەندە لە دوای ئەوەی بەئەنجامی ٢–٠ لە هەڵبژاردەی سۆڤیەتی بردەوە، هەڵبژاردەی هۆڵەندە بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی بووە پاڵەوانی ئەوروپا و یانەی ئەجاکسیش گەیشتە یاری کۆتایی.

* ساڵی ١٩٨٩/ لە ١٥ی نیسان بەهۆی دەستنەکەوتنی بلیتی چوونە ژوورەوە، شەڕ و پێکدادانێکی گەورە لە یاریگەی شیفیڵد ڕووی دا، ئەو ئاژاوەیە بووە هۆی کوژرانی ٩٥ کەس و برینداربوونی ٢٠٠ کەس. – یانەی ئەی سی میلان بووە پاڵەوانی ئەوروپا، دوای ئەوەی بەئەنجامی ٤–٠ لە یانەی ستیوا بوخارستی ڕۆمانی بردەوە. – لە وڵاتی سعودیە هەڵبژاردەی لاوانی پورتوگال بەئەنجامی ٢–٠ لە هەڵبژاردەی لاوانی نێجیریای بردەوە و نازناوی مۆندیالی لاوانی بەدەست هینا. – لە وڵاتی سکۆتلەندە تازەپێگەیشتووانی سعودیە بە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە ٥–٤ لە سکۆتلەندەی خانەخوێی بردەوە و جامی جیهانی تازەپێگەیشتووانی بەرزکردەوە.

* ساڵی ١٩٩٠/ بەر لە تێکدانی دیواری بەرلین، لە ٨ی حوزەیران هەڵبژاردەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەئەنجامی ١–٠ لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی بردەوە و بووە پاڵەوانی جیهان.

* ساڵی ١٩٩١/ یانەی (ڕێد ستار)ی یۆگسلافی لە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیی ئەوروپا بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە لە یانەی مەرسیلیای فەڕەنسی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – بۆ جاری دووەم لەسەر یەکتر پورتوگال مۆندیالی لاوانی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بەئەنجامی ٤–٢ بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە لە بەڕازیلی بردەوە. – لە وڵاتی ئیتاڵیا تازەپێگەیشتووانی گانا و ئیسپانیا لە یاری کۆتایی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان بەیەك گەیشتن. یارییەکە لە بەرژەوەندیی گانا بە ١–٠ بەکۆتا هات. – ئافرەتانی ئەمریکا دوای بردنەوەیان بەئەنجامی ٢–١ لە نەروێژ توانییان یەکەمین جامی جیهانی ئافرەتان بەرز بکەنەوە.

* ساڵی ١٩٩٢/ پەیڕەوکردنی یاسای قەدەغەکردنی گەڕانەوەی تۆپ لە ڕێگەی قاچ لە لایەن یاریزانی تیپێك بۆ گۆڵچییەکەی خۆی. – ئەرژەنتین بەئەنجامی ٣–١ لە سعودیەی بردەوە و یەکەمین جامی کیشوەرەکانی بەدەست هێنا. – لە ٢٦ی حوزەیران هەڵبژاردەی دانیمارك بەئەنجامی ٢–٠ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە و بووە

پاڵەوانی ئەوروپا. – ئیسپانیا مەدالیای زێڕی لە ئۆڵۆمپیادی بەرشلۆنە بەدەست هێنا.

* ساڵی ۱۹۹۳/ کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی هەڵبژاردەی زامبیا. – لە ۲٦ی ئایار یانەی مەرسیلیای فەڕەنسی بووە پاڵەوانی ئەوروپا دوای ئەوەی بەئەنجامی ۲–۰ لە یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی بردەوە. – هەڵبژاردەی لاوانی بەڕازیل بەئەنجامی ۲–۱ لە لاوانی گانای بردەوە و بووە پاڵەوانی مۆندیالی لاوان.

* ساڵی ۱۹۹٤/ لە ۱۷ی تەمموز بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە هەڵبژاردەی بەڕازیل لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیای بردەوەو بووە پاڵەوانی جیهان. – بەهۆی بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی مارادۆنای سزا دا. – ئەریك كانتۆنای یاریزانی بەتوانا لە کردەوەیەکی نابەجێدا لە یەکێك لە هاندەرانی دا. – ئەرژەنتین بەدوو گۆڵی بێ وەڵام لە بەڕازیلی بردەوە و نازناوی مۆندیالی لاوانی بەدەست هێنا. – بەئەنجامی ۳–۲ گانا لە بەڕازیلی بردەوە و بووە پاڵەوانی مۆندیالی تازە پێگەیشتووان.

* ساڵی ۱۹۹٦/ لە یاریگەی ویمبلی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر لە هەڵبژاردەی چیکی بردەوە. گۆڵەکەش لە لایەن یاریزان ئۆلیڤەر بێرهۆفەوە تۆمار کرا. لە ئەنجامدا ئەڵمانیا بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – لە یاری کۆتایی ئۆڵۆمپیادی ئەتلانتا هەڵبژاردەی نێجیریا لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە و بووە خاوەنی مەدالیای زێڕ.



* ساڵی ۱۹۹۷/ یاسایەکی نوێی تۆپی پێ پەیڕەو کرا کە ئەمە دەقەکەیەتی: نابێ پاسەوانی گۆڵ تۆپ بگرێتەوە کاتێك یاریزانێکی هەمان تیپ لە ڕێگەی لێدانی لاوە تۆپی بۆ بگەڕێنێتەوە. – یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بووە پاڵەوانی جامی جامەکانی ئەوروپا. – ئەو کات خێراترین گۆڵ لە یاری تۆپی پێ لە یاری نێوان یانەی چێڵسی و یانەی میدلزبرۆ لە یاری کۆتایی جامی ئینگلتەرە تۆمار کرا ئەویش لە چرکەی ٤۳ی یارییەکە لە لایەن ڕۆبێرت دی ماتیۆ تۆمار کرا. – یانەی دۆرتمۆندی ئەڵمانی بەئەنجامی ۳–۱ لە یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا.

– هەڵبژاردەی بەڕازیل بەئەنجامی ٦–١ لە هەڵبژاردەی ئوستралیای بردەوە و یەکەمین جامی کیشوەرەکانی بەرزکردەوە. – ئەرژەنتین بەئەنجامی ٢–١ لە ئۆرگوای بردەوە و نازناوی مۆندیالی لاوانی لە باوەش گرت. – بەڕازیل تۆڵەی خۆی لە گانا کردەوە دوای ئەوەی بەئەنجامی ٢–١ لێی بردەوە و بووە پاڵەوانی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان.

* ساڵی ١٩٩٨/ لە ١٢ی تەمموز فەڕەنسا بۆ یەکەمین جار بووە پاڵەوانی جیهان کاتێ لە یارییەکی مێژوویدا بەئەنجامی ٣–٠ لە بەڕازیلی بردەوە. – بەتاکە گۆڵی میاتۆڤیچی یۆگسلاڤی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی لە یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا.
* ساڵی ١٩٩٩/ یانەی مانچستەر یونایتد نازناوەکانی پاڵەوانێتیی ئینگلتەرە و جامی ئینگلتەرە و جامی پاڵەوانی ئەوروپا و جامی ئینتەر کۆنتینێنتالی بەدەست هێنا.
* ساڵی ٢٠٠٠/ ماوەی ٦ چرکە بۆ پاسەوانی گۆڵ تەرخان کرا بۆ ئەوەی واز لە تۆپ بهێنێت. – دوای ئەوەی بەئەنجامی ٢–١ لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیای بردەوە، هەڵبژاردەی فەڕەنسا بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – لە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیی ئەوروپا بۆ یانەکان، ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەئەنجامی ٣–٠ لە یانەی ڤالانسیای بردەوە.
* ساڵی ٢٠٠١/ لاوانی ئەرژەنتین ٣ گۆڵی لە گانا کرد و بووە پاڵەوانی لاوانی جیهان. – تازەپێگەیشتووانی فەڕەنسا لە تازەپێگەیشتووانی مالیی بردەوە و بووە پاڵەوانی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان.
* ساڵی ٢٠٠٢/ هەڵبژاردەی بەڕازیل بەئەنجامی ٢–٠ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە و بۆ جاری پێنجەم جامی جیهانی بەرز کردەوە. هەر لەو پاڵەوانێتییەدا ڕۆناڵدۆی بەڕازیلی ٨ گۆڵی تۆمار کرد و بووە گۆڵکاری پاڵەوانێتییەکە. هەمان ساڵ یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەئەنجامی ٢–٠ لە یانەی بایەر لیڤەرکوزنی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئەوروپا. – لاوانی کۆریای باشوور بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر لە لاوانی ژاپۆنی بردەوە و بووە پاڵەوانی ئاسیا.
* ساڵی ٢٠٠٣/ بەڕازیل لە ئیسپانیای بردەوە و جامی جیهانی لاوانی بەرزکردەوە. – بەئەنجامی ١–٠ بەڕازیل لە ئیسپانیای بردەوە و بووە پاڵەوانی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان.
* ساڵی ٢٠٠٤/ یانەی پۆرتۆی پورتوگالی بووە پاڵەوانی ئەوروپا و یانەی ڤالانسیای

ئیسپانیش جامی یەکێتیی ئەوروپای بەرزکردەوە.

* ساڵی ٢٠٠٥/ مەکسیك بەئەنجامی ٣–٠ لە بەرازیلی بردەوەو بووە پاڵەوانی مۆندیالی تازەپێگەیشتووان.

* ساڵی ٢٠٠٦/ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە لە هەڵبژاردەی فەرەنسای بردەوە و جامی جیهانی بەرزکردەوە. – زەینەدین زیدانی ئەستێرەی تۆپی پێی فەرەنسی دوای ئەنجامدانی یارییەکی دراماتیکی لە دوایاریی مۆندیالی ئەڵمانیا و وەرگرتنی کارتی سوور لە دوای چرکەی یارییدا بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هینا. – ئوسترالیا هاتە ریزی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا.

* ساڵی ٢٠٠٧/ جۆزیف سیب بلاتەر بەسەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی هەڵبژێردرایەوە. – بۆ جاری شەشەم ئەرژەنتینییەکان توانییان مۆندیالی لاوان بەدەست بهێنن دوای ئەوەی لە لاوانی وڵاتی چیکیان بردەوە. – بۆ یەکەمین جار لە مێژوویدا هەڵبژاردەی عێراق جامی نەتەوەکانی ئاسیای ١٤هەمی بەرزکردەوە کاتێ لە یاری کۆتایی بەئەنجامی ١–٠ لە هەڵبژاردەی سعودیەی بردەوە. – لە ٢٩ی ئەیلوول هەڵبژاردەی ئافرەتانی ئەڵمانیا بە ٢–٠ لە بەرازیلی بردەوە و بووە پاڵەوانی جیهان. – ریکاردۆ کاکای ئەستێرەی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی خەڵاتی تۆپی زێرینی پێ بەخشرا.



# بەشی سێیەم

# چالاکییەکانی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی

# FIFA

## بەشی سێیەم

# چالاکییەکانی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی FIFA

گەورەترین دەزگای تۆپی پێیە لە جیهاندا، لە ۲۱ی ئایاری ساڵی ۱۹۰٤ لە بارەگای یەکێتی فەرەنسی بۆ یارییە وەرزشییەکان و بەئامادەبوونی یەکێتییەکانی تۆپی پێی فەرەنسا و بەلژیکا و سویسرا و هۆڵەندا و ئیسپانیا و سوێد و دانیمارك، یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی دامەزرا و بە fifa ناودەبرێ . ئەم وشەیە لە (Federation International de Football Association) هاتووە. بارەگای یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە شاری زیوریخ لە وڵاتی سویسرایە.

لە ۲۲ی ئایاری هەمان ساڵ وڵاتە دامەزرێنەرەکان کۆبوونەوە و بە کۆی دەنگ ڕۆبێر جۆرانی فەرەنسییان بە سەرۆکی یەکێتییەکە و ڤیکتۆر شنایدەری سویسری و کارل ئەنتوانی هۆڵەندییان بەجێگیرانی سەرۆك و لویس مۆلینگهاوسی بەلژیکی بەسکرتێری یەکێتییەکە و لۆدڤینگ سیلۆفی دانیمارکی بەجێگری سکرتێریان هەڵبژارد.

### نوێنەرانی وڵاتە دامەزرێنەرەکان:

١- لویس مۆلینگهاوس و ماکس کین/ بەلژیکا

٢- ڕۆبەرت جوران/ فەرەنسا

٣- کارل ئەنتوان و ویلیام هیرشمان/ هۆڵەندە

٤- ئەندرێ ئاسبەر/ ئیسپانیا

٥- لۆدڤیگ سیلۆ/ سوێد

٦- ڤیکتۆر ئای شنایدەر/ سویسرا

لەو کاتەوە تاکو ئێستا یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی سەرپەرشتیی ئەم پێشبڕکێیانە دەکات:

١- جامی جیهان

٢- جامی جیهانیی لاوان

٣- جامی جیهانیی تازە پێگەیشتووان

٤- جامی جیهانیی ئافرەتان

٥- جامی جیهانیی هۆڵە داخراوەکان

٦- تۆپی پێ لە ئۆلۆمپیادەکان

٧- جامی کێشوەرەکان

٨- جامی جیهانیی یانەکان

## سەرۆکە یەك لەدوای یەکەکانی فیفا

ڕۆبێر جۆرانی فەڕەنسی لە ١٩٠٤ تا ١٩٠٦

دانییل یورلی ولفۆلی ئینگلیزی لە ١٩٠٦ تا ١٩٢١

جۆل ریمێی بەڕازیلی لە ١٩٢١ تا ١٩٥٤

رۆدلف ویلیامی بەلژیکی ١٩٥٤ تا ١٩٥٥

ئارتەر دیرۆری ئینگلیزی لە ١٩٥٥ تا ١٩٦١

ستانلی راوسی ئینگلیزی لە ١٩٦١ تا ١٩٧٤

جواو هاڤیلانجی بەڕازیلی لە ١٩٧٤ تا ١٩٩٨

جۆزێف سیب بلاتەری سویسری لە ١٩٩٨ تاکو ئێستا.

## مێژووی جامی جیهان (مۆندیال)

بیرۆکەی ڕێکخستنی پاڵەوانێتیی جامی جیهان بۆ تۆپی پێ بۆ (رۆبێر جۆران)ی فەڕەنسی دەگەڕێتەوە. جۆران هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لە ساڵی ١٩٠٤ یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.

لە ساڵی ١٩٢٩ لەسەر دەستی جۆل ڕیمێی پارێزەری فەڕەنسی بیرۆکەکە بووە ڕاستی، ئەویش لە کاتی کۆبوونەوەی یەکێتیی نێودەوڵەتی لە شاری بەرشلۆنەی ئیسپانی. هەر لەو کۆبوونەوەدا بڕیار درا لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەمین پاڵەوانێتی جامی جیهان لە وڵاتی ئۆرگوای بەڕێوە بچێت. پاڵەوانێتییەکە ناو نرا (خەڵاتی جۆل ریمێ) ئەو ناوە تاکو پاڵەوانێتیی ١٩٧٠ لە مەکسیك بەردەوام بوو. پاشان ناونرا جامی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی یان جامی فیفا.

## بۆچی ئۆرگوای بۆ یەکەمین پێشبڕکێی جامی جیهان تەرخان کرا؟

هەڵبژاردەی ئۆرگوای لە ساڵانی ١٩٢٤ – ١٩٢٨ خەڵاتی زێڕینی دوو ئۆڵۆمپیادی بەدەست هێنا و هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو، جگە لەوە یاریگایەکی نێودەوڵەتیی نوێی هەبوو جێگەی ٩٠ هەزار کەسی تێدا دەبۆوە. ئەم هۆکارانە سەرەکی بوون بۆ ئەو دەستنیشانکردنە. دەستنیشانکردنی ئۆرگوای بووە مایەی تووڕەیی وڵاتانی ئەوروپا، بۆیە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەشدارییان لەو پاڵەوانێتییە نەکرد، ئەم بڕیارە وای کرد ئینگلتەرە لە ئەندامێتی یەکێتیی نێودەوڵەتی بکشێتەوە. لە ڕۆژی دەستپێکردندا چوار وڵاتی ئەوروپی بەشدارییان کرد ئەوانیش: فەرەنسا، ڕۆمانیا، بەلژیکا، یۆگسلافیا بوون.

## جامەکانی پاڵەوانێتی جیهان



١– جامی جوڵ ریمێ: درێژی ٣٠ سانتیمەتر و کێشی ٤ کیلۆ گرامە. لە دیزاینی ئیلی لافلۆری هونەرمەندی بەناوبانگە و لە زێڕی عەیار ١٨دروست کراوە. بەهۆی بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال بۆ ٣ جار، بەڕازیل تا هەتا جامەکەی پێ بەخشرا.

٢– جامی جیهان: سلڤیۆ کاوابیکای هونەرمەندی ئیتاڵی جامەکەی دروست کردووە. درێژی ٣٦ سانتیمەترە و کێشی ٥ کیلۆگرامە و لە زێڕی عەیار ١٨ دروست کراوە.

# جامی جیهان ١٩٣٠-٢٠٠٦

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم | ژ. گۆڵەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٣٠ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | ئەرژەنتین | ٧٠ |
| ٢ | ١٩٣٤ | ئیتاڵیا | ئیتاڵیا | چیکۆسلۆڤاکیا | ٦٨ |
| ٣ | ١٩٣٨ | فەڕەنسا | ئیتاڵیا | هەنگاریا | ٨٤ |
| ٤ | ١٩٥٠ | بەڕازیل | ئۆرگوای | بەڕازیل | ٨٨ |
| ٥ | ١٩٥٤ | سویسرا | ئەڵمانیا | هەنگاریا | ١٢٧ |
| ٦ | ١٩٥٨ | سوێد | بەڕازیل | سوێد | ١٢٥ |
| ٧ | ١٩٦٢ | چیلی | بەڕازیل | چیکۆسلۆڤاکیا | ٨٥ |
| ٨ | ١٩٦٦ | ئینگلتەرە | ئینگلتەرە | ئەڵمانیا | ٨٩ |
| ٩ | ١٩٧٠ | مەکسیك | بەڕازیل | ئیتاڵیا | ٩٥ |
| ١٠ | ١٩٧٤ | ئەڵمانیا | ئەڵمانیا | هۆڵەندا | ٩٧ |
| ١١ | ١٩٧٨ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | هۆڵەندا | ١٠٢ |
| ١٢ | ١٩٨٢ | ئیسپانیا | ئیتاڵیا | ئەڵمانیا | ١٤٦ |
| ١٣ | ١٩٨٦ | مەکسیك | ئەرژەنتین | ئەڵمانیا | ١٣٢ |
| ١٤ | ١٩٩٠ | ئیتاڵیا | ئەڵمانیا | ئەرژەنتین | ١١٦ |
| ١٥ | ١٩٩٤ | ئەمریکا | بەڕازیل | ئیتاڵیا | ١٤١ |
| ١٦ | ١٩٩٨ | فەڕەنسا | فەڕەنسا | بەڕازیل | ١٧١ |
| ١٧ | ٢٠٠٢ | کۆریا و ژاپۆن | بەڕازیل | ئەڵمانیا | ١٦١ |
| ١٨ | ٢٠٠٦ | ئەڵمانیا | ئیتاڵیا | فەڕەنسا | ١٤٨ |

# گۆڵکارانی مۆندیال

| ژ | ساڵ٢٠٠٦ | گۆڵکار | ژ.گۆڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٣٠ | مۆستابیلی ئەرژەنتینی | ٨ |
| ٢ | ١٩٣٤ | نیگادیلی چیکۆسلۆڤاکی | ٤ |
| ٣ | ١٩٣٨ | لیۆنیداسی بەڕازیلی | ٨ |
| ٤ | ١٩٥٠ | ئەدمیری بەڕازیلی | ٧ |
| ٥ | ١٩٥٤ | ساندرۆ کۆشیشی هەنگاری | ١١ |
| ٦ | ١٩٥٨ | جۆست فۆنتینی فەڕەنسی | ١٣ |
| ٧ | ١٩٦٢ | درازن یەرکۆفیچی یۆگسلافی | ٥ |
| ٨ | ١٩٦٦ | ئۆزبیۆی پورتوگالی | ٩ |
| ٩ | ١٩٧٠ | گێرد مۆلەری ئەڵمانی | ١٠ |
| ١٠ | ١٩٧٤ | گریگۆر لاتۆی پۆڵەندی | ٧ |
| ١١ | ١٩٧٨ | ماریۆ کێمبسی ئەرژەنتینی | ٦ |
| ١٢ | ١٩٨٢ | پاولۆ رۆسی ئیتاڵی | ٦ |
| ١٣ | ١٩٨٦ | گاری لینیکەری ئینگلیزی | ٦ |
| ١٤ | ١٩٩٠ | سکیلاچی ئیتاڵی | ٦ |
| ١٥ | ١٩٩٤ | سالینکۆی رووسی/ستۆیچکۆفی بولگاری | ٦ |
| ١٦ | ١٩٩٨ | سۆکەری کرواتی | ٦ |
| ١٧ | ٢٠٠٢ | ڕۆناڵدۆی بەڕازیلی | ٨ |
| ١٨ | ٢٠٠٦ | میرۆسلاڤ کلۆزەی ئەڵمانی | ٥ |

## ناوبژیوانانی یاریی کۆتایی مۆندیالەکان

| ژ | ساڵ | ناوبژیوان | وڵات |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٣٠ | لانجینۆس | بەلژیکا |
| ٢ | ١٩٣٤ | ئەیکلاند | سوێد |
| ٣ | ١٩٣٨ | کایدۆفیل | فەرەنسا |
| ٤ | ١٩٥٠ | ریدەر | ئینگلتەرە |
| ٥ | ١٩٥٤ | لینگ | ئینگلتەرە |
| ٦ | ١٩٥٨ | گیگ | فەرەنسا |
| ٧ | ١٩٦٢ | لاتچێڤ | یەکێتیی سۆڤیەت |
| ٨ | ١٩٦٦ | دنیست | سویسرا |
| ٩ | ١٩٧٠ | گلۆگنەر | ئەڵمانیای رۆژهەڵات |
| ١٠ | ١٩٧٤ | تایلۆر | ئینگلتەرە |
| ١١ | ١٩٧٨ | گۆنێللا | ئیتاڵیا |
| ١٢ | ١٩٨٢ | کۆلیۆ | بەرازیل |
| ١٣ | ١٩٨٦ | ئەربی فیلیۆ | بەرازیل |
| ١٤ | ١٩٩٠ | میندێز | مەکسیك |
| ١٥ | ١٩٩٤ | ساندرۆبۆڵ | هەنگاریا |
| ١٦ | ١٩٩٨ | سەعید بلقولە | مەغریب |
| ١٧ | ٢٠٠٢ | کۆلینا | ئیتاڵیا |
| ١٨ | ٢٠٠٦ | ئەلیزەندۆ | ئەرژەنتین |

### ئاماری یارییەکانی باشترین ٤ هەڵبژاردە لە تێکڕای مۆندیالەکان

### (١٩٣٠ - ٢٠٠٦)

| ژ | هەڵبژاردە | یاری | ب | ی | د | گۆڵ | دژ | خاڵ | ب. مۆندیال |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕازیل | ٩٢ | ٦٦ | ١١ | ١٥ | ٢٠١ | ٨٩ | ١٦١ | ١٨ |
| ٢ | ئەڵمانیا | ٩٢ | ٥٩ | ١٥ | ١٨ | ١٩١ | ١٠٩ | ١٤٩ | ١٦ |
| ٣ | ئیتاڵیا | ٧٧ | ٤٧ | ١٥ | ١٥ | ١٢٦ | ٦٨ | ١٢١ | ١٦ |
| ٤ | ئەرژەنتین | ٦٥ | ٤٢ | ٩ | ٢٠ | ١١٣ | ٧٢ | ٩١ | ١٤ |

تێبینی: ب=بردنەوە، ی=یەکسان، د=دۆڕان، ب. مۆندیال= ژمارەی بەشداریکردن لە مۆندیال.

### ژەنەڕاڵەکانی مۆندیال
### ئەو ڕاهێنەرانەی لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان جامی جیهانیان بەرز کردۆتەوە

لە دوای هەر هەڵبژاردەیەکی پاڵەوانی مۆندیال ڕاهێنەرێکی زیرەك و خۆڕاگر و بەتوانا هەیە. گومان لەوەدا نییە هەر یەك لەوان ماوەیەکی زۆر کاری کردووە تا ئەو هەڵبژاردەیەی گەیاندۆتە لووتکەی هەڵبژاردەکانی جیهان. لای هیچ یەکێکیش شاراوە نییە ئەوانە وەکو هونەرمەند لە هەر مۆندیالێکدا داهێنانێکی نوێیان خستۆتە ڕوو. با بەیەکەوە ئەوانیش لە مێژووی دەوڵەمەندی تۆپی پێ یاد بکەینەوە.

**ئەلبێرتۆ سۆبێز/ ئۆرگوای ١٩٣٠**

**فیتۆریۆ بۆزۆ/ ئیتاڵیا ١٩٣٤ و ١٩٣٨**

**خوان لۆپێز/ ئۆرگوای ١٩٥٠**

**سیب هیربێرگەر/ ئەڵمانیا ١٩٥٤**

**فنسنت فابیۆلا/ بەڕازیل ١٩٥٨**

**ئیمۆ مۆرێرا/ بەڕازیل ١٩٦٢**

**ئەلێف رامزی/ ئینگلتەرە ١٩٦٦**



سیزارمینۆتی/ ئەرژەنتین

**ماریۆ زاگالۆ/ بەڕازیل ١٩٧٠**

**هیلمۆت شۆن/ ئەڵمانیا ١٩٧٤**

**سیزار مینۆتی/ ئەرژەنتین ١٩٧٨**

**ئینزۆ بێرزۆت/ئیتاڵیا ١٩٨٢**

**کارلۆس بێلاردۆ/ ئەرژەنتین ١٩٨٦**

**فرانز بیکنپاوەر/ ئەڵمانیا ١٩٩٠**

**کارلۆس ئەلبێرتۆ بارێرا/ بەڕازیل ١٩٩٤**

**ئیمێ جاکێ/فەڕەنسا ١٩٩٨**

**فلیپۆ سکۆلاری/ بەڕازیل ٢٠٠٢**

**مارچێللۆ لیپی/ ئیتاڵیا ٢٠٠٦**




ئینزۆ بێرزۆت – ئیتاڵیا



فلیپۆ سکۆلاری – بەڕازیل

## پاسەوانانی گۆڵ

### ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرزکردنەوەی جامی جیهاندا هەبووە

پسپۆرانی تۆپی پێ پاسەوانی گۆڵ (گۆڵچی) بەگرنگترین یاریزانی تیپ دادەنێن. ئەم دەستنیشانکردنەشیان بەهۆی ئەوەیە کە پاسەوانانی گۆڵ هۆکاری ئەنجامی سەرجەم یارییەکانن. ئەگەر شێوازی یاریکردنی وەکو پێویست نەبوو، دەبێتە هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنی ئەو تیپە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر شێوازی یاریکردنی زۆر بەرز بوو، ئەوا دەبێتە هۆی سەرەکیی بردنەوە. ئەوەی پاسەوانی گۆڵ لە یاریزانەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و یاسا ڕێی پێداوە، تەنها ئەو بۆی هەیە جگە لە قاچ بە دەستیش یاری بکات، هەروەها بەهیچ شێوەیەك یاری بەڕێوە ناچێت ئەگەر تیپێك پاسەوانی گۆڵی نەبێت، ئەگەر پاسەوانی گۆڵ تووشی پێکان هات، پێویستە یاری بوەستێندرێت و لەنێو یاریگە چارەسەر بکرێت بەپێچەوانەی یاریزانەکانی دیکە، بەهەمان شێوە یاری دەوەستێندرێت کاتێ پاسەوانی گۆڵ داوا بکات ئەویش بۆ بەستنەوەی دەستکێش یان قەیتانی پێڵاوە وەرزشییەکەی.

لە مێژووی جامی جیهانیدا زۆر لە پاسەوانانی گۆڵ دەرکەوتن و ناوبانگییان دەرکرد لەوانە زامۆرای ئیسپانی و بلانیکای چیکی و ئەنتۆنیۆ کاربااگالی مەکسیکی کە توانی لە ٥ مۆندیال بەشداری بکات و لیڤ یاشینی ڕووسی و جۆ ماری بفافی بەلژیکی و سیب مایەری ئەڵمانی و ڤیلۆلی ئەرژەنتینی و دینۆ زۆفی ئیتاڵی و داساییڤی ڕووسی و ئۆلیڤەر کان و شمایکل. لێرەدا باس لەو پاسەوانی گۆڵانە دەکەین کە شانبەشانی هەڵبژاردەکانیان جامی جیهانیان بەرزکردەوە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی مۆندیالی ١٩٣٠ و تاکو کۆتاییهاتنی مۆندیالی ٢٠٠٦.

**ئۆرگوای ١٩٣٠**


**ئینریك بالیستیرێرۆ**

ڕەگەزنامە: ئۆرگوایانی

لە دایکبووی: ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٠٥

درێژی: ١٨٣ سانتیمەتر

کێش: ٨٦ کیلۆگرام



تافارێل – بەڕازیل

**ئیتاڵیا ١٩٣٤**

**جامبێرۆ کۆمبی**

ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایکبووی: ٢٠ی تشرینی دووەمی١٩٠٢

درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام

**فەڕەنسا ١٩٣٨**

**ئەلدۆ ئۆلیڤێری**

ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایکبووی: ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٠

درێژی: ١٧٥ سانتیمەتر

کێش: ٧٥ کیلۆگرام

**بەڕازیل ١٩٥٠**

**ڕۆکی گاستۆن ماسبۆلی**

ڕەگەزنامە: ئۆرگوایانی

لە دایکبووی: ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧

درێژی: ١٨٩ سانتیمەتر

کێش: ٨٥ کیلۆگرام

**سویسرا ١٩٥٤**

**ئەنتۆن تۆریك**

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایکبووی: ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

درێژی: ١٨١ سانتیمەتر

کێش: ٨٠ کیلۆگرام

**سوێد ١٩٥٨**

**دۆس سانتۆس نیڤێز (جیلمار)**

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی
لە دایکبووی: ٢٢ی ئابی ١٩٣٠
درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر
کێش: ٧٢ کیلۆگرام



جیلمار – بەڕازیل

**چیلی ١٩٦٢**

**دۆس سانتۆس نیڤێز (جیلمار)**

ڕەگەزنامە: بەڕازیل
لە دایکبووی: ٢٢ی ئابی ١٩٣٠
درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر
کێش: ٧٢ کیلۆگرام

**ئینگلتەرە ١٩٦٦**

**گۆردن بانکس**

ڕەگەزنامە: ئینگلیزی
لە دایکبووی: ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧
درێژی: ١٨٣ سانتیمەتر
کێش: ٨٤ کیلۆگرام



فابیان بارتیز – فەڕەنسا

**مەکسیك ١٩٧٠**

**میللی فێرناندۆ فیلیکس**

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی
لە دایکبووی: ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧
درێژی: ١٧٦ سانتیمەتر
کێش: ٧٢ کیلۆگرام

**ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ١٩٧٤**

**جۆزێف دیتەر مایەر (سیب مایەر)**

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایکبووی: ٨ی شوباتی ١٩٤٤

درێژی: ١٨٣ سانتیمەتر

کێش: ٧٧ کیلۆگرام



سیب مایەر– ئەڵمانیا

**ئەرژەنتین ١٩٧٨**

**ئۆبالۆ مانیدۆ فیلۆل**

ڕەگەزنامە: ئەرژەنتینی

لە دایکبووی: ٢١ی تەمموزی ١٩٥٠

درێژی: ١٨٣ سانتیمەتر

کێش: ٨٠ کیلۆگرام

**ئیسپانیا ١٩٨٢**

**دینۆ زۆف**

ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایکبووی: ٢٨ی شوباتی ١٩٤٢

درێژی: ١٨٢ سانتیمەتر

کێش: ٧٨ کیلۆگرام




فیلۆل – ئەرژەنتین

**مەکسیك ١٩٨٦**

**ئەلبێرتۆ پۆمپێدۆ**

ڕەگەزنامە: ئەرژەنتینی

لە دایکبووی: ٣٠ی تەمموزی ١٩٥٧

درێژی: ١٨٢ سانتیمەتر

کێش: ٧٧ کیلۆگرام

**ئیتاڵیا ١٩٩٠**

**بۆدۆ ئەلێگنەر**

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایکبووی: ٧ی نیسانی ١٩٦٧

درێژی: ١٨٧ سانتیمەتر

کێش: ٧٨ کیلۆگرام



دینۆ زۆف – ئیتاڵیا

**ئەمریکا ١٩٩٤**

**کلاودیۆ مۆرگین تافارێل**

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی

لە دایکبووی: ٨ی ئایاری ١٩٦٦

درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر

کێش: ٧٤ کیلۆگرام

**فەڕەنسا ١٩٩٨**

**فابیان بارتێز**

ڕەگەزنامە: فەڕەنسی

لە دایکبووی: ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧١

درێژی: ١٨٣ سانتیمەتر

کێش: ٧٦ کیلۆگرام



بوفون – ئیتاڵیا

**کۆریا و ژاپۆن ٢٠٠٢**

**ڕۆبێرتۆ سیلڤێرا رایس (مارکۆس)**

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی

لە دایکبووی: ٤ی ئابی ١٩٧٣

درێژی: ١٩٣ سانتیمەتر

کێش: ٨٦ کیلۆگرام

**ئەڵمانیا ٢٠٠٦**

**جیانلۆجی بوفۆن**

ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایکبووی: ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ لە کێراری

درێژی: ١٩٠ سانتیمەتر

کێش: ٨٣ کیلۆگرام

**تێبینی:**

هەرچەندە ئۆلیڤەر کان لە مۆندیالی ٢٠٠٦ پاسەوانی یەدەگی گۆڵ بوو، بەڵام بەهۆی گرنگی ئەو پاسەوانە بەپێویستم زانی کەمێك دەربارەی ژیانی وەرزشی بدوێم:

## ئۆلیڤەر کان

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی


لە دایکبووی: ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦٩ لە کارلسرۆ.

درێژی: ١٨٨ سانتیمەتر

کێش: ٩٠ کیلۆگرام

یەکەم پاسەوانی گۆڵە لە جیهاندا بە باشترین یاریزان لە مۆندیالێکدا دەستنیشان بکرێت ئەویش لە مۆندیالی ٢٠٠٢ بوو.

باشترین پاسەوانی گۆڵ لە جیهاندا لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٢. باشترین پاسەوانی گۆڵ لە ئەوروپا لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ و باشترین یاریزانی ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١.



ئۆلیڤەر کان

## گۆڵەکانی ژمارە ١ و ١٠٠ و ١٠٠٠ و ٢٠٠٠ ی مۆندیال

* لە ساڵی ١٩٣٠ لە مۆندیالی ئۆرگوای لۆسیان لۆرانی فەرەنسی یەکەمین گۆڵی مۆندیالی لە بەرامبەر مەکسیك تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٣٤ ئەنجیلۆ شیافۆی ئیتاڵی گۆڵی ژمارە ١٠٠ی لە بەرامبەر ئەمریکا تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٣٨ ئەندرسۆنی سویدی گۆڵی ژمارە ٢٠٠ی مۆندیالی لە بەرامبەر کوبا تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٥٠ شیکۆی بەرازیلی گۆڵی ژمارە ٣٠٠ی لە بەرامبەر ئیسپانیا تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٥٤ مۆرلۆکی ئەڵمانیای رۆژئاوا گۆڵی ژمارە ٤٠٠ی لە بەرامبەر تورکیا تۆمار کرد.
* لە ساڵی ١٩٥٨ کۆلینزی سکۆتلەندی گۆڵی ژمارە ٥٠٠ی لە بەرامبەر پاراگوای تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٦٢ یەرکۆڤیجی یۆگسلافی گۆڵی ژمارە ٦٠٠ی لە بەرامبەر ئۆرگوای تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٦٦ بات سیۆ نیگی کۆریای باکوور گۆڵی ژمارە ٧٠٠ی لە بەرامبەر چیلی تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٧٠ گێرد مۆلەری ئەڵمانیای رۆژئاوا گۆڵی ژمارە ٨٠٠ی لە بەرامبەر بولگاریا تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٧٤ هیکتۆر یازالدیی ئەرژەنتینی گۆڵی ژمارە ٩٠٠ی لە بەرامبەر هاییتی تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٧٨ رۆبی رێنسبرینگی هۆڵەندی گۆڵی ژمارە ١٠٠٠ی لە بەرامبەر سکۆتلەندە تۆمارکرد.
* لە ساڵی ١٩٨٢ سیرگی بالتاشای سۆڤیەتی گۆڵی ژمارە ١١٠٠ی لە بەرامبەر نیوزلەندە تۆمارکرد.

* له ساڵی ١٩٨٦ پاپانی فەڕەنسی گۆڵی ژمارە ١٢٠٠ی له بەرامبەر کەنەدا تۆمارکرد.
* هەمان ساڵ گاری لینینکەری ئینگلیزی گۆڵی ژمارە ١٣٠٠ی له بەرامبەر پاراگوای تۆمارکرد.
* له ساڵی ١٩٩٠ جۆنی ئەکسترۆمی سویدی گۆڵی ژمارە ١٤٠٠ی له بەرامبەر کۆستاریکا تۆمارکرد.
* له ساڵی ١٩٩٤ کلاودیۆ کانیجیای ئەرژەنتینی گۆڵی ژمارە ١٥٠٠ی له بەرامبەر نێجیریا تۆمارکرد.
* له ساڵی ١٩٩٨ پییێر عیسای یاریزانی ئەفریکای باشوور گۆڵی ژمارە ١٦٠٠ی له بەرامبەر فەڕەنسا تۆمارکرد.
* هەمان ساڵ کۆمیلۆنۆڤیجی یۆگسلافی گۆڵی ژمارە ١٧٠٠ی له بەرامبەر ئەمریکا تۆمارکرد.
* له ساڵی ٢٠٠٢ بیتۆی پورتوگالی گۆڵی ژمارە ١٨٠٠ی له بەرامبەر ئەمریکا تۆمارکرد.
* هەمان ساڵ کریستیان ڤێری گۆڵی ژمارە ١٩٠٠ی له بەرامبەر کۆریای باشوور تۆمارکرد.
* له ساڵی ٢٠٠٦ مارکۆس ئەلباکی سویدی گۆڵی ژمارە ٢٠٠٠ی له بەرامبەر ئینگلتەرە تۆمارکرد.


## مۆندیال
## بیرۆکە و فڵچە و ڕەنگ

لە بەرەبەیانێکدا دانیشتووانی شاری پاریس کاتێ دەچوون بۆ کارەکانیان، بەوێنەی پۆستەرێك سەرسام بوون کە سەرتاپای دیوار و پەنجەرەکانی شەقام و بازاڕ و کون و کەلەبەرەکانی شارەکەی گرتبۆوە. سەرسامییان بۆ ئەوە بوو کە یەکەمین جار بوو پۆستەر بۆ ڕیکلامکردن هەڵبواسرێ.

پۆستەرەکە لە کاری تولوز لۆتریکی وێنەکێش بوو، بۆیە داهێنانی هونەری پۆستەر بۆ لۆتریکی هونەرمەند و وێنەکێش دەگەڕێتەوە.

لۆتریك ئەو کورتە بالآیەی کە لە تەمەنی منداڵیدا لەسەر سواری ئەسپ کەوتە خوارەوە و ئەوکات بالآی لە یەك مەترو ١٠ سانتیمەتر وەستا. دوای ئەو کاپێللۆ هات (مەبەستم کاپێللۆی ڕاهێنەر نییە). پاشان کۆلآن و کاسلندەر و فۆیۆمۆ و مۆرڤان و سلڤادۆر دالی پەرەیان بەهونەری پۆستەر دا. هونەری پۆستەر وەکو دروشم لە هەر ١٨ مۆندیالەکە بوونی هەبوو. پۆستەری هەر مۆندیالێك پەیوەست بوو بە ڕۆشنبیری و جوگرافیا و دابونەریتی ئەو وڵاتەی کە پاڵەوانێتییەکەی لێ بەڕێوە دەچوو.

لە خوارەوەدا وێنەی ئەو ١٨ پۆستەرە دەخەینە ڕوو:





### ئۆرگوای ١٩٣٠

وڵاتی ئۆرگوای شەرەفی میوانداری یەکەمین مۆندیالی تۆپی پێی پێ بەخشرا.

لە مۆنتیڤیدیۆی پایتەخت یەکەمین یاری جامی جیهانی بەڕێوەچوو. لە یەکەم پۆستەری مۆندیالدا وینەی گۆڵچییەك دەرکەوتووە، بەدەستەکانی تۆپێك دەگرێتەوە. پۆستەرەکە ڕێکخستنی ڕەنگی بەشێوەیەکی هونەری پێوە دیارە. لە ژێر گۆڵچییەکە ڕمێك بەباکگراوندی سوور دەرکەوتووە ئەویش بۆ ئەنجامدانی یەکەمین مۆندیال دەگەڕێتەوە. لە

خـوارەوەی پـۆسـتـەرەکـە کـۆمـەڵـێك نـووسین دەبـیـنین کـە مـیـوانـداریـی ئـۆرگـوای بـۆ پاڵەوانێتییەکە دەخاتە ڕوو.





## ئیتاڵیا ١٩٣٤

ئیتاڵیا وڵاتی هونەر و هونەرمەندان. وڵاتی داهێنان. هـەر پـارچـەیـەکی ئـەو وڵاتـە مـۆزەخـانـەیـەکە. ئـیـتـاڵـیـا شەرەفی مۆندیالی ١٩٣٤ی پێ بەخشرا.

لـە پۆسـتـەری ئـەو مـۆنـدیـالـەدا یـاریـزانـێك بـەرچـاومـان دەکەوێ لە جووڵەدایە و خەریکی لێدانی تۆپێکە. لە دوای ئەوەوە شریتێك دەردەکەوێ ئاڵای وڵاتە بەشداربووەکانی تێدا بەدی دەکرێ. باکگراوندی پۆستەرەکە ڕەنگی شینی ئاسمـانییە ئەویش بۆ پاکی و لێبوردەیی بواری وەرزش دەگەڕێتەوە. ڕەنگی شینی تێریش بۆ ڕەنگی هەڵبژاردەی ئازوری دەگەڕێتەوە.

## فەڕەنسا ١٩٣٨





فـەڕەنسا وڵاتـی ئـازادی و بـارەگـای هـونـەرمـەنـدە لێهاتووەکان. وڵاتی ناپۆلیۆن بۆناپەرت. وڵاتی ڤۆلتێر و ڕۆسۆ و دیـدرۆ. ئـەو وڵاتـەی مـافـی مـرۆڤ و بـەهـاوڵاتـیـبـوون تـێـیـدا لـە ساڵـی ١٧٨٩ ڕاگـەیـەندرا. فەڕەنسا ئەو وڵاتەی بۆنی قاوە تێکەڵ بە فەلسەفە و سەربـەسـتـی تـێـکـەڵ بـەتـنـۆکـی بـاران و بـۆن و بـەرامـی عـەتـری ئـافـرەتـان و شیـعـر و هـونـەر دەبـێت. فـەڕەنسا پەرستگای مۆدێلیست و دیزاینەری جلوبەرگ.

فەڕەنسا شەرەفی مۆندیالی ١٩٣٨ی پێ بەخشرا.

پۆستەری مۆندیالی ١٩٣٨ پێشکەوتوویی ئەو وڵاتە لە ڕووی هونەرەوە دەخاتەڕوو. لە سەرەوەی پۆستەرەکەدا یاریزانێك قاچی ڕاستی خستۆتە سەر تۆپێك. تۆپەکەش لەسەر گۆی زەوی دانراوە. وێنەکە سوور و ڕەشی زیاتر پێوە دیارە و وێنەکێش هەوڵی داوە سێبەر بکاتە مەبەستێك بۆ دەرخستنی توانای هونەرمەندانی ئەو وڵاتە.

## بەڕازیل ١٩٥٠




بەهۆی بەرپابوونی شەڕی جیهانیی دووەم، جامی جیهان بۆ دوو جار دواخرا. ساڵی ١٩٥٠ شەرەفی مۆندیالی چوارەم بەوڵاتی بەڕازیل بەخشرا. بەڕازیل وڵاتی سەمای سامبا. وڵاتی قاوە و وەرزش. بەڕازیل وڵاتی بەهرەمەندان. ئەو وڵاتەی هەست دەکەی منداڵەکانیان کاتێ لە دایك دەبن، تۆپی پێیان لە باوەشدایە.

فیفا هەوڵی دا لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو چالاکییە گرنگە بەجیهانی بسەلمێنێ کە وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای لاتین لە توانایاندایە ئەو ڕووداوە گەورانە ئامادەبکەن. لە بەڕازیل دەوڵەمەندان بەسکی تێرەوە سەمای سامبا دەکەن و هەژارانیش کە ڕێژەیان زۆرە ڕووبەڕووی برسێتی دەبنەوە و لە جیاتی نان، یاریی تۆپی پێ ئەنجام دەدەن. پۆستەری مۆندیالی ١٩٥٠ لە ڕووی هونەرییەوە ساکارە. پڕ بەلای چەپی پۆستەرەکە قاچی یاریزانێك بەسەر تۆپی پێوە دەرکەوتووە. گۆرەوییەکانی یاریزانەکە وێنەی ئاڵای وڵاتە بەشداربووەکانی لەسەر نەخشێندراوە.


## سویسرا ١٩٥٤




دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهان بۆ یەکەمین جار مۆندیالی تۆپی پێ لە ڕێگەی سویسراوە گەڕایەوە ئەوروپا. سویسرا وڵاتی پارە و بازرگانی. وڵاتی کاتژمێرە بەناوبانگەکان. دیزاینی پۆستەرەکەش لەو ڕووەوە هاتۆتە کایەوە. وێنەی پۆستەرەکە بەشێوەی سریالی وێنەکێش کراوە. وێنەکە خەونی ئاشتی دەخاتە ڕوو کە لە ڕێگەی گۆڵچییەك درێسی سپی لەبەردایە. بەهەمان شێوە وێنەی تۆپێکی گەورە کە هێڵەکانی بەرەنگی سپی نەخشێندراوە. لەنێو تۆپەکە


بازنەیەکی زەرد هەیە خۆی وەك هەتاوێك دەردەخات باس لە لەدایكبوونی سەردەمێكی نوێی ئاشتی دەكات. فیفا لەمەدا تۆپی پێ وەكو نموونەیەكی لە دایكبوونی ئەو ئاشتییە سەرانسەرییە دەخاتە ڕوو.

## سوێد ١٩٥٨




وڵاتی سوێد نوێنەری وڵاتە ئەسكەندەنافییەكان. نەوەكانی ڤایكینگ. لە پۆستەری مۆندیالی سوێد یاریزانێكی تۆپی پێ بەشێوەیەكی بچووككراوە دێتە بەرچاو و واش دەركەوتووە تۆپێكی گەورەی هەڵدابێ. لە دەوری تۆپەكەدا شریتێك دەركەوتووە وێنەی ئاڵای وڵاتە بەشداربووەكانی لەسەر نەخشێندراوە. لەسەرەتای وێنەی ئاڵاكان. ئاڵای ئەڵمانیا كەوتۆتە تەنیشت ئاڵای ئینگلتەرە. دوو دوژمنی سەرسەختی شەڕی جیهان. ئەمەش ڕۆڵی وەرزش زیاتر دەخاتەڕوو بۆ سەپاندنی گیانی وەرزشی لەنێو كۆمەڵگەدا. دوای ئاڵای پۆستەرەكەش ئاڵای فیفایە.

## چیلی ١٩٦٢





وڵاتی چیلی هەروەك سەرجەم وڵاتانی ئەمریكای لاتین مێژووی هاوشێوەی وڵاتانی دراوسێیەتی لە ڕووی داگیركەری ئەوڕوپی و خەباتی گەلانی ئەو وڵاتە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و ڕاوەدوونانی داگیركەر.

وێنەی پۆستەری مۆندیالی چیلی هیچ لە دەربڕینی هەستەكانی هاووڵاتیی چیلی بەدوور نییە. ئەوەتا دەبینین پۆستەرێكی سادە تەنها وێنەی تۆپێكی پێ نزیك لە گۆی زەوی دەرخستووە و هیچی تر.

پۆستەرەكە تۆپی پێ بەشێوەیەك دەخاتەڕوو كە لە هەموو بوارێكی دیكەی ژیان گرنگترە.

## ئینگلتەرە ١٩٦٦




پێشتر لە ئەورووپا ڤایکینگ دەستیان بەسەر دەریا و خاکی ئەورووپا دادەگرت و ببوونە پاڵەوان. لە باکوورەوە دەهاتن و مەڕوماڵاتی ئینگلیزەکانیان داگیر دەکرد و ماڵەکانیان دەسووتاندن. ئەم زوڵمەش وای لە ئینگلیزەکان کرد ڕیزەکانی خۆیان لە ژێر ئاڵایەك یەك بخەن و شێرێك بکەنە دروشمی خۆیان، بەو مەبەستەی شێر بەهێزترین گیانلەبەری دارستانە.

لە سەردەمی نوێدا ئینگلتەرە بووە سەرقافڵەی هاوپەیمانان دژ بەهێرشەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر وڵاتی ئەورووپا.

لە پۆستەری مۆندیالی ئینگلتەرە ١٩٦٦ خۆشیی سەرکەوتنی تێدا بەدی دەکرێ. دیزاینەر وێنەی بەچکە شێرێکی کێشاوە درێسێکی لەبەردایە، ئاڵای ئینگلتەرەی لەسەر سنگە و یاری بەتۆپ دەکات.

## مەکسیك ١٩٧٠

مەکسیك ئەو وڵاتەیە هەمیشە بەدەست داگیرکەری ئەورووپییەوە ناڵاندوویەتی. بەر لەوەی کریستۆفەر کۆلۆمبس بگاتە کەنارەکانی ئەمریکای باکوور، خەڵکی ناوچەکە هیندییە سوورەکان بوون، بەڵام دواتر دانیشتووانی ئەورووپا بەلێشاو ڕوویان لەو شوێنە کرد و خەڵکی ناوچەکەیان کوشت و دەربەدەریان کردن.




پۆستەری مۆندیالی مەکسیك ١٩٧٠ هێز و سادە و ساکاری بەیەکەوە لەخۆگرتووە. لە پۆستەرەکەدا تۆپێك بەشێوەی هونەری تەجریدی دەرکەوتووە و ڕەنگی ڕەشی دراوەتێ و باکگراوندێکی سووری کاڵی هەیە و بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێك خۆی نیشان دەدات.

## ئەڵمانیا ١٩٧٤




وڵاتی ئەڵمانیا لە سەدەی پێشوو بەشداریی لە دوو جەنگی جیهانیدا کرد. لە یەکەمین جەنگدا شکستی هێنا. ئەدۆلف هیتلەری سەرکردەی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٣٨ ئاگری شەڕێکی دیکەی گەورەی هەڵگیرساند و هێرشی بردە سەر وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بەڵام دواتر شکستێکی گەورەی هێنا.

لە پۆستەری مۆندیالی ئەڵمانیای ١٩٧٤دا بەزەقی ئەوانە دەبیندرێن. دیزاینەری پۆستەرەکە وێنەی یاریزانێکی تۆپی پێی نەخشاندووە ئاسەواری دەموچاوی پێوە نەهێشتووە شەق لە تۆپێکی سپی هەڵدەدات و بەباکگراوندێکی ڕەش. بەو مانایەی کە هاووڵاتی بۆی هەیە بەئاشتی بژی. وێنە هونەرییەکە هاوشێوەی وێنەکانی ڤان کوخی وێنەکێشی بەناوبانگە.

## ئەرژەنتین ١٩٧٨





دوای جەنگی یەکەمی جیهان قوتابخانە هونەرییە نوێیەکان لە سەرتاپای جیهاندا سەریان هەڵدا. ئەمریکای لاتینیش یەکێك بوو لەو قوتابخانە تایبەتانە کە بەرەنگاری قوتابخانە هونەرییەکانی ئەوروپا بۆوە. لە ئۆرگوای گارسیا و فیگاری دەرکەوتن و لە مەکسیکیش هەستێکی نەتەوایەتی شۆڕشگێڕانە لە دەستوپەنجەی دیێگۆ ڕیڤێرا سەری هەڵدا.

دیزاینەری پۆستەری مۆندیالی ئەرژەنتین ١٩٧٨ پەیوەست بوو بەهونەری ئەمریکای لاتین، بۆیە هێزی هونەری (سلۆیت)ی لە پۆستەرەکەدا بەکارهینا. ڕووناکی و تاریکیی وێنەکەی بەڕەنگی

شینـی ئـاسمـانـی و ڕەش خستـە ڕوو بـۆ دەرخستـنـی شێوەی ئـەو دوو یـاریـزانـەی کـە بەبردنەوە دڵخۆشیی خۆیان دەرخستووە.


## ئیسپانیا ١٩٨٢




ئیسپانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سیمای هاووڵاتیی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا بـەشێوەیـەکـی جوان تێدا بـەدی دەکـرێ. جـگـە لـە سیـمـا، شارستـانـێتـی ئـەو وڵاتـە جیـاوازیـیـەکـی بـەرچـاوی لـەگـەڵ وڵاتـانـی دیـکـەی ئەوروپادا هـەیە. ئەویش بەهۆی بەرکەوتنی بەلێشاوی هێرشی ئایینی ئیسلام بەر لە هەشت سەدە.

پـۆستـەری مـۆندیـالی ئـیسپـانیـا ١٩٨٢ شێوەیـەکی زەخرەفەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی پێوە دیارە. دیزاینەری پۆستـەرەکە جگـە لـە چـەند هـێڵێکی کـەوانـەیی و شێوە ئەندازەیی، چەند ڕەنگێکی زەقی تێدا بەکارهێناوە.


## مەکسیك ١٩٨٦



جـارێکـی دیـکـە جـامـی جیـهـانـی لـە وڵاتـی مـەکسیك دەستی پێکرد.


لە پۆستەری مۆندیالی مەکسیك ١٩٨٦ ئەو پەیکەرانە خراونەتە ڕوو کە کاتی خۆی لەو وڵاتـە بـەمـەبـەستـی ئـایینی دروست کراون، هـەروەها بۆ دەرخستنی هێز و تواناکانیان لە بـەرامبـەر دوژمـنـەکـان. لە پۆستـەرەکەدا جگە لەو پەیکەرانە وێنەی سێبەری پیاوێك بەرچاو دەکـەوێ کـە بـەهـێزیی خۆی دەخـاتـە ڕوو لـە دروستکردنی ئەو جۆرە پەیکەرە زەبەلاحانە.

## ئیتاڵیا ١٩٩٠




دوای ٥٤ ساڵ.. ئیتاڵیا جارێکی دیکە میوانداریی جامی جیهان دەکاتەوە. ئیتاڵیای خاوەن شارستانی ڕۆمانی لە بڵاوکردنەوەی هزری مرۆڤایەتی و هونەری کلاسیکی لە جیهاندا. لە سەردەمی ناوەڕاستدا ئیتاڵیا ببووە سەنتەری هونەر و هونەرمەندان، نموونە لیۆناردۆ داڤنشی کە خاوەنی چەندین داهێنانی وەکو فەلەکناسی و بواری پزیشکی و هونەری تەشکیلی. پۆستەری مۆندیالی ١٩٩٠ بریتییە لە وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە (کۆلۆنزیۆم). ئەویش گەورەترین باڵەخانەی ڕۆمانییە لە مێژوودا. ئەو باڵەخانەیە بۆ زۆرانبازی نێوان زیندانییەکان یان زیندانی و شێرە دڕندەکان بەکار دەهێندرا. باڵەخانەکە جێگەی هەزارەها ڕۆمانییەکان دەبۆوە کە دەهاتن بۆ تەماشاکردنی ئەو جۆرە زۆرانبازییانە. لەنێو کۆلۆزیۆمەکەدا وێنەی یاریگەیەکی تۆپی پێ دەردەکەوێ. وێنەکێشەکە دەیەوێ پێمان ڕابگەینێ ئەو شوێنە ترسناك و دڕندانەیە بۆی هەیە ببێتە یاریگەیەکی تۆپی پێ و لە ڕێگەی ئەو یارییەوە ئاشتی و گیانی وەرزشی لەنێو میللەتاندا بڵاوببێتەوە.


## ئەمریکا ١٩٩٤




ڕاستییەکی جوگرافی و گرێیەکی مێژووی گەورە هەیە لە کاتی دۆزینەوەی ئەو کیشوەرە لە لایەن کریستۆفەر کۆلۆمبس تاکو ئەم ساتە ئەمریکا لە سێبەریانەوە دەژی. دوای کۆلۆمبس ملیۆنەها ئەوروپی خزانە نێو ئەو کیشوەرە و بوونە مایەی لە ناوبردنی دانیشتووانە ئەسڵییەکان لە هیندە سوورەکان کە پێشتر لەسەر ئەو خاکەدا دەژیان. دوای لە ناوبردنیان، ئەوروپییەکان شارستانییەتی خۆیان بۆ ئەو خاکە گواستەوە و گەورەترین و بەهێزترین وڵاتیان پێکهێنا.

پۆستەری مۆندیالی ئەمریکا زۆر لەو مانایانە لەخۆ دەگرێت. دیزاینەر هەوڵی داوە وێنەی سەرەتایی لە دروستکردنی یاریزانێك بخاتەڕوو کە بەشێوەیەکی سادە و ساکار دروست کراوە بۆ ئەوەی پێمان ڕابگەینێ میللەتە کۆنەکانی وەکو هیندییە سوورەکان دەیانزانی ئەم وێنانە دروست بکەن. یاریزانەکە لەنێو ئەستێرەکاندا یاری بەتۆپی پێ کردووە، لە شیکردنەوەی ئەمەشدا دەتوانین بڵێین میللەتی نوێی ئەمریکی لە ماوەیەکی کەمدا توانی بەنێو جیهاندا مەلە بکات و بەزووترین کات خۆی و وڵاتە نوێیەکەی پێش بخات.

## فەرەنسا ۱۹۹۸




وڵاتی فەرەنسا لەنێو چەند قوتابخانەیەکی هونەری جیاجیای زەبەلاحدا دەژی کە گیانی شۆڕش و سەربەستی لەخۆ دەگرێت، بۆیە داهێنان لەم کەشوهەوایەدا گومانی تێدا نییە. بزاڤی نوێبوونەوەی هزر و هونەر لە جیهاندا وەڵامدانەوەیەکە بۆ کلاسیکییە کۆنەکان.

پۆستەری مۆندیالی فەرەنسا باس لەو پاشماوە هونەرییە گەورەیە دەکات و بەشێوەی پۆستەرێکی هونەری تەشکیلی دیمەنێك لە بەرزایی یاریگەیەکی تۆپی پێ دەخاتەڕوو. هونەرمەند دەیەوێ یاسایەکی نوێی دیمەنی سروشتی بخاتە بەرچاو کە دوورە لە ڕاستی.

## کۆریا و ژاپۆن ۲۰۰۲




بەدرێژایی مێژوو وڵاتانی ژاپۆن و کۆریا چەندین شەڕوشۆڕیان لەگەڵ یەکتری کردووە، بۆیە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بەباشی زانی مۆندیالی ۲۰۰۲ بەهاوبەشی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە سازبکرێت. پۆستەری مۆندیالی ۲۰۰۲ بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێك خۆی نیشان دەدات. ئەمەش لەخۆیدا ئەوەمان پێدەڵێ کە ئەو دوو وڵاتە لە ماوەیەکی کەمدا پێشکەوتنێکی بەرچاویان لە بواری ئەندازە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و مەدەنییەت خستەڕوو.

پۆستەرەکە نیمچە بازنەیەك نیشان دەدا تۆپێکی شین لە نێوانیدا هەیە کە هێمای دڵپاکی و ئاشتییە. ڕەنگەکانی دیکەی پۆستەرەکە هەمان مانا دەبەخشن.

## ئەڵمانیا ٢٠٠٦




جارێکی دیکە شەرەفی میوانداریکردنی مۆندیال بەئەڵمانیا بەخشرا، بەڵام ئەمجارەیان دوای ڕووخانی دیواری بەرلین بوو. ئەو دیوارەی هەمیشە ئەڵمانییەکانی بەبێ حەزی خۆیان لە یەکتریانی جیا کردبۆوە. سەیرکردنی پۆستەری ئەڵمانیا ٢٠٠٦ زۆر لەو خۆشییانەی ئەڵمانیا دەخاتەڕوو.

پۆستەرەکە ساکارە و ماناکەشی ڕوون و ئاشکرایە. دیزاینەر پێمان دەڵێ ئەڵمانیای ئێستا هی سەردەمەکانی پێشوو نییە و هاوولاتیان بەهیچ شێوەیەك پەنا بۆ چەك نابەنەوە، بەڵکو خەندە دەخەنە سەر لێویان بۆ لەبیرچوونەوەی ڕۆژە تاڵەکان.

## جۆهانسبێرگ ٢٠١٠




لە پۆستەری مۆندیالی ٢٠١٠ کە لە ولاتی ئەفریکای باشوور بەڕێوە دەچێ، یاریزانێکی ڕەشپێست دەرکەوتووە یاری بەتۆپ دەکات. لە دواوەی یاریزانەکە چەند ڕەنگێکی زەردو سەوز سوور دەرکەوتوون کە نیشانەی پێشکەوتنی ئەو ولاتە دەخاتە ڕوو، ئەمەش لە خۆیدا سەرکەوتنێکی ئەفریکای باشوور بۆ خۆری ئازادی بە جیهان نیشان دەدات.

## گۆڕانكارییەكانی تۆپی پێ


### تیلستار.. تاگۆ.. ئەزتیكا.. كوێسترا.. تری كەلەر.. فیڤەرنۆڤا.. تیم جیست

ئەمڕۆ لە جیهانی تۆپی پێی نوێدا، تۆپ تەنیا ئەو پارچە خڕە نەماوە كە لە چەرمی سروشتی دروست بكرێت و هیچی دی، بەڵكو دروستكردنەكەی بووەتە بەرهەمێكی بازرگانی و بەچەند قۆناغێكدا تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە دەستمانەوە، لە ساڵی ١٩٦٣ تۆپی پێ گۆڕانكارییەكی بەرچاوی بەخۆوە دیت، تۆپی پێ ئەوكات كێشێكی قورسی هەبوو و لە كاتی شەق لێداندا ئازاری بەیاریزان دەگەیاند، ئێستا سووكتر و جوانتر خۆی دەردەخات، لە مۆندیالی ١٩٧٠ لە مەكسیك یەكێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ئەركی دروستكردنی تۆپی پێی بەكۆمپانیای بەناوبانگی ئەدیداس بەخشی، هەر لەو كاتەوە بەدرێژایی ٣٧ ساڵ ئەو كۆمپانیایە سوورە لەسەر ئەوەی تۆپەكە بەشێوە و دیزاینی جیا جیا بخاتە نێو یاریگەكان.



لە ساڵی ١٩٧٠ تۆپی (تیلستار) كە لە یەك پارچە چەرم بۆ یەكەم جار دروست كرا، ئەو تۆپە یەكەمین تۆپ بوو لە مێژوودا كە جگە لە ڕەنگە سپییەكەی، ڕەنگی ڕەشی بەشێوەی ئەستێرە تێدا دەركەوت، مەبەست لە دوو ڕەنگی ئەو تۆپە تەنیا بۆ زیاتر سەنجراكێشان بوو، لە مۆندیالی ١٩٧٤ دوو جۆرە تۆپ بەكارهاتن. یەكێكیان ئەو تۆپە ڕەش و سپییە بوو، ئەوی دیكەشیان تۆپی سپی سادە بوو، لە مۆندیالی ١٩٧٨ لە ئەرژەنتین تۆپێكی نوێ دروست كرا كە لە كلتووری وڵاتی ئەرژەنتینەوە هەڵبژێردرابوو ئەویش بریتی بوو لە چەند بازنەیەكی ڕێك. ئەو تۆپە ناونرا (تانگۆ). تانگۆ لە مۆندیالی١٩٨٢ لە ئیسپانیاش بەكارهێندرا، بەڵام دوای چەند گۆڕانكارییەكی كەم. لەمۆندیالی ١٩٨٦ لە مەكسیك تۆپەكە ناونرا (ئەزتیكا). لە مۆندیالی ١٩٩٤ لە ئەمەریكا تۆپێكی نوێ بەكارهێندرا ناوی (كویسترا) بوو ئەویش بەمانای پێداویستی ئەستێرەكان دێت. لە مۆندیالی ١٩٩٨ لە فەرەنسا تۆپێكی ڕەنگاوڕەنگ بەكارهێندرا كە زۆریی ڕەگەز لە كۆمەڵگەی فەرەنسی مەبەستی بوو، ئەو تۆپە ناونرا (تری

کـەلـەر) واتـە ٣ ڕەنگ. لـە مـۆنـدیـالـی ٢٠٠٢ لـە کۆریـا و ژاپۆن دیزاینێکی دیکـەی تـۆپ بەکارهێندرا و ناونرا (فیڤەرنۆڤا). هەرچی لە مۆندیالی ٢٠٠٦ لە ئەڵمانیا ئەوا تۆپێکی نـوێی دیکـە سەری هـەڵدا نـاوی نـرا (تـیـم جـیـست) کـە بـەمـانـای ڕۆحـی تیپ دێت. ئـەو گۆڕانکارییەی بەسەر تیم جیست هات دەیەمین گۆڕانکاری بوو لە مێژووی کۆمپانیای ئەدیداس. یەکێك لەو گۆڕانکارییانە تۆپەکە لە ١٤ پارچەی جیاجیای بەیەکەوە بەند دروست کراوە، ئەمەش وای کرد تۆپەکە بەشێوەیەکی ڕێکتر دەربکەوێ، قۆناغەکانی دوا گۆڕانکاری ١٠ تا ٢٠ کەس بەشدارییان تیدا کرد، لەوانە ئۆلیڤەر کانی گۆڵچی بەناوبانگی




ئەڵمانیا و ڤان دەرساری گۆڵچی بەناوبانگی هـۆڵـەنـدە، چـەنـدیـن جـاریش پـرس بـەو دوو گـۆڵـچـیـیـە دەکرا دەربـارەی کـێشی تـۆپـەکـە. ڕەنـگـەکـانـی تـۆپـەکـەش بـۆ ڕەنـگـی درێـسی هـەڵـبـژاردەی ئـەڵـمـانـیـا دەگـەڕێتـەوە کە ڕەش و سپی و زێڕینە. مارکۆس باومنی بەڕێوەبەری تۆپی پێ لە کۆمپانیای ئەدیداس دەڵێ، تۆپ گرنگییەکی تایبەتی هەیە و ئامێری سەرەکی ئەو یـارییـەشە. هـانز پیتـەر نۆرینگ یـەکێك لە کارمەندە بەتواناکانی کۆمپانیاکە کە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە لەوێ کار دەکات دەڵێ، پێشتر تۆپ لە چەرمی سروشتی دروست دەکرا تا دوای مۆندیالی مەکسیکیش، ئەو کات پارچەکانی تۆپ لە ٣٢ پارچە پێك هاتبوون، ئێستا تۆپ لە ١٤ پارچە پێك دێت، تۆپی تیم جیست کاتێ کەوتە بازاڕەوە بەنرخی ١٣٠ دۆلار بۆ هەر تۆپێك دەفرۆشرا، کۆمپانیای ئەیداس لە ساڵی ١٩٦٣ەوە لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێ کار دەکـات، بـەڵام لـە ساڵـی ١٩٧٠ بـەفـەرمـی بـووە شەریـکـی یـەکـێتـیـی نـاوبـراو، بـەر لـە دەستپێکردنی مۆندیالی ٢٠٠٦ کۆمپانیاکە بۆندی بەبرە پارەی ٣٣٢ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لەگەڵ فیفا بۆ هەردوو مۆندیالی ٢٠١٠ و ٢٠١٤ نوێ کردەوە، لەو کۆمپانیایەدا ٨٠٠ کارمەند کار دەکەن، بەزمانی ژمارەکان داهاتی کۆمپانیای ئەدیداس تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ٣٨٠ ملیۆن دۆلار، ئەگەری ئەوەش هەیە لەمساڵدا داهاتەکەی بگاتە ١ ملیار یۆرۆ، لە دوای تەواوبوونی مۆندیالی ٢٠٠٦ بەماوەیەك، کۆمپانیای ئەدیداس شێوەی نوێی تۆپی پێی تایبەت بەمۆندیالی ٢٠١٠ی خستە ڕوو هەر وەك لەم وێنەیەی سەرەوەدا بەدی دەکرێت.

## جامی جیهانیی لاوان ١٩٧٧- ٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٧٧ | تونس | یەکێتی سۆڤیەت | مەکسیك | ٦-٦/٥-٤ |
| ٢ | ١٩٧٩ | ژاپۆن | ئەرژەنتین | یەکێتی سۆڤیەت | ٣-١ |
| ٣ | ١٩٨١ | ئوستراليا | ئەڵمانیا | قەتەر | ٤-٠ |
| ٤ | ١٩٨٣ | مەکسیك | بەڕازیل | ئەرژەنتین | ١-٠ |
| ٥ | ١٩٨٥ | یەکێتی سۆڤیەت | بەڕازیل | ئیسپانیا | ١-٠ |
| ٦ | ١٩٨٧ | چیلی | یۆگسلافیا | ئەڵمانیا | ١-١/٥-٤ |
| ٧ | ١٩٨٩ | سعودیە | پورتوگال | نێجیریا | ٢-٠ |
| ٨ | ١٩٩١ | پورتوگال | پورتوگال | بەڕازیل | ٠-٠/٤-٢ |
| ٩ | ١٩٩٣ | ئوستراليا | بەڕازیل | گانا | ٢-١ |
| ١٠ | ١٩٩٥ | قەتەر | ئەرژەنتین | بەڕازیل | ٢-٠ |
| ١١ | ١٩٩٧ | مالیزیا | ئەرژەنتین | ئۆرگوای | ٢-١ |
| ١٢ | ١٩٩٩ | نێجیریا | ئیسپانیا | ژاپۆن | ٤-٠ |
| ١٣ | ٢٠٠١ | ئەرژەنین | ئەرژەنتین | گانا | ٣-٠ |
| ١٤ | ٢٠٠٣ | ئیمارات | بەڕازیل | ئیسپانیا | ١-٠ |
| ١٥ | ٢٠٠٥ | هۆڵەندا | ئەرژەنتین | نێجیریا | ٢-١ |
| ١٦ | ٢٠٠٧ | کەنەدا | ئەرژەنتین | چیك | ٣-٠ |

# جامی جیهانیی تازە پێگەیشتووان ١٩٨٥ - ٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٨٥ | چین | نێجیریا | ئەڵمانیا | ٢–٠ |
| ٢ | ١٩٨٧ | کەنەدا | یەکێتی سۆڤیەت | نێجیریا | ١–١/٤–٢ |
| ٣ | ١٩٨٩ | سکۆتلەندە | سعودیە | سکۆتلەندە | ٢–٢/٥–٤ |
| ٤ | ١٩٩١ | ئیتاڵیا | گانا | ئیسپانیا | ١–٠ |
| ٥ | ١٩٩٣ | ژاپۆن | نێجیریا | گانا | ٢–١ |
| ٦ | ١٩٩٥ | ئیکوادۆر | گانا | بەڕازیل | ٣–٢ |
| ٧ | ١٩٩٧ | میسر | بەڕازیل | گانا | ٢–١ |
| ٨ | ١٩٩٩ | نیوزلەندە | بەڕازیل | ئوستورالیا | ٠–٠/٨–٧<br>سزای یەکلاکەرەوە |
| ٩ | ٢٠٠١ | ترینیداد | فەڕەنسا | نێجیریا | ٣–٠ |
| ١٠ | ٢٠٠٣ | فنلەندا | بەڕازیل | ئیسپانیا | ١–٠ |
| ١١ | ٢٠٠٥ | پیرۆ | مەکسیك | بەڕازیل | ٣–٠ |
| ١٢ | ٢٠٠٧ | کۆریای باشوور | نێجیریا | ئیسپانیا | ٠–٠/٣–٠<br>سزای یەکلاکەرەوە |

## نێجیریا .. پاڵەوانی ٢٠٠٧



## تۆپی پێ لە ئۆلۆمپیادەکان ١٩٠٠ - ٢٠٠٤

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٨٩٦ | ئەسینا | ئەنجام نەدرا | – | – |
| ٢ | ١٩٠٠ | پاریس | ئینگلتەرە | فەرەنسا | ٤–٠ |
| ٣ | ١٩٠٤ | سانت لویس | کەنەدا | ئەمەریکا | ٤–٠ |
| ٤ | ١٩٠٨ | لەندەن | ئینگلتەرە | دانیمارك | ٢–٠ |
| ٥ | ١٩١٢ | ستۆکهۆڵم | ئینگلتەرە | دانیمارك | ٤–٢ |
| ٦ | ١٩٢٠ | ئەنڤیر | بەلژیکا | ئیسپانیا | ١–٠ |
| ٧ | ١٩٢٤ | پاریس | ئۆرگوای | سویسرا | ٣–٠ |
| ٨ | ١٩٢٨ | ئەمستردام | ئۆرگوای | ئەرژەنتین | ٢–١ |
| ٩ | ١٩٣٦ | بەرلین | ئیتاڵیا | نەمسا | ٢–١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٩٤٨ | لەندەن | سوێد | یۆگسلافیا | ٣–١ |
| ١١ | ١٩٥٢ | هلسنگی | هەنگاریا | یۆگسلافیا | ٢–٠ |
| ١٢ | ١٩٥٦ | مەلبۆرن | یەکێتی سۆڤیەت | یۆگسلافیا | ١–٠ |
| ١٣ | ١٩٦٠ | ڕۆما | یۆگسلافیا | دانیمارك | ٣–١ |
| ١٤ | ١٩٦٤ | تۆکیۆ | هەنگاریا | چیکسلۆفاکیا | ٢–١ |
| ١٥ | ١٩٦٨ | مەکسیکۆ | هەنگاریا | بولگاریا | ٤–١ |
| ١٦ | ١٩٧٢ | میونیخ | پۆڵەندا | هەنگاریا | ٢–١ |
| ١٧ | ١٩٧٦ | مۆنتریال | ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات | پۆڵەندا | ٣–١ |
| ١٨ | ١٩٨٠ | مۆسکۆ | چیکۆسلۆڤاکیا | ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات | ١–٠ |
| ١٩ | ١٩٨٤ | لۆس ئەنجلۆس | فەرەنسا | بەڕازیل | ٢–٠ |
| ٢٠ | ١٩٨٨ | سیۆل | یەکێتی سۆڤیەت | بەڕازیل | ٢–١ |
| ٢١ | ١٩٩٢ | بەرشلۆنە | ئیسپانیا | پۆڵەندا | ٣–٢ |
| ٢٢ | ١٩٩٦ | ئەتلانتا | نێجیریا | ئەرژەنتین | ٣–٢ |
| ٢٣ | ٢٠٠٠ | سیدنی | کامیرۆن | ئیسپانیا | ٢–٢/٧–٥<br>سزای یەکلاکەرەوە |
| ٢٤ | ٢٠٠٤ | ئەسینا | ئەرژەنتین | پاراگوای | ١–٠ |
| ٢٥ | ٢٠٠٨ | پەکین | | | |

## جامی کیشوەرەکان ١٩٩٢ - ٢٠٠٥

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٩٢ | سعودیە | ئەرژەنتین | سعودیە | ٣–١ |
| ٢ | ١٩٩٥ | سعودیە | دانیمارك | ئەرژەنتین | ٢–٠ |
| ٣ | ١٩٩٧ | سعودیە | بەڕازیل | ئوستورالیا | ٦–١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ١٩٩٩ | مەكسيك | مەكسيك | بەڕازيل | ٤–٣ |
| ٥ | ٢٠٠١ | كۆريا و ژاپۆن | فەڕەنسا | ژاپۆن | ١–٠ |
| ٦ | ٢٠٠٣ | فەڕەنسا | فەڕەنسا | كاميرۆن | ١–٠ |
| ٧ | ٢٠٠٥ | ئەڵمانيا | بەڕازيل | ئەرژەنتين | ٤–١ |

## جامی جیهانیی ئافرەتان ١٩٩١ - ٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٩١ | چين | ئەمريكا | نەرويژ | ٢–١ |
| ٢ | ١٩٩٥ | سوێد | نەرويژ | ئەڵمانيا | ٢–٠ |
| ٣ | ١٩٩٩ | ئەمەريكا | ئەمەريكا | چين | ٥–٤<br>لێدانی یەكلاكەرەوە |
| ٤ | ٢٠٠٣ | ئەمەريكا | ئەڵمانيا | سوێد | ٢–١ |
| ٥ | ٢٠٠٧ | چين | ئەڵمانيا | بەڕازيل | ٢–٠ |



# جامی جیهانیی یانەکان

کۆمپانیای تۆیۆتای ژاپۆنی هەر لە ساڵی ١٩٦٠وە پاڵەوانێتییەکی بەڕێوە دەبرد تێیدا هەردوو پاڵەوانی یانەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باشوور بەیەك دەگەیشتن و بەناوی جامی ئینتەرکۆنتینێنتال ناودەبرا. پاڵەوانی ئەو پاڵەوانێتییە بڕە پارەی ١ ملیۆن دۆلار و دۆڕاویش ٧٥٠ هەزار دۆلاری پێ دەبەخشرا، جگە لەمانە باشترین یاریزان خەڵاتی ئۆتۆمبیلێکی تۆیۆتای پێ دەبەخشرا، یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو پاڵەوانێتییە بوەستێنێ ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە کۆمپانیای تۆیۆتا ماوەیەکی زۆرە پەیوەندیی بە یەکێتیی ناوبراو نەماوە، هەروەها یەکێتییەکانی کیشوەرەکانی تر ناڕەزاییەکی زۆریان دەردەبڕی، جگە لەمانەش یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی دەیویست خۆی پاڵەوانێتییەکی سەرتاسەری بۆ سەرجەم کیشوەرەکان ساز بکات تاوەکو داهاتەکەی بۆ خۆی بێت، ئەمانە هەمووی وایان کرد پاڵەوانێتییەکی نوێ لە ساڵی ٢٠٠٠ سەر هەڵبدات ئەویش بەهاوکاریی کۆمپانیای (ئەی ئێس ئێڵ). دوای ئەنجامدانی یەکەمین پاڵەوانێتی لە وڵاتی بەرازیل، کۆمپانیای ناوبراو شکستی هێنا، دوای ٥ ساڵ یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە پاڵەوانێتییەکەی ژیاندەوە. ئەمجارەیان هەردوو پاڵەوانێتیی بوونە یەك پاڵەوانێتی و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ژاپۆن بەڕێوە چوو. یەکەمی پاڵەوانێتییەکە ٤,٥ ملیۆن دۆلار و دووەم ٣,٥ ملیۆن دۆلار و سێیەم ٢,٥ ملیۆن و چوارەم ٢ ملیۆن و پێنجەم ١,٥ ملیۆن دۆلار و شەشەمیش ١ ملیۆن دۆلاری بەر دەکەوێ.

## ئینتەرکۆنتینێنتال ١٩٦٠ - ٢٠٠٥

| ژ | ساڵ | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٦٠ | ریال مەدریدی ئیسپانی |
| ٢ | ١٩٦١ | پێنارۆلی ئۆرۆگوایانی |
| ٣ | ١٩٦٢ | سانتۆسی بەڕازیلی |
| ٤ | ١٩٦٣ | سانتۆسی بەڕازیلی |
| ٥ | ١٩٦٤ | ئینتەرمیلانی ئیتالی |
| ٦ | ١٩٦٥ | ئینتەرمیلانی ئیتاڵی |
| ٧ | ١٩٦٦ | پێنارۆلی ئۆرگوایانی |
| ٨ | ١٩٦٧ | رایسینگی ئەرژەنتینی |
| ٩ | ١٩٦٨ | ئەستۆدیاتسی ئەرژەنتینی |
| ١٠ | ١٩٦٩ | میلانی ئیتاڵی |
| ١١ | ١٩٧٠ | فینۆردی هۆڵەندی |
| ١٢ | ١٩٧١ | ناسیۆنالی ئۆرگوایانی |
| ١٣ | ١٩٧٢ | ئەجاکسی هۆڵەندی |
| ١٤ | ١٩٧٣ | ئیندپێندێنتی ئەرژەنتینی |
| ١٥ | ١٩٧٤ | ئەتلەتێکۆ مەدریدی ئیسپانی |
| ١٦ | ١٩٧٥ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٧ | ١٩٧٦ | بایرن میونیخی ئەڵمانی |
| ١٨ | ١٩٧٧ | بۆکاجۆنیورزی ئەرژەنتینی |
| ١٩ | ١٩٧٨ | بەڕێوەنەچوو |
| ٢٠ | ١٩٧٩ | ئۆلمپیای پاراگوایانی |
| ٢١ | ١٩٨٠ | ناسیۆنالی ئۆرگۆایانی |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | ١٩٨١ | فلامینگۆی بەڕازیلی |
| ٢٣ | ١٩٨٢ | پێنارۆلی ئۆرگوایانی |
| ٢٤ | ١٩٨٣ | جریمیۆی بەڕازیلی |
| ٢٥ | ١٩٨٤ | ئیندپێندێنتی ئەرژەنتینی |
| ٢٦ | ١٩٨٥ | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٢٧ | ١٩٨٦ | ریڤەرپلێتی ئەرژەنتینی |
| ٢٨ | ١٩٨٧ | پۆرتۆی پورتوگالی |
| ٢٩ | ١٩٨٨ | ناسیۆنالی ئۆرگوایانی |
| ٣٠ | ١٩٨٩ | میلانی ئیتاڵی |
| ٣١ | ١٩٩٠ | میلانی ئیتاڵی |
| ٣٢ | ١٩٩١ | رێدستاری یۆگسلافی |
| ٣٣ | ١٩٩٢ | ساوپاولۆی بەڕازیلی |
| ٣٤ | ١٩٩٣ | ساوپاولۆی بەڕازیلی |
| ٣٥ | ١٩٩٤ | ساسفیڵدی ئەرژەنتینی |
| ٣٦ | ١٩٩٥ | ئەجاکسی هۆڵەندی |
| ٣٧ | ١٩٩٦ | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٣٨ | ١٩٩٧ | دۆرتمۆندی ئەڵمانی |
| ٣٩ | ١٩٩٨ | ریال مەدریدی ئیسپانی |
| ٤٠ | ١٩٩٩ | مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی |
| ٤١ | ٢٠٠٠ | بۆکاجۆنیۆرزی ئەرژەنتینی |
| ٤٢ | ٢٠٠١ | بایرن میونیخی ئەڵمانی |
| ٤٣ | ٢٠٠٢ | ریال مەدریدی ئیسپانی |
| ٤٤ | ٢٠٠٣ | میلانی ئیتاڵی |
| ٤٥ | ٢٠٠٤ | پۆرتۆی پورتوگالی |
| ٤٦ | ٢٠٠٥ | ساوپاولۆی بەڕازیلی |

## جامی جیهانیی یانەکان

| ژ | ساڵ | پاڵەوان | دووەم | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠ | کۆرنتیانزی بەڕازیلی | فاسکۆ دیگامای بەڕازیلی | ٠-٠/٤-٣ لێدانی یەکلاکەرەوە |
| ٢ | ٢٠٠٥ | ساوپاولۆی بەڕازیلی | لیڤەرپووڵی ئینگلیزی | ١-٠ |
| ٣ | ٢٠٠٦ | ئینتەرناسیۆنالی بەڕازیلی | بەرشلۆنەی ئیسپانی | ١-٠ |
| ٤ | ٢٠٠٧ | لە ١٢/٩ دەست پێدەکات | | |

## باشترین یاریزان لە جیهان

یەکێك لە چالاکییەکانی فیفا دابەشکردنی خەڵاتی باشترین یاریزانە لە جیهاندا، ئەم خەڵاتە باشترین یاریزانی پیاو و ژن دەگرێتەوە، دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی باشترین یاریزان لە ڕێگەی ڕاهێنەران و کاپتنی هەڵبژاردەکانە، خەڵاتی پیاوان لە ساڵی ١٩٩١ و ئافرەتان لە ساڵی ٢٠٠١ کاری پێدەکرێ.

### شێوازی کاندیدکردنی یاریزانان بۆ ئەو خەڵاتە

پێویستە یاریزان لە ئەوروپا یاری بکات بۆ ئەوەی بۆ ئەو خەڵاتە کاندید بکرێت، ئەم شێوازە چەندین جارە بووەتە مایەی ناڕەزایی دەربڕین. ئەگەر یاریزان ئەوروپی یان ئەمەریکی یان ئەفریکی دەبێت لە یەکێك لە خولەکانی ئەوروپا یاری بکات، بۆ ئەوەی بۆ ئەو خەڵاتە کاندید بکرێت، بچووکترین یاریزان کە ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا ڕۆناڵدۆ بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێ تەمەنی ٢٠ ساڵان بوو. گەورەترین یاریزانیش فابیۆ کاناڤارۆ بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێ تەمەنی ٣٠ ساڵان بوو، ئەوانەی دووجار لەسەر یەکتر ئەو خەڵاتانەیان وەرگرتووە ڕۆناڵدینهۆ و زێدان و خانمە یاریزان برجیت برێنز بوون.

## ناوی باشترین یاریزانانی جیهان

١٩٩١ لۆتەر ماتیۆس/ ئەڵمانیا




١٩٩٢ مارکۆڤان باستن/ هۆڵەندە

١٩٩٣ ڕۆبێرتۆ باجیۆ/ ئیتاڵیا

١٩٩٤ ڕۆماریۆ/ بەڕازیل

١٩٩٥ جۆرج ویا/ لەیبریا

١٩٩٦ ڕۆناڵدۆ/ بەڕازیل



١٩٩٧ ڕۆناڵدۆ/ بەڕازیل

١٩٩٨ زێدان/ فەرەنسا

١٩٩٩ ڕیڤاڵدۆ/ بەڕازیل

٢٠٠٠ زێدان/ فەرەنسا

٢٠٠١ لویس فیگۆ/ پورتوگال




٢٠٠٢ ڕۆناڵدۆ/ بەڕازیل

٢٠٠٣ زێدان/ فەرەنسا

٢٠٠٤ ڕۆناڵدینهۆ/ بەڕازیل

٢٠٠٥ ڕۆناڵدینهۆ/ بەڕازیل

٢٠٠٦ کاناڤارۆ. ئیتاڵیا



## یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا

هەرچەندە کیشوەری ئەورووپا دروستبوونی کۆنترین یانە و یەکەمین یەکێتیی تۆپی پێی وڵاتێك و یەکەمین یەکێتیی نێودەوڵەتی بەخۆوە بینی، بەڵام یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپی تا ساڵی ١٩٤٥ چاوی هەڵنەهێنا.

**ئەم پاڵەوانێتییانەی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا سەرپەرشتییان دەکات:**

١- جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (ساڵی ١٩٦٠ دەستی پێکرد).

٢- جامی تازەپێگەیشتووانی ئەورووپا.

٣- جامی لاوانی ئەورووپا.

٤- پاڵەوانێتیی جامی یانەکانی ئەورووپا (پاڵەوانانی خولەکان) ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکرد.

٥- پاڵەوانێتیی جامی یەکێتیی ئەورووپی بۆ پاڵەوانانی جامەکان و جامی یەکێتیی ئەورووپی.

### جامی نەتەوەکانی ئەورووپا ١٩٦٠ - ٢٠٠٤

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٦٠ | فەڕەنسا | یەکێتی سۆڤیەت | یۆگسلافیا |
| ٢ | ١٩٦٤ | ئیسپانیا | ئیسپانیا | یەکێتی سۆڤیەت |
| ٣ | ١٩٦٨ | ئیتاڵیا | ئیتاڵیا | یۆگوسلافیا |
| ٤ | ١٩٧٢ | بەلژیکا | ئەڵمانیا | یەکێتی سۆڤیەت |
| ٥ | ١٩٧٦ | یۆگسلافیا | چیکۆسلۆفاکیا | ئەڵمانیا |
| ٦ | ١٩٨٠ | ئیتاڵیا | ئەڵمانیا | بەلژیکا |
| ٧ | ١٩٨٤ | فەڕەنسا | فەڕەنسا | ئیسپانیا |
| ٨ | ١٩٨٨ | ئەڵمانیا | هۆڵەندا | یەکێتی سۆڤیەت |
| ٩ | ١٩٩٢ | سوێد | دانیمارك | ئەڵمانیا |
| ١٠ | ١٩٩٦ | ئینگلتەڕە | ئەڵمانیا | چیك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | ٢٠٠٠ | هۆڵەندا/ بەلژیکا | فەڕەنسا | ئیتاڵیا |
| ١٢ | ٢٠٠٤ | پورتوگال | یۆنان | پورتوگال |

## جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ١٩٥٦ - ٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٥٦ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | ستاددی ڕیمسی فەڕەنسی |
| ٢ | ١٩٥٧ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | فیۆرنتینای ئیتاڵی |
| ٣ | ١٩٥٨ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | ئەی سی میلانی ئیتاڵی |
| ٤ | ١٩٥٩ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | ستاددی ڕیمسی فەڕەنسی |
| ٥ | ١٩٦٠ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | ئینتراخت فرانکفۆرتی ئەڵمانی |
| ٦ | ١٩٦١ | بەنفیکای پورتوگالی | بەرشلۆنەی ئیسپانی |
| ٧ | ١٩٦٢ | بەنفیکای پورتوگالی | ڕیال مەدریدی ئیسپانی |
| ٨ | ١٩٦٣ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | بەنفیکای پورتوگالی |
| ٩ | ١٩٦٤ | ئینتەر میلانی ئیتالی | ڕیال مەدریدی ئیسپانی |
| ١٠ | ١٩٦٥ | ئینتەر میلانی ئیتالی | بەنفیکای پورتوگالی |
| ١١ | ١٩٦٦ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | پارتیزان بەلگرادی یۆگسلافی |
| ١٢ | ١٩٦٧ | سەلتیك گلاسکۆی سکۆتلەندی | ئینتەر میلانی ئیتالی |
| ١٣ | ١٩٦٨ | مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی | بەنفیکای پورتوگالی |
| ١٤ | ١٩٦٩ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | ئەجاکسی هۆلەندی |
| ١٥ | ١٩٧٠ | ڕۆتردامی هۆلەندی | سەلتیك گلاسکۆی سکۆتلەندی |
| ١٦ | ١٩٧١ | ئەجاکسی هۆلەندی | پاناتیناسیکۆسی یۆنانی |
| ١٧ | ١٩٧٢ | ئەجاکسی هۆلەندی | ئینتەر میلانی ئیتالی |
| ١٨ | ١٩٧٣ | ئەجاکسی هۆلەندی | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ١٩ | ١٩٧٤ | بایرن میونیخی ئەڵمانی | ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی |
| ٢٠ | ١٩٧٥ | بایرن میونیخی ئەڵمانی | لیدزیونایتدی ئینگلیزی |
| ٢١ | ١٩٧٦ | بایرن میونیخی ئەڵمانی | سانت ئیتیانی فەڕەنسی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | ١٩٧٧ | لیڤەرپوولی ئینگلیزی | منشنكلادباخی ئەڵمانی |
| ٢٣ | ١٩٧٨ | لیڤەرپوولی ئینگلیزی | ئێف سی بۆرخی بەلژیكی |
| ٢٤ | ١٩٧٩ | نۆتینگهام فۆرستی ئینگلیزی | مالمۆی سویدی |
| ٢٥ | ١٩٨٠ | نۆتینگهام فۆرستی ئینگلیزی | هامبۆرگی ئەڵمانی |
| ٢٦ | ١٩٨١ | لیڤەرپوولی ئینگلیزی | ڕیال مەدریدی ئیسپانی |
| ٢٧ | ١٩٨٢ | ئەستن ڤێلای ئینگلیزی | بایرن میونیخی ئەڵمانی |
| ٢٨ | ١٩٨٣ | هامبۆرگی ئەڵمانی | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٢٩ | ١٩٨٤ | لیڤەرپوولی ئینگلیزی | ڕۆمای ئیتاڵی |
| ٣٠ | ١٩٨٥ | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی | لیڤەرپوولی ئینگلیزی |
| ٣١ | ١٩٨٦ | ستیوابوخارستی ڕۆمانی | بەرشلۆنەی ئیسپانی |
| ٣٢ | ١٩٨٧ | پۆرتۆی پورتوگالی | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٣٣ | ١٩٨٨ | ئایندهۆڤنی هۆڵەندی | بەنفیكای پورتوگالی |
| ٣٤ | ١٩٨٩ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | ستیوابوخارستی ڕۆمانی |
| ٣٥ | ١٩٩٠ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | بەنفیكای پورتوگالی |
| ٣٦ | ١٩٩١ | ڕێدستار بەلگرادی یۆگسلافی | مارسیلیای فەڕەنسی |
| ٣٧ | ١٩٩٢ | بەرشلۆنەی ئیسپانی | سامبدۆریای ئیتاڵی |
| ٣٨ | ١٩٩٣ | مارسیلیای فەڕەنسی | ئەی سی میلانی ئیتاڵی |
| ٣٩ | ١٩٩٤ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | بەرشلۆنەی ئیسپانی |
| ٤٠ | ١٩٩٥ | ئەجاكسی هۆڵەندی | ئەی سی میلانی ئیتاڵی |
| ٤١ | ١٩٩٦ | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی | ئەجاكسی هۆڵەندی |
| ٤٢ | ١٩٩٧ | بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٤٣ | ١٩٩٨ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٤٤ | ١٩٩٩ | مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی | بایرن میونیخی ئەڵمانی |
| ٤٥ | ٢٠٠٠ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | ڤالانسیای ئیسپانی |
| ٤٦ | ٢٠٠١ | بایرن میونخی ئەڵمانی | ڤالانسیای ئیسپانی |
| ٤٧ | ٢٠٠٢ | ڕیال مەدریدی ئیسپانی | بایەرلیڤەركوزنی ئەڵمانی |
| ٤٨ | ٢٠٠٣ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | یۆڤنتۆسی ئیتاڵی |
| ٤٩ | ٢٠٠٤ | پۆرتۆی پورتوگالی | مۆناكۆی فەڕەنسی |
| ٥٠ | ٢٠٠٥ | لیڤەرپوولی ئینگلیزی | ئەی سی میلانی ئیتاڵی |
| ٥١ | ٢٠٠٦ | بەرشلۆنەی ئیسپانی | ئەرسناڵی ئینگلیزی |
| ٥٢ | ٢٠٠٧ | ئەی سی میلانی ئیتاڵی | لیڤەرپوولی ئینگلیزی |

## گۆڵكارانی جامی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا

| ژ | ساڵ | گۆڵكار | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٥٦ | میلۆتینۆڤیچ | پارتیزان بەلگراد | ٨ |
| ٢ | ١٩٥٧ | دێنیس ڤایۆلیت | مانچستەر یۆنایتد | ٩ |
| ٣ | ١٩٥٨ | دی ستیڤانۆ | ریال مەدرید | ١٠ |
| ٤ | ١٩٥٩ | جۆستن فۆنتین | ڕیمس | ١٠ |
| ٥ | ١٩٦٠ | پۆشكاش | ڕیال مەدرید | ١٢ |
| ٦ | ١٩٦١ | خۆزی ئەكواس | بەنفیكا | ١٠ |
| ٧ | ١٩٦٢ | هاینز ستریل | نۆرنبێرگ | ٨ |
| ٨ | ١٩٦٣ | خۆزی ئەلتاڤینی | میلان | ١٤ |
| ٩ | ١٩٦٤ | كۆڤاسیڤیچ/ماتزۆلا/پۆشكاش | پارتیزان/ئینتەر/ریال مەدرید | ٧ |
| ١٠ | ١٩٦٥ | ئۆزبیۆ/تۆرێس | بەنفیكا/بەنفیكا | ٩ |
| ١١ | ١٩٦٦ | ئەلبێرت/ئۆزبیۆ | فرنشفارۆش/بەنفیكا | ٧ |
| ١٢ | ١٩٦٧ | بیبنبێرگ/هیمست | فرۆفاتس/ئەندرلەخت | ٦ |
| ١٣ | ١٩٦٨ | ئۆزبیۆ | بەنفیكا | ٦ |
| ١٤ | ١٩٦٩ | دێنیس لو | مانچستەر یونایتد | ٩ |
| ١٥ | ١٩٧٠ | جۆنز/كیندفال | لیدز یونایتد/فینۆرد | ٧ |
| ١٦ | ١٩٧١ | ئەنتۆنیادیس | پاناتینایكۆس | ١٠ |
| ١٧ | ١٩٧٢ | كرۆیف/دۆنای/ماكاری/تاكاچ | ئەجاكس/ئۆجشت/سەلتیك/ستاندردی | ٥ |
| ١٨ | ١٩٧٣ | گێرد مۆلەر | بایرن میونیخ | ١٢ |
| ١٩ | ١٩٧٤ | گێرد مۆلەر | بایرن میونیخ | ٨ |
| ٢٠ | ١٩٧٥ | ماكارۆف/ گێرد مۆلەر | ئارارات یەریڤان/بایرن میونیخ | ٥ |
| ٢١ | ١٩٧٦ | یۆب هینكس | بروسیا منشنكلادباخ | ٦ |
| ٢٢ | ١٩٧٧ | كۆكینۆتا/گێرد مۆلەر | زیوریخ/بایرن میونیخ | ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | ١٩٧٨ | ئالن سيمۆنسن | بروسيا منشنكلادباخ | ٥ |
| ٢٤ | ١٩٧٩ | سۆلسێر | گراشهۆبەرز | ١١ |
| ٢٥ | ١٩٨٠ | سۆرين لێربی | ئەجاكس | ١٠ |
| ٢٦ | ١٩٨١ | ماكدێرمۆت/رۆمەنيگە/سۆنيس | ليڤەرپول/بايرن ميونيخ/ليڤەرپوولّ | ٦ |
| ٢٧ | ١٩٨٢ | هونيس | بايرن ميونيخ | ٧ |
| ٢٨ | ١٩٨٣ | پاولۆ رۆسی | يۆڤنتۆس | ٦ |
| ٢٩ | ١٩٨٤ | سۆكۆلّ | دينامۆ منسك | ٦ |
| ٣٠ | ١٩٨٥ | نيلسۆن/پلاتينی | گۆتنبێرگ/يۆڤنتۆس | ٧ |
| ٣١ | ١٩٨٦ | نيلسۆن | گۆتنبێرگ | ٧ |
| ٣٢ | ١٩٨٧ | سێڤيتكۆڤيچ | رێدستار | ٧ |
| ٣٣ | ١٩٨٨ | فيرێری/حاجی/مادجەر/ماكوێست/ميشال/ئەگواس | بۆردۆ/ستيوا/پۆرتۆ/رێنجەرز ريال مەدريد/بەنفيكا | ٤ |
| ٣٤ | ١٩٨٩ | ڤان باستن | ميلان | ٩ |
| ٣٥ | ١٩٩٠ | پاپان/رۆماريۆ | مارسيليا/ئايندهۆڤن | ٦ |
| ٣٦ | ١٩٩١ | باكۆلت/پاپان | تيرۆل/مارسيليا | ٦ |
| ٣٧ | ١٩٩٢ | پاپان/يۆران | مارسيليا/بەنفيكا | ٧ |
| ٣٨ | ١٩٩٣ | رۆماريۆ | ئايندەهۆڤن | ٧ |
| ٣٩ | ١٩٩٤ | كوێمان/رۆڤەر | بەرشلۆنە/ڤێردەربريمن | ٨ |
| ٤٠ | ١٩٩٥ | جۆرج ويا | پاريس سان جێرمان | ٨ |
| ٤١ | ١٩٩٦ | ليتمانن | ئەجاكس | ٩ |
| ٤٢ | ١٩٩٧ | ماكوێست | رێنجەرز | ٦ |
| ٤٣ | ١٩٩٨ | ديل پيێرۆ | يۆڤنتۆس | ١٠ |
| ٤٤ | ١٩٩٩ | شێڤچينكۆ | دينامۆ كيێڤ | ١٠ |
| ٤٥ | ٢٠٠٠ | ريڤاڵدۆ/رائول/رێبرۆڤ/جاردال | بەرشلۆنە/ريال مەدريد/دينامۆ كيێڤ/پۆرتۆ | ١٠ |
| ٤٦ | ٢٠٠١ | جاردال/شێڤچينكۆ | گەلاتە سەرای/ميلان | ٩ |
| ٤٧ | ٢٠٠٢ | نيستلرۆی | مانچستەر يرنايتد | ١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | مانچستەر یونایتد | نیستلرۆی | ٢٠٠٣ | ٤٨ |
| ٩ | مۆناکۆ | مۆریانتس | ٢٠٠٤ | ٤٩ |
| ٨ | مانچستەر یونایتد | نیستلرۆی | ٢٠٠٥ | ٥٠ |
| ٩ | میلان | شێڤچینکۆ | ٢٠٠٦ | ٥١ |
| ١٠ | میلان | کاکا | ٢٠٠٧ | ٥٢ |

## جامی یەکێتیی ئەوروپا ١٩٥٨ - ٢٠٠٦

| پاڵەوان | ساڵ | ژ |
|---|---|---|
| بەرشلۆنەی ئیسپانی | ١٩٥٨ | ١ |
| ساز نەکرا | ١٩٥٩ | ٢ |
| بەرشلۆنەی ئیسپانی | ١٩٦٠ | ٣ |
| ڕۆمای ئیتاڵی | ١٩٦١ | ٤ |
| ڤالانسیای ئیسپانی | ١٩٦٢ | ٥ |
| ڤالانسیای ئیسپانی | ١٩٦٣ | ٦ |
| ڕیال زاراگۆزای ئیسپانی | ١٩٦٤ | ٧ |
| فرینفارۆسی ئیسپانی | ١٩٦٥ | ٨ |
| بەرشلۆنەی ئیسپانی | ١٩٦٦ | ٩ |
| دینامۆ زەگربی یۆگسلافی | ١٩٦٧ | ١٠ |
| لیدز یونایتدی ئینگلیزی | ١٩٦٨ | ١١ |
| نیوکاسڵی ئینگلیزی | ١٩٦٩ | ١٢ |
| ئەرسناڵی ئینگلیزی | ١٩٧٠ | ١٣ |
| لیدز یونایتدی ئینگلیزی | ١٩٧١ | ١٤ |
| تۆتنهام هۆتسبێری ئینگلیزی | ١٩٧٢ | ١٥ |
| لیڤەرپووڵی ئینگلیزی | ١٩٧٣ | ١٦ |
| فیۆنۆردی هۆڵەندی | ١٩٧٤ | ١٧ |
| بروسیا منشنکلادباخی ئەڵمانی | ١٩٧٥ | ١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | ١٩٧٦ | ليڤەرپوولی ئینگلیزی |
| ٢٠ | ١٩٧٧ | یوڤنتۆسی ئیتالی |
| ٢١ | ١٩٧٨ | ئایندهوڤنی هۆڵەندی |
| ٢٢ | ١٩٧٩ | بروسیا مینشنکلادباخی ئەڵمانی |
| ٢٣ | ١٩٨٠ | فرانکفۆرتی ئەڵمانی |
| ٢٤ | ١٩٨١ | ئەبسویچ تاونی ئینگلیزی |
| ٢٥ | ١٩٨٢ | گۆتنبێرگی سویدی |
| ٢٦ | ١٩٨٣ | ئەندرلەختی بەلژیکی |
| ٢٧ | ١٩٨٤ | توتنهام هۆتسبێری ئینگلیزی |
| ٢٨ | ١٩٨٥ | ریال مەدریدی ئیسپانی |
| ٢٩ | ١٩٨٦ | ریال مەدریدی ئیسپانی |
| ٣٠ | ١٩٨٧ | گۆتنبێرگی سویدی |
| ٣١ | ١٩٨٨ | بایرلیڤەرکوزنی ئەڵمانی |
| ٣٢ | ١٩٨٩ | ناپۆلی ئیتالی |
| ٣٣ | ١٩٩٠ | یوڤنتۆسی ئیتالی |
| ٣٤ | ١٩٩١ | ئینتەرمیلانی ئیتالی |
| ٣٥ | ١٩٩٢ | ئەجاکسی هۆڵەندی |
| ٣٦ | ١٩٩٣ | یوڤنتۆسی ئیتالی |
| ٣٧ | ١٩٩٤ | ئینتەرمیلانی ئیتالی |
| ٣٨ | ١٩٩٥ | پارمای ئیتالی |
| ٣٩ | ١٩٩٦ | بایرن میونیخی ئەڵمانی |
| ٤٠ | ١٩٩٧ | شالکەی ئەڵمانی |
| ٤١ | ١٩٩٨ | ئینتەرمیلانی ئیتالی |
| ٤٢ | ١٩٩٩ | پارمای ئیتالی |
| ٤٣ | ٢٠٠٠ | گەلاتەسەرای تورکی |
| ٤٤ | ٢٠٠١ | ليڤەرپوولی ئینگلیزی |
| ٤٥ | ٢٠٠٢ | فینۆردی هۆڵەندی |
| ٤٦ | ٢٠٠٣ | پۆرتۆی پورتوگالی |
| ٤٧ | ٢٠٠٤ | ڤالانسیای ئیسپانی |
| ٤٨ | ٢٠٠٥ | سیسکا مۆسکۆی رووسی |
| ٤٩ | ٢٠٠٦ | ئیشبیلیەی ئیسپانی |
| ٥٠ | ٢٠٠٧ | |

# جامی سوپەری ئەوروپی

| ژ | ساڵ | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٧٢ | ئەیاکسی هۆڵەندی |
| ٢ | ١٩٧٣ | ئەیاکسی هۆڵەندی |
| ٣ | ١٩٧٤ | بەڕێوە نەچوو |
| ٤ | ١٩٧٥ | دایناموٚ کێیڤی سۆڤیەتی |
| ٥ | ١٩٧٦ | ئەندرلەختی بەلژیکی |
| ٦ | ١٩٧٧ | لیڤەرپوولی ئینگلیزی |
| ٧ | ١٩٧٨ | ئەندرلەختی بەلژیکی |
| ٨ | ١٩٧٩ | نۆتینگهامی ئینگلیزی |
| ٩ | ١٩٨٠ | ڤالانسیای ئیسپانی |
| ١٠ | ١٩٨١ | بەڕێوە نەچوو |
| ١١ | ١٩٨٢ | ئەستۆن ڤێللای ئینگلیزی |
| ١٢ | ١٩٨٣ | ئەبەردینی سکۆتلەندی |
| ١٣ | ١٩٨٤ | یۆڤانتۆسی ئیتاڵی |
| ١٤ | ١٩٨٥ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٥ | ١٩٨٦ | ستیوا بۆخارستی ڕۆمانی |
| ١٦ | ١٩٨٧ | پۆرتۆی پورتوگالی |
| ١٧ | ١٩٨٨ | میشلنی بەلژیکی |
| ١٨ | ١٩٨٩ | میلانی ئیتاڵی |
| ١٩ | ١٩٩٠ | میلانی ئیتاڵی |

| | | |
|---|---|---|
| مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی | ١٩٩١ | ٢٠ |
| بەرشەلۆنەی ئیسپانی | ١٩٩٢ | ٢١ |
| پارمای ئیتاڵی | ١٩٩٣ | ٢٢ |
| میلانی ئیتاڵی | ١٩٩٤ | ٢٣ |
| ئەیاکسی هۆڵەندی | ١٩٩٥ | ٢٤ |
| یۆڤانتۆسی ئیتاڵی | ١٩٩٦ | ٢٥ |
| بەرشەلۆنەی ئیسپانی | ١٩٩٧ | ٢٦ |
| چێڵسی ئینگلیزی | ١٩٩٨ | ٢٧ |
| لاتسیۆی ئیتاڵی | ١٩٩٩ | ٢٨ |
| گەلاتەسەرای تورکی | ٢٠٠٠ | ٢٩ |
| لێڤەرپوولی ئینگلیزی | ٢٠٠١ | ٣٠ |
| ریال مەدرید ئیسپانی | ٢٠٠٢ | ٣١ |
| میلانی ئیتاڵی | ٢٠٠٣ | ٣٢ |
| ڤالانسیای ئیسپانی | ٢٠٠٤ | ٣٣ |
| لیڤەرپوولی ئینگلیزی | ٢٠٠٥ | ٣٤ |
| ئیشبیلیەی ئیسپانی | ٢٠٠٦ | ٣٥ |
| میلانی ئیتاڵی | ٢٠٠٧ | ٣٦ |

## یەکێتیی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور

یەکێتیی تۆپی پێی ئەرژەنتینی یەکەمین یەکێتیی تۆپی پێ بوو لە ئەمەریکای باشوور سەری هەڵدا. ئەو یەکێتییە لە ساڵی ١٨٩٣ دامەزرا، دوای ئەو یەکێتیی تۆپی پێی چیلی بوو لە ساڵی ١٨٩٥ دامەزرا.

**ئەو پاڵەوانێتییانەی یەکێتیی تۆپی پێی ئەمەریکای باشوور سەرپەرشتییان دەکات:**

١- جامی ئەمەریکای باشوور (کوپا ئەمریکا).

٢- جامی لاوانی ئەمەریکای باشوور.

٣- جامی تازەپێگەیشتوانی ئەمەریکای باشوور.

٤- جامی یانەکانی ئەمەریکای باشوور بۆ پاڵەوانانی خولەکان (لیپرتادۆرس).

٥- جامی سوپەری ئەمەریکای باشوور.

٦- جامی یەکێتیی ئەمەریکای باشوور.

## جامی ئەمەریکای باشوور (کوپا ئەمەریکا) ١٩١٦ - ٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩١٦ | ئەرژەنتین | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ٢ | ١٩١٧ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ٣ | ١٩١٩ | بەڕازیل | بەڕازیل | ئۆرگوای |
| ٤ | ١٩٢٠ | چیلی | پاراگوای | ئەرژەنتین |
| ٥ | ١٩٢١ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ٦ | ١٩٢٢ | بەڕازیل | بەڕازیل | پاراگوای |
| ٧ | ١٩٢٣ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ٨ | ١٩٢٤ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ٩ | ١٩٢٥ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | بەڕازیل |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ١٩٢٦ | چیلی | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ١١ | ١٩٢٧ | پیرۆ | ئەرژەنتین | ئۆرگوای |
| ١٢ | ١٩٢٩ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | پاراگوای |
| ١٣ | ١٩٣٥ | پیرۆ | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ١٤ | ١٩٣٧ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ١٥ | ١٩٣٩ | پیرۆ | پیرۆ | ئۆرگوای |
| ١٦ | ١٩٤١ | چیلی | ئەرژەنتین | ئۆرگوای |
| ١٧ | ١٩٤٢ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ١٨ | ١٩٤٥ | چیلی | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ١٩ | ١٩٤٦ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ٢٠ | ١٩٤٧ | ئۆکوادۆر | ئەرژەنتین | پاراگوای |
| ٢١ | ١٩٤٩ | بەڕازیل | بەڕازیل | پاراگوای |
| ٢٢ | ١٩٥٣ | پیرۆ | پاراگوای | بەڕازیل |
| ٢٣ | ١٩٥٤ | چیلی | ئەرژەنتین | چیلی |
| ٢٤ | ١٩٥٦ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | چیلی |
| ٢٥ | ١٩٥٧ | پیرو | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ٢٦ | ١٩٥٨ | ئەرژەنتین | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ٢٧ | ١٩٥٩ | ئۆکوادۆر | ئۆرگوای | ئەرژەنتین |
| ٢٨ | ١٩٦٣ | پۆلیڤیا | پۆلیڤیا | پاراگوای |
| ٢٩ | ١٩٦٧ | ئۆرۆگوای | ئۆرۆگوای | ئەرژەنتین |
| ٣٠ | ١٩٧٥ | چوون و هاتن | پیرۆ | کۆلۆمبیا |
| ٣١ | ١٩٧٩ | چوون و هاتن | پاراگوای | چیلی |
| ٣٢ | ١٩٨٣ | چوون و هاتن | ئۆرگوای | بەڕازیل |
| ٣٣ | ١٩٨٧ | ئەرژەنتین | ئۆرگوای | چیلی |
| ٣٤ | ١٩٨٩ | بەڕازیل | بەڕازیل | ئۆرگوای |
| ٣٥ | ١٩٩١ | چیلی | ئەرژەنتین | بەڕازیل |
| ٣٦ | ١٩٩٣ | ئۆکوادۆر | ئەرژەنتین | مەکسیك |
| ٣٧ | ١٩٩٥ | ئۆرگوای | ئۆرگوای | بەڕازیل |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | ١٩٩٧ | پۆلیڤیا | بەڕازیل | ئۆرگوای |
| ٣٩ | ١٩٩٩ | پاراگوای | بەڕازیل | ئۆرگوای |
| ٤٠ | ٢٠٠١ | کۆڵۆمبیا | کۆڵۆمبیا | مەکسیك |
| ٤١ | ٢٠٠٤ | پیرۆ | بەڕازیل | ئەرژەنتین |
| ٤٢ | ٢٠٠٧ | ڤەنزوێللا | بەڕازیل | ئەرژەنتین |

## جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەمەریکای باشوور (لیپرتادۆرس) ١٩٦٠ - ٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٦٠ | پێنارۆل/ئۆرگوای | ئۆلمپیا/پاراگوای |
| ٢ | ١٩٦١ | پێنارۆل/ئۆرگوای | پالمێراس/بەڕازیل |
| ٣ | ١٩٦٢ | سانتۆس/بەڕازیل | پێنارۆل/ئۆرگوای |
| ٤ | ١٩٦٣ | سانتۆس/بەڕازیل | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین |
| ٥ | ١٩٦٤ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | ناسیۆنال/ئۆرگوای |
| ٦ | ١٩٦٥ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | پێنارۆل/ئۆرگوای |
| ٧ | ١٩٦٦ | پێنارۆل/ئۆرگوای | ڕیڤەرپلێت/ئەرژەنتین |
| ٨ | ١٩٦٧ | ڕایسینگ/ئەرژەنتین | ناسیۆنال/ئۆرگوای |
| ٩ | ١٩٦٨ | ئیستۆدیانتس/ئەرژەنتین | پالمێراس/بەڕازیل |
| ١٠ | ١٩٦٩ | ئیستۆدیانتس/ئەرژەنتین | ناسیۆنال/ئۆرگوای |
| ١١ | ١٩٧٠ | ئیستۆدیانتس/ئەرژەنتین | پێنارۆل/ئۆرگوای |
| ١٢ | ١٩٧١ | ناسیۆنال/ئۆرگوای | ئیستۆدیانتس/ئەرژەنتین |
| ١٣ | ١٩٧٢ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | یونیڤێرستاریۆ/پیرۆ |
| ١٤ | ١٩٧٣ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | کۆلۆکۆلۆ/چیلی |
| ١٥ | ١٩٧٤ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | ساوپاولۆ/بەڕاریل |
| ١٦ | ١٩٧٥ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | یونیۆن ئیسپانیۆلا/چیلی |
| ١٧ | ١٩٧٦ | کرۆزێرۆ/بەڕازیل | ڕیڤەرپلێت/ئەرژەنتین |
| ١٨ | ١٩٧٧ | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین | کرۆزێرۆ/بەڕازیل |
| ١٩ | ١٩٧٨ | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین | دیپۆرتیڤۆکال/کۆلۆمبیا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | ١٩٧٩ | ئۆلمپیا/پاراگوای | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین |
| ٢١ | ١٩٨٠ | ناسیۆنال/ئۆرگوای | ئینتەرناسیۆنال/بەڕازیل |
| ٢٢ | ١٩٨١ | فلامینگۆ/بەڕازیل | کۆپریێللۆ/چیلی |
| ٢٣ | ١٩٨٢ | پێنارۆل/ئۆرگوای | کۆپریێللۆ/چیلی |
| ٢٤ | ١٩٨٣ | گریمیۆ/بەڕازیل | پێنارۆل/ئۆرگوای |
| ٢٥ | ١٩٨٤ | ئیندپێندنت/ئەرژەنتین | گریمیۆ/بەڕازیل |
| ٢٦ | ١٩٨٥ | ئەرژەنتینۆس/ئەرژەنتین | ئەمەریکا/کۆڵۆمبیا |
| ٢٧ | ١٩٨٦ | ڕیڤەرپلێت/ئەرژەنتین | ئەمەریکا/کۆڵۆمبیا |
| ٢٨ | ١٩٩٧ | پێنارۆل/ئۆرگوای | ئەمەریکا/کۆڵۆمبیا |
| ٢٩ | ١٩٨٨ | ناسیۆنال/ئۆرگوای | نیوزئۆڵد بۆیز/ئەرژەنتین |
| ٣٠ | ١٩٨٩ | ئەتلەتیکۆ ناسیۆنال/کۆڵۆمبیا | ئۆلمپیا/پاراگوای |
| ٣١ | ١٩٩٠ | ئۆلمپیا/پاراگوای | بەرشلۆنە/ئۆکوادۆر |
| ٣٢ | ١٩٩١ | کۆلۆکۆلۆ/چیلی | ئۆلمپیا/پاراگوای |
| ٣٣ | ١٩٩٢ | ساوپاولۆ/بەڕاریل | نیوزئۆڵد بۆیز/ئەرژەنتین |
| ٣٤ | ١٩٩٣ | ساوپاولۆ/بەڕاریل | یونیڤەرسیدادکاتۆلیکا/چیلی |
| ٣٥ | ١٩٩٤ | فیلیزساسفیڵد/ئەرژەنتین | ساوپاولۆ/بەڕاریل |
| ٣٦ | ١٩٩٥ | گریمیۆ/بەڕازیل | ئەتلەتیکۆ ناسیۆنال/کۆڵۆمبیا |
| ٣٧ | ١٩٩٦ | ڕیڤەرپلێت/ئەرژەنتین | ئەمەریکا/کۆڵۆمبیا |
| ٣٨ | ١٩٩٧ | کرۆزێرۆ/بەڕازیل | سپۆرتینگ کریستال/پیرۆ |
| ٣٩ | ١٩٩٨ | فاسکۆدی گاما/بەڕازیل | بەرشلۆنە/ئۆکوادۆر |
| ٤٠ | ١٩٩٩ | پالمێراس/بەڕازیل | دیپۆرتیڤۆکالی/کۆڵۆمبیا |
| ٤١ | ٢٠٠٠ | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین | پالمێراس/بەڕازیل |
| ٤٢ | ٢٠٠١ | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین | کرۆز ئەزۆل/مەکسیك |
| ٤٣ | ٢٠٠٢ | ئۆلمپیا/پاراگوای | ساوکاتانۆ/بەڕازیل |
| ٤٤ | ٢٠٠٣ | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین | سانتۆس/بەڕازیل |
| ٤٥ | ٢٠٠٤ | ئۆنس کالداس/کۆڵۆمبیا | بوکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦ | ٢٠٠٥ | ساوپاولۆ/بەڕازیل | ئەتلەتیکۆ بارانانس/بەڕازیل |
| ٤٧ | ٢٠٠٦ | ئینتەرناسیونال/بەڕازیل | ساوپاولۆ/بەڕازیل |
| ٤٨ | ٢٠٠٧ | بۆکاجۆنیۆرز/ئەرژەنتین | جریمیۆ/بەڕازیل |



## یەکێتیی تۆپی پێی ئەفریکا

بەئەندامێتیی ٣ وڵات یەکێتیی تۆپی پێی ئەفریکا لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرا. وڵاتەکانیش بریتی بوون لە میسر و سودان و ئەسیوبیا.

وڵاتی ئەفریکای باشوور یەکەم یەکێتی تۆپی پێ بوو لە کیشوەری ڕەش دامەزرا ئەویش لە ساڵی ١٨٩٢ بوو دوای ئەو یەکێتیی وڵاتی زائیر بوو (کۆنگۆی دیموکرات) لە ساڵی ١٩١٩ و دوای ئەوانیش یەکێتیی تۆپی پێی میسری بوو کە لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا.

**یەکێتیی تۆپی پێی ئەفریکا سەرپەرشتیی ئەم پاڵەوانێتییانە دەکات**

١- پاڵەوانێتیی جامی نەتەوەکانی ئەفریکا

٢- جامی لاوانی ئەفریکا

٣- جامی تازەپێگەیشتووانی ئەفریکا

٤- جامی یانەکانی ئەفریکا بۆ پاڵەوانانی خولەکان

٥- جامی یانەکانی ئەفریکا بۆ پاڵەوانانی جامەکان

٦- پاڵەوانێتیی جامی یەکێتیی ئەفریکا

٧- پاڵەوانێتیی جامی سوپەری ئەفریکی

## جامی نەتەوەکانی ئەفریکا ١٩٥٧ - ٢٠٠٦

| ژ | ساڵ | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٥٧ | میسر | ئەسیوبیا |
| ٢ | ١٩٥٩ | میسر | سودان |
| ٣ | ١٩٦١ | ئەسیوبیا | میسر |
| ٤ | ١٩٦٣ | گانا | سودان |
| ٥ | ١٩٦٥ | تونس | گانا |
| ٦ | ١٩٦٨ | کۆنگۆی دیموکراتی | گانا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | ١٩٧٠ | سودان | گانا |
| ٨ | ١٩٧٢ | کۆنگۆ | مالی |
| ٩ | ١٩٧٤ | کۆنگۆی دیموکراتی | زامبیا |
| ١٠ | ١٩٧٦ | مەغریب | گینیا |
| ١١ | ١٩٧٨ | گانا | ئۆگەندە |
| ١٢ | ١٩٨٠ | نێجیریا | جەزائیر |
| ١٣ | ١٩٨٢ | گانا | لیبیا |
| ١٤ | ١٩٨٤ | کامیرۆن | نێجیریا |
| ١٥ | ١٩٨٦ | میسر | کامیرۆن |
| ١٦ | ١٩٨٨ | کامیرۆن | نێجیریا |
| ١٧ | ١٩٩٠ | جەزائیر | نێجیریا |
| ١٨ | ١٩٩٢ | ساحیل عاج | گانا |
| ١٩ | ١٩٩٤ | نێجیریا | زامبیا |
| ٢٠ | ١٩٩٦ | ئەفریکای باشوور | تونس |
| ٢١ | ١٩٩٨ | میسر | ئەفریکای باشوور |
| ٢٢ | ٢٠٠٠ | کامیرۆن | نێجیریا |
| ٢٣ | ٢٠٠٢ | کامیرۆن | سەنیگال |
| ٢٤ | ٢٠٠٤ | تونس | مەغریب |
| ٢٥ | ٢٠٠٦ | میسر | ساحل عاج |

## باشترین یاریزان لە ئەفریکا

| ژ | ساڵ | یاریزان | وڵات |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٧٠ | سالیف کیتا | مالی |
| ٢ | ١٩٧١ | ئیبراهیم ساندەی | گانا |
| ٣ | ١٩٧٢ | شەریف سلێمان | گینیا |
| ٤ | ١٩٧٣ | شیمن بۆنگا | کۆنگۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | ١٩٧٤ | پاول مۆنێلا | کۆنگو |
| ٦ | ١٩٧٥ | ئەحمەد فیراس | مەغریب |
| ٧ | ١٩٧٦ | رۆجی میلا | کامیرۆن |
| ٨ | ١٩٧٧ | تاریق دیاب | تونس |
| ٩ | ١٩٧٨ | کەریم عەبدولڕەزاق | گانا |
| ١٠ | ١٩٧٩ | تۆماس ئەنکۆنۆ | کامیرۆن |
| ١١ | ١٩٨٠ | جین مانکا ئۆنجینی | کامیرۆن |
| ١٢ | ١٩٨١ | بەلوومی | جەزائیر |
| ١٣ | ١٩٨٢ | تۆماس ئەنکۆنۆ | کامیرۆن |
| ١٤ | ١٩٨٣ | مەحمود خەتیب | میسر |
| ١٥ | ١٩٨٤ | تیفلی ئەبیجا | کامیرۆن |
| ١٦ | ١٩٨٥ | محەمەد تەیمومی | مەغریب |
| ١٧ | ١٩٨٦ | بادۆ زاکی | مەغریب |
| ١٨ | ١٩٨٧ | رابح مادجەر | جەزائیر |
| ١٩ | ١٩٨٨ | کالوشا بوالیا | زامبیا |
| ٢٠ | ١٩٨٩ | کالوشا بوالیا | زامبیا |
| ٢١ | ١٩٩٠ | جۆرج ویا | لەیبیریا |
| ٢٢ | ١٩٩١ | رۆجیٚ مێلا | کامیرۆن |
| ٢٣ | ١٩٩٢ | ئەبیدی پێلیٚ | گانا |
| ٢٤ | ١٩٩٣ | ئەبیدی پێلیٚ | گانا |
| ٢٥ | ١٩٩٤ | رەشیدی یاکینی | نێجیریا |
| ٢٦ | ١٩٩٥ | ئیمانوێل ئەمۆکاچی | نێجیریا |
| ٢٧ | ١٩٩٦ | جۆرج ویا | لەیبیریا |
| ٢٨ | ١٩٩٧ | نوانکۆ کانۆ | نێجیریا |
| ٢٩ | ١٩٩٨ | ڤیکتۆر ئەکبیبا | نێجیریا |
| ٣٠ | ١٩٩٩ | مستەفا حاجی | مەغریب |
| ٣١ | ٢٠٠٠ | نوانکۆ کانۆ | نێجیریا |
| ٣٢ | ٢٠٠١ | پاتریك ئەمبۆبا | کامیرۆن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | ٢٠٠٢ | حاجی دیوف | سەنیگال |
| ٣٤ | ٢٠٠٣ | حاجی دیوف | سەنیگال |
| ٣٥ | ٢٠٠٤ | سامویّل ئیتۆ | کامیرۆن |
| ٣٦ | ٢٠٠٥ | سامویّل ئیتۆ | کامیرۆن |
| ٣٧ | ٢٠٠٦ | سامویّل ئیتۆ | کامیرۆن |
| ٣٨ | ٢٠٠٧ | | |

## یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا

بەئەندامێتیی ١٢ وڵات لە ٨ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٥٤ یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا لە مانێللای پایتەختی تایلاند دامەزرا.

سەرەتا ١٢ هەڵبژاردە ئەندام بوون و ئێستا ٤٥ وڵاتی ئەندامی هەیە. ئەو ٤٥ وڵاتە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی گۆی زەوی لە خۆ دەگرن.

یەکەمین یەکێتیی تۆپی پیّ لە سانگافورە بوو لە ساڵی ١٨٩٢ و دوای ئەویش یەکێتیی تۆپی پێی ئێران بوو لە ساڵی ١٩٢٠. دوای ئەویش یەکێتیی تۆپی پێی ژاپۆن بوو کە لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزرا.

**یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا سەرپەرشتیی ئەم پاڵەوانێتییانە دەکات**

١- پاڵەوانێتیی جامی نەتەوەکانی ئاسیا

٢- پاڵەوانێتیی لاوانی ئاسیا

٣- پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشتووانی ئاسیا

٤- خولی یارییەکانی ئاسیا

٥- پاڵەوانێتیی یانەکانی ئاسیا بۆ پاڵەوانانی خولەکان

٦- پاڵەوانێتیی یانەکانی ئاسیا بۆ پاڵەوانانی جامەکان

٧- جامی سوپەری ئاسیا

## جامی نەتەوەکانی ئاسیا ١٩٥٦ -٢٠٠٧

| ژ | ساڵ | شوێن | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٥٦ | هۆنگ کۆنگ | کۆریای باشوور | ئیسرائیل |
| ٢ | ١٩٦٠ | کۆریای باشوور | کۆریای باشوور | ئیسرائیل |
| ٣ | ١٩٦٤ | ئیسرائیل | ئیسرائیل | هیند |
| ٤ | ١٩٦٨ | ئێران | ئێران | ئیسرائیل |
| ٥ | ١٩٧٢ | تایلاند | ئێران | کۆریای باشوور |
| ٦ | ١٩٧٦ | ئێران | ئێران | کوێت |
| ٧ | ١٩٨٠ | کوێت | کوێت | کۆریای باشوور |
| ٨ | ١٩٨٤ | سەنگافورە | سعودیە | چین |
| ٩ | ١٩٨٨ | قەتەر | سعودیە | کۆریای باشوور |
| ١٠ | ١٩٩٢ | ژاپۆن | ژاپۆن | سعودیە |
| ١١ | ١٩٩٦ | ئیمارات | سعودیە | ئیمارات |
| ١٢ | ٢٠٠٠ | لوبنان | ژاپۆن | سعودیە |
| ١٣ | ٢٠٠٤ | چین | ژاپۆن | چین |
| ١٤ | ٢٠٠٧ | تایلاند/ئیندۆنیسیا /ڤێتنام/مالیزیا | عێراق | سعودیە |



# باشترین یاریزان لە ئاسیا

| ژ | ساڵ | یاریزان | وڵات |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٩٤ | سەعید عەوێران | سعودیە |
| ٢ | ١٩٩٥ | ماسامی ئیهارا | ژاپۆن |
| ٣ | ١٩٩٦ | خوداداد عەزیزی | ئێران |
| ٤ | ١٩٩٧ | هیدیتۆچ ناکاتا | ژاپۆن |
| ٥ | ١٩٩٨ | هیدیتۆچ ناکاتا | ژاپۆن |
| ٦ | ١٩٩٩ | عەلی دائی | ئێران |
| ٧ | ٢٠٠٠ | نەواف تیمات | سعودیە |
| ٨ | ٢٠٠١ | فاز زهی هی | چین |
| ٩ | ٢٠٠٢ | شینجی ئەکۆنۆ | ژاپۆن |
| ١٠ | ٢٠٠٣ | مەهدی مەهدەڤیکیا | ئێران |
| ١١ | ٢٠٠٤ | عەلی کەریمی | ئێران |
| ١٢ | ٢٠٠٥ | حەمەد مونتەشری | سعودیە |
| ١٣ | ٢٠٠٦ | خەلفان ئیبراهیم | قەتەر |
| ١٤ | ٢٠٠٧ | یاسر قەحتانی | سعودیە |

## یەکێتیی تۆپی پێی ئەمریکای باکوور
## (یەکێتیی باکوور و ناوەڕاستی ئەمەریکا و کاریبی)
## کۆنکاکاف

لە ساڵی **١٩٦١** دامەزراوە. لەم وڵاتانە پێکهاتووە:

باکووری ئەمەریکا: کەنەدا، مەکسیك، ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ناوەڕاستی ئەمەریکا: سلڤادۆر، بلیز، پەنەما، گواتیمالا، کۆستاریکا، نیکاراگوا، هندۆراس.

ناوچەی کاریبی: ڕوبا، ئەنتیگاوباربۆدا، ئەنگوێلا، بەهاما، پۆرتۆریکۆ، باربادۆس، دوورگەکانی بەرمۆدا، دوورگەکانی کایمان، دوورگەکانی گوادالوپ، دوورگەکانی بەریتانیا، دوورگەکانی ئەمەریکا، دوورگەکانی ئەنتێلی هۆڵەندی، دوورگەکانی ترێکس و کایکۆس، ترینیدادوتۆباگۆ، کوبا، دۆمینیکا، کۆماری دۆمینیکان، جامایکا، گرینادا، گویانا، هاییتی، مۆنتراستن، مارتینیگ، سانت فنسنت و گریناندێز، سانت کیتس و نیفیس، سانت لوسیا، سان مارتین، سانت مارتین، گویانای فەڕەنسی،

**ئەو پاڵەوانێتییانەی سەرپەرشتییان دەکات:**

١- جامی زێڕینی پیاوان

٢- جامی زێڕینی ئافرەتان

٣- پاڵەوانێتیی ئەمەریکای ناوەڕاست

٤- پاڵەوانێتیی کاریبی

٥- پاڵاوتنی کۆنکاکاف بۆ ئۆلۆمپیاد

٦- پاڵەوانێتیی کۆنکاکاف ژێر تەمەنی ٢٠ ساڵان

٧- پاڵەوانێتیی کۆنکاکاف ژێر تەمەنی ١٧ ساڵان

٨- پاڵەوانێتیی کۆنکاکاف بۆ تۆپی پێی کەنارەکان



## بەشی چوارەم

# چەند زانیارییەکی گرنگ

## بەشی چوارەم

# چەند زانیارییەکی گرنگ

* یەکەمین یاریی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە نێوان تیپی سکۆتلەندە و تیپی ئینگلتەرە بوو. ئەم یارییە لە ۳۰ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۸۷۲ لە شاری گلاسکۆی سکۆتلەندی ئەنجام درا. ئەوکات یەکێتیی تۆپی پێی سکۆتلەندی دانەمەزرابوو، بەڵکو دوای ئەو یارییە بە ۳ مانگ دامەزرا. تیپی ئینگلتەرە لەم یارییەدا لە بەرامبەر یانەی کوین پارک یاریی کرد. کوین پارک لە ساڵی ۱۸٦۳دا دامەزراوە.



* یەکەم یاریزانی پیشەگەر جۆن لۆف و فیکتۆر سۆتەر بوون کە بۆ یانەی داروێنی باکووری ئینگلتەرە لە وەرزی ۱۸۷۹ یارییان کرد.

* یەکەم خولی یانەکان بۆ تۆپی پێ لە ۱۲ یانەی ئینگلیزی پێکهاتبوو. لە ساڵی ۱۸۸۸دا ولیەم ماك گریگۆری هاووڵاتیی سکۆتلەندی خولێکی تۆپی پێی بۆ ۱۲ی ئینگلیزی کردەوە. لە یەکەم یاریی ئەو خولەدا کە لە ۱۸۸۸/۸/۸ ئەنجام درا جاك گۆردن یاریزانی یانەی بریستۆن نۆرت ئێند یەکەم گۆڵی لە یەکەم خولدا تۆمار کرد.

* لە ساڵی ۱۹۰٤ یەکەم یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ تۆپی پێ دامەزرا و بە FIFA ناسرا. دەستەی دامەزرێنەری ئەو یەکێتییە پێکهاتبوو لە وڵاتانی بەلژیکا، دانیمارك، فەرەنسا، هۆڵەندا، ئیسپانیا، سویسرا لە ئەوروپا. وڵاتی ئەفریکای باشوور یەکەم وڵاتی ئەفریکا بوو لە فیفا، ئەرژەنتین لە ئەمەریکای لاتین. کەنەدا لە ئەمەریکای باکوور و تایلەند لە ئاسیا و نیوزلەندە لە کیشوەری ئوسترالیا. تەیموری ڕۆژهەڵات و دوورگەکانی قەمەریش نوێترین ئەندامی فیفان.

* ژمارەی ئەو وڵاتانەی ئەندامی فیفان بریتین لە ٢٠٨ وڵات، هەرچی لە ژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکانە بریتین لە ١٩١ وڵات.
* یەکەم پاڵەوانێتیی جیهانی بۆ تۆپی پێی پیاوان جامی جیهانە کە لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئۆرگوای بەڕێوەچوو. لەم پاڵەوانێتییەدا ١٣ هەڵبژاردە بەشدارییان تێدا کرد و ئۆرگوای یەکەم جامی جیهانی بەرز کردەوە.
* یەکەم پاڵەوانێتیی جیهانی بۆ تۆپی پێی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٩١ لە چین بەڕێوەچوو تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەمین جامی جیهانیی بەرزکردەوە.
* یەکەم یاری کە لە تەلەڤزیۆن گواسترایەوە لە ساڵی ١٩٣٨ بوو لە ئینگلتەرە.
* خێراترین دەرکردنی یاریزانێك لە مێژووی تۆپی پێ مارك سمیتی گۆڵچیی یانەی کارۆی ئینگلیزی بوو کە دوای ١٩ چرکە لە دەستپێکردنی یاری کرایە دەرەوە.
* خێراترین بەرزکردنەوەی کارتی سوور لە مۆندیال بەڕووی لۆن فلّدۆی یاریزانی ڕۆمانی بوو ئەویش دوای تێپەڕبوونی ٣ خولەك بەسەر دەستپێکردنی یاریی نێوان ڕۆمانیا و سویسرا لە مۆندیالی ١٩٩٤ بوو.
* زلترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا ولی فۆلکی گۆڵچیی یانەی برادفۆرد ستی ئینگلیزی بوو. ناوبراو کێشی ١٤١ کیلۆگرام و درێژی ١٩٠ سانتیمەتر بوو.
* دیکسی دین-ی یاریزانی یانەی ئێڤەرتۆن زۆرترین گۆڵی لە خولێکدا تۆمار کردووە، ئەویش لە وەرزی ١٩٢٧ - ١٩٢٨ بوو و لەو وەرزەدا ٦٠ گۆڵی تۆمار کرد، هەمان یاریزان خاوەنی ژمارەی پێوانەیی زۆرترین گۆڵ کە بۆ یەك یانەی تۆمار کردبێ. دین توانیویەتی لە ماوەی نێوان (١٩٢٥ - ١٩٣٦) ٣٢٦ گۆڵ تۆمار بکات.
* جۆرج کامسێل خاوەنی تۆمارکردنی زۆرترین هاتریکە لە وەرزێکدا دوای ئەوەی لە وەرزی (١٩٢٦ - ١٩٢٧) ٩ هاتریکی بۆ یانەی میدلزبرۆ تۆمار کرد.
* یانەی مانچستەر خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لە تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ و تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ لە دژی لە یەك وەرزدا. مانچستەر لە وەرزی (١٩٥٧ - ١٩٥٨) توانی ١٠٤ گۆڵ بکات و ١٠٠ گۆڵیشی لێ کرا.
* جۆن هۆرست یاریزانی ئینگلیزی یەکەم یاریزانە هاتریکی لە یاریی کۆتایی جامی جیهاندا تۆمار کردووە ئەویش لە یاریی نێوان هەڵبژاردەکەی لە دژی هەڵبژاردەی

ئەڵمانیا لە یاریی کۆتایی مۆندیالی ١٩٦٦.

* بەڕازیل لە هەموو وڵاتانی جیهان زیاتر توانیویەتی ببێتە پاڵەوانی جیهان لەم یارییەدا. بەڕازیل ٥ جار لە ساڵانی ١٩٥٨، ١٩٦٢، ١٩٧٠، ١٩٩٤، ٢٠٠٢ جامی جیهانی بەدەست هێناوە. دوای ئەو ئیتاڵیا توانیویەتی ٤ جار جامەکە بەدەست بهێنێت لە ساڵانی ١٩٣٤،١٩٣٨، ١٩٨٢، ٢٠٠٦. ئەڵمانیا ٣ جار جامەکەی بەدەست هێناوە لە ساڵانی ١٩٥٤، ١٩٧٤، ١٩٩٠. ئەرژەنتین دوو جار بووەتە پاڵەوانی جیهان لە ساڵانی ١٩٧٨، ١٩٨٦. هەرچی ئینگلتەرەیە یەك جار بووەتە پاڵەوانی جیهان ئەویش لە ساڵی ١٩٦٦بوو. بەهەمان شێوە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٨ بووە پاڵەوانی جیهان.
* خولی چوارەمی جامی جیهان بەهۆی شەڕی جیهان بۆ ٨ ساڵ دوا خرا. ژاپۆن و ئەڵمانیاش بەهۆی شەڕ لە یەکێتیی نێودەوڵەتیی تۆپی پێ بۆ ماوەی ٤ ساڵ دوور خرانەوە.
* بەهۆی کێشەی تایوان، وڵاتی چین لە ساڵی ١٩٥٨ لە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی دوورکەوتەوە و لە ساڵی ١٩٨٠ گەڕایەوە ڕیزی یەکێتییەکە.
* لە ساڵی ١٩٧٦ بەهۆی ڕەگەزپەرستی وڵاتی ئەفریکای باشوور دوور خرایەوە و لە ساڵی ١٩٩٢ هاتەوە ڕیزی یەکێتییەکە.
* دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و یۆگسلافیا. ١٤ وڵاتی نوێ بوونە ئەندامی یەکێتییەکە.
* لوسیان لۆرانی فەڕەنسی یەکەم گۆڵی لە مێژووی مۆندیالدا لە ساڵی ١٩٣٠ لە گۆڵی مەکسیك تۆمار کرد.
* یەکەم لێدانی سزا لە مۆندیال ڤیرسیتی فەڕەنسی لە بەرامبەر نەمسا لێیدا و گۆڵی تۆمار کرد.
* لە مۆندیالی ٣٠ ڕیکۆی ناوبژیوانی ئینگلیزی بەر لە تەواوبوونی یاریی نێوان ئەرژەنتین و فەرەنسا بە ٦ خولەك بەبێ هیچ هۆیەك یارییەکەی بەکۆتا هێنا.
* لە مۆندیالی ٩٤ سالینکۆی یاریزانی ڕووسی توانی ژمارەی پێوانەی گۆڵ تۆمارکردن لە یارییەکدا تۆمار بکات دوای ئەوەی توانی ٥ گۆڵ بە هەڵبژاردەکەی لە بەرامبەر کامیرۆن تۆمار بکات و یارییەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بەئەنجامی ٦–١ بەکۆتا هات.

* هاکان شوکوری یاریزانی تورکیا لە مۆندیالی ٢٠٠٢ توانی خێراترین گۆڵ لە مێژووی مۆندیال تۆمار بکات دوای تێپەڕبوونی ١١ چرکە بەسەر دەستپێکردنی یاریی نێوان تورکیا و کۆریای باشوور، بەڵام ئەمەیان خێراترین گۆڵ لە مێژوو نییە، بەڵکو خێراتزین گۆڵ لە مێژوو لە ١٨ی ئابی ٢٠٠٧ لە جامی جیهانی تازەپێگەیشتووان بوو کاتێ فابیانۆی بەڕازیلی لە چرکەی ٩دا گۆڵی یەکەمی وڵاتەکەی لە بەرامبەر نیوزلەندە تۆمار کرد.
* ژمارەی یاریزانانی تۆپی پێ لە ئەمەریکای باکوور ٢٩,٠٤٠,٩٠٠ یاریزانن. ڕێژەی پیاوان ٥٦٪ و ئافرەتانیش ٢٧,٦٪ و کوڕانی ١٠,٥٪ و کچانی تازەپێگەیشتوو ٥,٩٪. ژمارەی یاریزانان لە ئەمەریکای باشوور ١٥,٢٣٥,٨٠٠ یاریزانن. ڕێژەی پیاوان ٨٥,٣٪ و ئافرەتان و کچانی تازەپێگەیشتوو ١٪ و کوڕانی تازەپێگەیشتوو ١٣,٩٪. ژمارەی یاریزانان لە ئەوروپا ٣٥,٧٨٣,٠٠٠ یاریزانن. ڕێژەی پیاوان ٧١,٥٪ و ئافرەتان ٣,٥٪ و کوڕانی تازەپێگەیشتوو ٢٣،٨٪ و کچانی تازەپێگەیشتوو ١،٢٪ ژمارەی یاریزانان لە ئەفریکا دکاتە ٦،٩٨٤،٥٠٠ یاریزان. ڕۆژەی پیاوان ٩٨٪ و ئافرەتان ١،٨٪ و کوڕانی تازەپێگەیشتوو ٨,٩٪ و کچانی تازەپێگەیشتوو ١٪ کەمترن. لە ئاسیا ژمارەی یاریزانان دەگاتە ٣٤,٧٠٨,١٠٠ یاریزانن. ڕێژەی پیاوان ٩٥,٧٪ و ئافرەتان و کچانی تازەپێگەیشتوو لە ١٪ کەمترن. کوڕانی تازەپێگەیشتوو ٣,٨٪.




* بەپێی ئاماری یەکێتیی نێوەدەوڵەتی (فیفا) کە لە ٢٠٠١ بڵاوکرایەوە ژمارەی یاریزانانی تۆپی پێ لە جیهاندا ٢٤٠ ملیۆن یاریزانن.
* ڕۆنالدۆی یاریزانی بەڕازیل زۆرترین گۆڵی لە مۆندیالدا تۆمار کردووە. ئەویش ١٥ گۆڵە.
* جۆستن فۆنتینی یاریزانی فەرەنسا زۆرترین گۆڵی لە یەك مۆندیالدا تۆمار کردووە

ئەویش لە مۆندیالی ١٩٥٨ کە تێیدا ١٣ گۆڵی تۆمار کرد.

* درێژترین یاریی تۆپی پێ لە نێوان سانتۆسی بەرازیلی و پێنارۆلی ئۆرگوایانی بوو ئەویش لە ساڵی ١٩٦٢ لە پاڵەوانیتیی جامی سەربەستی کاتێ یارییەکە لە ماوەی ٣ کاتژمێر و ٥٠ خولەکدا بەئەنجامی ٣-٣ بەکۆتا هات.
* زۆرترین گۆڵ لە یارییەك تۆمار کرابێ لە نێوان هەڵبژاردەی ئوسترالیا و هەڵبژاردەی ساموای ئەمەریکی بوو. کاتێ ئوسترالییەکان لە نێو یاریگەی نیوساوت ویلز لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/١١ بەئەنجامی ٣١-٠ لە سامویان بردەوە. لەم یارییەدا ئەرشی تۆمبسن توانی ١٣ گۆڵ تۆمار بکات.
* لە ڕێکەوتی ٢٨/ ١٩٩٩/١١ لە یاریی نێوان یانەی فیلیس سارسفێڵد و فیرۆکاریل چیلاڤێرتی گۆڵچی توانی ٣ گۆڵ بۆ یانەکەی تۆمار بکات. یارییەکەش بەئەنجامی ٦-١ تەواو بوو.
* لە پاڵەوانێتیی چایس بۆ تازەپێگەیشتووان کە لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٣ دەستی پێکرد و لە مانگی ئەیلوول کۆتایی پێهات زۆرترین ژمارەی یاریزانان بەشدارییان تێیدا کرد. ژمارەی یانە بەشداربووەکان ٦٠٢٣ یانە بوو و ژمارەی یاریزانەکانیش ١٣٨٥٢٩ یاریزان بوون.
* لە مۆندیالی ٢٠٠٢ بۆ یەکەمین جار گۆڵچییەك وەکو باشترین یاریزانی مۆندیال دەستنیشان کرا ئەویش ئۆلیڤەر کان-ی گۆڵچیی ئەڵمانیا بوو.
* لە مۆندیالی ٢٠٠٦ میرۆسلاڤ کلۆزە بەتۆمارکردنی ٥ گۆڵ بووە گۆڵکاری مۆندیال. سەیرەکە لەوەدایە هەر ٥ گۆڵ لە ڕێگەی سەرەوە تۆمار کرد.
* لە مۆندیالی ٢٠٠٦ ئیڤانۆڤی ناوبژیوان چووە نێو مێژووی مۆندیال دوای ئەوەی لە یەك یاری ٤ جار کارتی سووری بەرز کردەوە ئەویش لە یاریی نێوان پورتوگال و هۆڵەندا بوو و بۆ هەر لایەك ٢ کارت.
* بەکۆتاییهاتنی مۆندیالی ٢٠٠٦ ژمارەی گۆڵە تۆمارکراوەکان بەگۆڵە زێڕینەکانەوە جگە لەو گۆڵانەی کە بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە تۆمار کراون گەیشتە ٢٠٤٨.
* خێراترین هاتریك لازلۆ کیسی هەنگاری دژ بەسلڤادۆر لە خولەکەکانی ٧٠ و ٧٤ و ٧٧ تۆماری کرد.

* تەنها ٣ یاریزان لە دوو یاریی کۆتاییدا گۆڵیان تۆمار کردووە، ئەوانیش فافای بەڕازیلی ١٩٥٨ و ١٩٦٢، پێلێی بەڕازیلی ١٩٥٨ و ١٩٧٠، پۆل برایتنەری ئەڵمانی ١٩٧٤ و ١٩٨٢ بوو.

* ٦ یاریزان لە مۆندیالدا بۆ دوو هەڵبژاردە یارییان کردووە ئەوانیش:

١– لویس مۆنتی: ئەرژەنتین ١٩٣٠ و ئیتاڵیا ١٩٣٤.

٢– فیرینك پۆشکاش: هەنگاریا ١٩٥٤ و ئیسپانیا ١٩٦٢.


٣– خۆزێ سانتا ماریا: ئۆرگوای ١٩٥٤ و ١٩٦٢.

٤– مازۆڵ: بەڕازیل ١٩٥٨ و ئیتاڵیا ١٩٦٢.

٥– ڕۆبەرت برۆزینسکی: یۆگسلافیا ١٩٩٠ و کرواتیا ١٩٩٨.

٦– یارنی: یۆگسلافیا ١٩٩٠ و کرواتیا ١٩٩٨.

* خێراترین گۆڕینی یاریزان لە مێژووی مۆندیالدا لە مۆندیالی فەرەنسا بوو کاتێ ئەلیساندرۆ ڕۆینستای ئیتاڵی دوای تێپەڕبوونی ٤ خولەك لە دەستپێکردنی یاریی دژ بەنەمسا هاتە دەرەوە و جیۆسبی بێرگۆمی هاتە شوێنی.



# بەشی پێنجەم

# تۆپی زێڕین

## چییە و چۆن هاتە کایەوە؟

## بەشی پێنجەم

### خەڵاتی تۆپی زێڕین چییە و چۆن هاتە کایەوە؟



لە ژمارەی ٥٦١ی گۆڤاری (فرانس فوتبۆڵ) لە ڕێکەوتی ١٨ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ سێ لاپەڕە بۆ دەستنیشانکردنی خەڵاتی تۆپی زێڕین تەرخان کرا. ئەم خەڵاتە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزان لەسەر ئاستی ئەوروپا هاتە دروستبوون. لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ ساڵانە یاریزانێك خەڵاتەکەی بەردەکەوێ. لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ یەکەمین جار یاریزانێکی کیشوەری ئەفریکا خەڵاتەکەی بەرکەوت، ئەویش جۆرج ویای هاووڵاتیی لیبری و یەکەمین و دوا ئەفریکییە ئەم خەڵاتەی وەرگرتووە.

٨ جار خەڵاتی تۆپی زێڕین بەر یاریزانی یانەی یۆڤنتۆس کەوتووە. یەکەمین جار بەر عومەر سیڤۆریی ئەستێرەی ئەرژەنتینی کەوت. ئەو شەوە خەڵاتەکە بۆ یەکەمین جار هاتە باوەشی یاریزانێکی یانەی یۆڤنتۆس ئەویش کورتە باڵا بەتواناکە بوو کە لەسەر شانۆیەکی پاریس بەخەڵاتەکەوە درەوشایەوە. دوای سیڤۆری خەڵاتەکە لە یانەی یۆڤنتۆس تۆرا تا سەردەمی کوڕی زیندانییەکان ئەویش پاولۆ ڕۆسیی ئەستێرەی هەشتاکانی ئیتاڵیا. کێ خەیاڵی بۆ ئەو کوڕە دەڕۆیشت کە لە یەکێك لە زیندانەکان بێتە دەرەوە و پاش ماوەیەکیش ببێتە یەکێك لە کوڕەکانی بیانکوێنزی و باشترین گۆڵکاری جیهانی لێ دەرکەوێ. دوای ئەو پلاتینی ئەستێرەی یۆڤنتۆس ٣ جار بەخەڵاتەکەوە بەرز هەڵفڕی و مێژوویەکی درەوشاوەی بۆ پیرە یانە نەخشاند. ڕۆبێرتۆ باجیۆ و زێدان و نێدڤیدیش خەڵاتەکەیان چەند جارێك هێنایەوە خەزێنەی پیرە یانە.

## ئەو یاریزانانەی خەڵاتی تۆپی زێڕینیان وەرگرتووە

**١٩٥٦** ستانلی ماتیۆزی ئینگلیزی (یانەی بلاکبێرنی ئینگلیزی)
**١٩٥٧** دی ستیڤانۆی ئەرژەنتینی (یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی)
**١٩٥٨** ڕایمۆن کوبای فەڕەنسی (یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی)
**١٩٥٩** دی ستیڤانۆی ئەرژەنتینی (یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی)
**١٩٦٠** لویس سوارێزی ئیسپانی (یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی)
**١٩٦١** عومەر سیڤۆری ئەرژەنتینی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
**١٩٦٢** مازۆبۆست (یانەی دۆکلابراگی چیکۆسلۆڤاکی)
**١٩٦٣** لیڤ یاشینی سۆڤیەتی (یانەی دینامۆ مۆسکۆی سۆڤیەتی)
**١٩٦٤** دینسلۆی سکۆتلەندی (یانەی مانچستەری یونایتدی ئینگلیزی)
**١٩٦٥** ئۆزبیۆی پورتوگالی (یانەی بەنفیکای پورتوگالی)
**١٩٦٦** بۆبی چارلتۆنی ئینگلیزی (یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی)
**١٩٦٧** فلۆرین ئەلبێرتی هەنگاری (یانەی فیرنشفارۆسی هەنگاری)
**١٩٦٨** جۆرج بێستی وێڵزی (یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی)
**١٩٦٩** جانی ڕیڤێرای ئیتاڵی (یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی)
**١٩٧٠** گێرد مۆلەری ئەڵمانی (یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی)
**١٩٧١** یۆهان کرۆیفی هۆڵەندی (یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی)
**١٩٧٢** بیکنپاوەری ئەڵمانی (یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی)
**١٩٧٣** یۆهان کرۆیفی هۆڵەندی (یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی)
**١٩٧٤** یۆهان کرۆیفی هۆڵەندی (یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی)
**١٩٧٥** ئۆلیخ بلۆخینی سۆڤیەتی (یانەی دینامۆکییڤی سۆڤیەتی)
**١٩٧٦** بیکنپاوەری ئەڵمانی (یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی)
**١٩٧٧** سیمۆنسنی دانیمارکی (یانەی منشنکلادباخی ئەڵمانی)
**١٩٧٨** کیڤن کیگنی ئینگلیزی (یانەی هامبۆرگی ئەڵمانی)
**١٩٧٩** کیڤن کیگنی ئینگلیزی (یانەی هامبۆرگی ئەڵمانی)
**١٩٨٠** ڕۆمینیگەی ئەڵمانی (یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی)

١٩٨١ ڕۆمینیگەی ئەڵمانی (یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی)
١٩٨٢ پاولۆ ڕوسیی ئیتاڵی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
١٩٨٣ پلاتینی فەڕەنسی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
١٩٨٤ پلاتینی فەڕەنسی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
١٩٨٥ پلاتینی فەڕەنسی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
١٩٨٦ بیلانۆڤی بولگاری (یانەی دیناموٚکییڤی سۆڤیەتی)
١٩٨٧ ڕۆد خۆلیتی هۆڵەندی (یانەی میلانی ئیتاڵی)
١٩٨٨ ڤان باستنی هۆڵەندی (یانەی میلانی ئیتاڵی)
١٩٨٩ ڤان باستنی هۆڵەندی (یانەی میلانی ئیتاڵی)
١٩٩٠ لۆتەر ماتیۆسی ئەڵمانی (یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی)
١٩٩١ جان پییێر پاپانی فەڕەنسی (یانەی مارسیلیای فەڕەنسی)
١٩٩٢ ڤان باستنی هۆڵەندی (یانەی میلانی ئیتاڵی)
١٩٩٣ ڕۆبێرتۆ باجیۆی ئیتاڵی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
١٩٩٤ ستۆیچکۆڤی بولگاری (یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی)
١٩٩٥ جۆرج ویای لیبیری (یانەی میلانی ئیتاڵی)
١٩٩٦ زامەری ئەڵمانی (بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی)
١٩٩٧ ڕۆناڵدۆی بەڕازیلی (یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی)
١٩٩٨ زێدانی فەڕەنسی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
١٩٩٩ ڕیڤاڵدۆی بەڕازیلی (یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی)
٢٠٠٠ لویس فیگۆی پورتوگالی (یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی)
٢٠٠١ مایکڵ ئۆونی ئینگلیزی (یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی)
٢٠٠٢ ڕۆناڵدۆی بەڕازیلی (یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی)
٢٠٠٣ پاڤێل نیدڤیدی چیکی (یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی)
٢٠٠٤ شێڤچینکۆی ئۆکرانی (یانەی میلانی ئیتاڵی)
٢٠٠٥ ڕۆناڵدینهۆی بەڕازیلی (یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی)
٢٠٠٦ کاناڤارۆی ئیتاڵی (یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی)

## ژیاننامەی ئەو یاریزانانەی تۆپی زێڕینیان پێ بەخشراوە

### ستانلی ماتیوز (١٩٥٦)



ڕەگەز: ئینگلیزی

لە دایکبووی: ١ی شوباتی ساڵی ١٩١٥ لە هانلی و لە ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد.

درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر

کێش: ٦٩ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

ئەو یانانەی یاریی بۆ کردووە: ستۆك ستی ١٩٣١ – ١٩٤٧، بلاکبۆڵ ١٩٤٧ – ١٩٦١، سکۆت ستی ١٩٦١ – ١٩٦٥.

لە ساڵی ١٩٥٦ یەکەم تۆپی زێڕینی بەخەڵات وەرگرت. ١١ گۆڵی لە ٥٤ یاریی نێودەوڵەتیدا تۆمار کردووە.

### ئەلفریدۆ دی ستیڤانۆ (١٩٥٧ و ١٩٥٩)



ڕەگەز: ئەرژەنتینی – ئیسپانی

لە دایکبووی: ٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ لە بۆینس ئایرس.

درێژی: ١٧٢ سانتیمەتر.

کێش: ٧٠ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

ئەو یانانەی یاریی بۆ کردووە: بوینس ئایرس ١٩٤٢، ریڤەربلێت ١٩٤٤ – ١٩٤٥، میرکان ١٩٤٥ – ١٩٤٩، میلۆناریۆس بۆگۆتا ١٩٤٩ – ١٩٥٣، ڕیال مەدرید ١٩٥٣ – ١٩٦٤، ئیسپانیۆل ١٩٦٤ – ١٩٦٧.

لە ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٩ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرتووە.

## ڕایمۆند کوبا (١٩٥٨)



ڕەگەز: فەڕەنسی

لە دایکبووی: ١٣ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٣١ لە پاریس

درێژی: ١٦٩ سانتیمەتر

کێش: ٦٧ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

ئەو یانانەی یاریی بۆ کردووە: نۆلیمان ١٩٤٤ – ١٩٤٩، ئۆنگری ١٩٤٩ – ١٩٥١، ڕیمس ١٩٥١ – ١٩٥٦، ڕیال مەدرید ١٩٥٦ – ١٩٥٩، ڕیمیس ١٩٥٩ – ١٩٦٧.

سالی ١٩٥٨ خەلاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێنا. ١٨ گۆلی لە ٤٥ یاری نێودەولەتی تۆمار کردووە.

## لویس سوارێز (١٩٦٠)



ڕەگەزنامە: ئیسپانی

لە دایکبووی: ٢ی ئایاری سالی ١٩٣٥ لە لاکرۆنیا

درێژی: ١٧٨ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ئەکسیۆکاتۆلیکا سانتۆتۆماس ١٩٤٥ – ١٩٤٨، هیرکلس لاکرۆنیا ١٩٤٨ – ١٩٤٩، برسفرانسیا ١٩٤٩ –١٩٥١، دیپۆرتیڤۆ

لاكرۆنیا ١٩٥٢ – ١٩٥٤، بەرشلۆنە ١٩٥٤، ئێندستریال ١٩٥٤ – ١٩٥٥، بەرشلۆنە ١٩٥٥ – ١٩٦١، سامبدۆریا ١٩٧٠ – ١٩٧٣.

لە ٣٢ یاریی نێودەوڵەتی ١٤ گۆڵی تۆمار کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٠ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرتووە.



## عومەر سیڤۆری (١٩٦١)

ڕەگەزنامە: ئەرژەنتینی، ئیتاڵی.

لە دایکبووی: ٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ لە سان نیکۆلاس و لە ١٧ی شوباتی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.

درێژی:١٧٠ سانتیمەتر

کێش: ٧٠ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: مۆنیسیبال ١٩٤٥ – ١٩٥٢، ڕیڤەربلەیت ١٩٥٢ – ١٩٥٧، یۆڤنتۆس ١٩٥٧ – ١٩٦٥، ناپۆلی ١٩٦٥ – ١٩٦٨، ڕیڤەربلەیت ١٩٦٩.

لە ساڵی ١٩٦١ خەڵاتی تۆپی زێڕینی پێ بەخشراوە.

## جۆزێف ماسۆبست (١٩٦٢)



ڕەگەزنامە: چیکۆسلۆڤاکی

لە دایکبووی: ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٣١ لە شرمیس

درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر

کێش: ٦٦ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: بانیك مۆست ١٩٤٥ – ١٩٥٠، فدۆتیکنا تبلیس ١٩٥٠ – ١٩٥٢، دۆکلابراگ ١٩٥٢ – ١٩٦٨، مۆلنبیك ١٩٦٨ – ١٩٧٠.

خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٦٢ وەرگرت. لە ٦٣ یاریی نێودەوڵەتی ١٠ گۆڵی تۆمار کردووە.



## لیف یاشین (١٩٦٣)

ڕەگەزنامە: سۆڤیەتی

لە دایکبووی: ٢٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ و لە ٢١ی ئاداری ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە.

درێژی:١٨٥ سانتیمەتر

کێش: ٨٣ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: گۆڵچی

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ئۆسین دی تۆشینۆ ١٩٤٥ – ١٩٤٩، دینامۆ مۆسکۆ ١٩٤٩ – ١٩٧٠.

خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٦٣ بەدەست هێناوە. ٨٧ یاریی نێوەدەوڵەتی ئەنجام داوە.



## دینیس لاو (١٩٦٤)

ڕەگەزنامە: سکۆتلەندی

لە دایکبووی: ٢٤ی شوباتی ساڵی ١٩٤٠ لە ئەبەردین

درێژی: ١٧٦ سانتیمەتر

کێش: ٦٩ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: هدرسفێڵد تاون ١٩٥٧ – ١٩٦٠، مانچستەر ستی ١٩٦٠ – ١٩٦١، تۆرینۆ ١٩٦١ – ١٩٦٢، مانچستەر یوناتید ١٩٦٢ – ١٩٧٣، مانچستەر ستی ١٩٧٣ – ١٩٧٤.

لە ساڵی ١٩٦٤ تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە ٥٥ یاریی نێودەوڵەتی ٣٠ گۆڵی تۆمار کردووە.



## ئۆزبیۆ (١٩٦٥)

ناوی ڕاستەقینەی ئۆزبیۆ سیلڤا فێرێرایە.

ڕەگەزنامە: پورتوگالی

لە دایکبووی: ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٢ لە لۆرێنسۆ مارکیسی پایتەختی مۆزەمبیق. لە تەمەنی ١٦ ساڵی ڕووی لە پورتوگال کردووە.


درژی: ١٧٥ سانتیمەتر

کێش: ٧٣ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: سپۆرتینگ دۆلۆمارك ١٩٥٧ – ١٩٦٠، بەنفیکا ١٩٦٠ – ١٩٧٥، ڕۆدیلاند ١٩٧٥، تۆرۆنتۆمترۆس کرواتیا ١٩٧٦، بیرامار ١٩٧٦ – ١٩٧٧، نیوجێرزی ئەمەریکا ١٩٧٧ – ١٩٧٨،

لە ساڵی ١٩٦٥ تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. نازناوی گۆڵکاری لە ساڵانی ١٩٦٦، ١٩٦٩، ١٩٧٠، ١٩٧٢ بەدەست هێناوە. لە کۆی ٦٤ یاریی نێودەوڵەتی ٤١ گۆڵی تۆمار کردووە. ٩ لەو گۆڵانەی لە مۆندیالی ١٩٦٦ تۆمار کرد و بووە گۆڵکاری ئەو مۆندیالە. لە تێکڕای ژیانی وەرزشیی کە ٢٢ ساڵبوو توانی لە یارییە فەرمییەکاندا ١١٣٧ گۆڵ تۆمار بکات.



## بۆبی چالتۆن (١٩٦٦)

ڕەگەزنامە: ئینگلیزی

لە دایکبووی: ١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ لە ئەشنگتۆن.

درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێڵی ناوەڕاست

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: مانچستەر یونایتد ١٩٥٦ – ١٩٧٣، برستۆن نۆرت ئێند ١٩٧٣ – ١٩٧٥، واتفۆرد ١٩٧٦.

لە ساڵی ١٩٦٦ تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە کۆی ١٠٦ یاریی نێودەوڵەتی ٤٩ گۆڵی تۆمار کردووە.

## فلۆریان ئەلبێرت (١٩٦٧)



ڕەگەزنامە: هەنگاری

لە دایکبووی: ١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤١ لە هرسگسزنتۆ

درێژی: ١٨١ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام


شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی یانەی فرۆمشفارۆش لە ١٩٥٢ – ١٩٧٤ یاریی کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٧ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرتووە.

لە کۆی ٧٥ یاریی نێوەدەوڵەتی ٣١ گۆڵی تۆمار کردووە.

## جۆرج بێست (١٩٦٨)



ڕەگەزنامە: ئێرلەندی

ساڵ و شوێنی لە دایکبوون: ٢٢ی ئایاری ساڵی ١٩٤٦ لە بێلفاست

درێژی: ١٧٠ سانتیمەتر

کێش: ٦٨ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: مانچستەر یونایتد ١٩٦١ – ١٩٧٤، دنباستابل تاون

١٩٧٤ – ١٩٧٥، ستۆك بۆرت كاونتی ١٩٧٥ – ١٩٧٦، فولهام ١٩٧٦ – ١٩٧٨، لۆس ئەنجلۆس ئەزتێكس ١٩٧٨، فۆرت لۆدرادال ئەدنبۆرگ ١٩٧٨ – ١٩٧٩، هێبەرنیانی سكۆتلەندی ١٩٧٩، سان خۆزی ئەرتكاكس ١٩٨١ – ١٩٨٢، بۆرنماوتی ئینگلیزی ١٩٨٣، بریسبان لیۆنزی ئوسترالی ١٩٨٣، تبرمۆر ١٩٨٥.

لە ساڵی ١٩٦٨ تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە كۆی ٣٧ یاریی نێودەوڵەتی ٩ گۆڵی تۆمار كردووە.



## جیانینی ریڤێرا (١٩٦٩)

ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایكبووی: لە ١٨ی ئابی ١٩٤٣ لە ڤان سان برنلۆمیۆ

درێژی: ١٧٥ سانتیمەتر

كێش: ٦٨ كیلۆگرام

شوێنی یاریكردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی كردووە: ئەلیسەندریا ١٩٥٣ – ١٩٦٠، ئەی سی میلان ١٩٦٠ – ١٩٧٩.

خەڵاتی تۆپی زیرینی لە ساڵی ١٩٦٩ بەدەست هێناوە. لە كۆی ٦٠ یاریی نێودەوڵەتی ١٤ گۆڵی تۆمار كردووە.



## گێرد مۆلەر (١٩٧٠)

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایكبووی: ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ لە نۆردلینگن

درێژی: ٧٤ سانتیمەتر

كێش: ٧٤ كیلۆگرام

شوێنی یاریكردن: هێرشبردن

٧ جار بووەتە باشترین یاریزانی بۆندس لیگا.

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: نۆردلینگن ١٩٥٤ – ١٩٦٤، بایرن میونیخ ١٩٦٤ – ١٩٧٩، فۆرت برۆدرس سترکریس ١٩٧٩ – ١٩٨١، سمیت برادەر ١٩٨١ – ١٩٨٢.

تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٧٠ بەدەست هێناوە. گۆڵکاری مۆندیالی ١٩٧٤. لە کۆی ٦٢ یاریی نێودەوڵەتی ٦٨ گۆڵی تۆمار کردووە.



## یۆهان کرۆیف (١٩٧١ و ١٩٧٣ و ١٩٧٤)

ڕەگەزنامە هۆڵەندی

لە دایکبووی: ٢٥ی نیسانی ساڵی ١٩٤٧ لە ئەمستردام.

درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر

کێش: ٧١ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ئەجاکس ١٩٥٧ – ١٩٧٣، بەرشلۆنە ١٩٧٣ – ١٩٧٨، لۆس ئەنجلۆس ئەزتێکس ١٩٧٨ – ١٩٧٩، واشنتن دیپلۆمات ١٩٧٩ – ١٩٨٠، لۆفت ١٩٨٠ – ١٩٨١، ئەجاکس ١٩٨١ – ١٩٨٣، فینۆرد ١٩٨٣ – ١٩٨٥.

لە ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٧٣ و ١٩٧٤ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە کۆی ٤٨ یاریی نێودەوڵەتی ٣٣ گۆڵی تۆمار کردووە. بە ئەفسانەی تۆپی پێی هۆڵەندی ناوی دەرکردووە.



## فرانز بیکنپاوەر (١٩٧٢ و ١٩٧٦)

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایکبووی: ١١ی ئەیلوولی ١٩٤٥ لە میونیخ

درێژی: ١٨١ سانتیمەتر


کێش: ٧٥ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: بەرگری

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ئەی ئێس

میونیخ ١٩٥٤ – ١٩٥٨، بایرن میونیخ ١٩٥٨ – ١٩٧٧، هامبۆرگ ١٩٨٢، کۆزمۆس ١٩٨٣.

لە ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٦ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە کۆی ١٠٣ یاریی نێودەوڵەتی ١٤ گۆڵی تۆمار کردووە.



## ئۆلیخ بلۆخین (١٩٧٥)

ڕەگەزنامە: سۆڤیەتی/ئۆکرانی

لە دایکبووی: ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ لە کیێڤ

درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر

کێش: ٧٥ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: دایناموٚ کیێڤ ١٩٦٢ – ١٩٨٨، فۆرفرتس ١٩٨٨ – ١٩٨٩، ئەریس لیماسۆل ١٩٨٩ – ١٩٩٠.

لە ساڵی ١٩٧٥ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە ١٠٩ یاریی نێودەوڵەتیدا ٣٩ گۆڵی تۆمار کردووە. لە خولی سۆڤیەتیدا لە کۆی ٤٣٢ یاری ٢١١ گۆڵی تۆمار کردووە.

## ئالان سیمۆنسن (١٩٧٧)



ڕەگەزنامە: دانیمارکی

لە دایکبووی: ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢.

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: فیلی ١٩٦٨ – ١٩٧٢، بروسیا منشنکلادباخ ١٩٧٢ – ١٩٧٩، بەرشلۆنە ١٩٧٩ – ١٩٨٢، چارلتۆن ١٩٨٢ – ١٩٨٣، فیلی ١٩٨٣ – ١٩٨٦.

لە کۆی ٥٦ یاریی نێودەوڵەتی بۆ دانیمارک ٢١ گۆڵی تۆمار کردووە. لە ساڵی ١٩٧٧ بەتۆپی زێڕین خەڵات کراوە.

## کیڤن گیگن (١٩٧٨ و ١٩٧٩)



ڕەگەزنامە: ئینگلیزی

لە دایکبووی: ١٤ی شوباتی ساڵی ١٩٥١ لە ئارمترێب.

درێژی: ١٧٠ سانتیمەتر

کێش: ٦٧ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: سکنترۆب ١٩٦٨ – ١٩٧١، لیڤەرپووڵ ١٩٧١ – ١٩٧٧، هامبۆرگ ١٩٧٧ – ١٩٨٠، ساوتهامپتۆن ١٩٨٠ – ١٩٨٢، نیوکاسڵ ١٩٨٢ – ١٩٨٤، کوالالمپور ١٩٨٤ – ١٩٨٥. ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە.

لە کۆی ٦٣ یاریی نێودەوڵەتی ٢١ گۆڵی تۆمار کردووە.

## کارل هاینز ڕۆمانیگە (١٩٨٠ و ١٩٨١)




ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایکبووی: ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٥٥ لە لبستدت.

درێژی: ١٨٢ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: بروسیا لبستدت ١٩٧٣ – ١٩٧٤، بایرن میونیخ ١٩٧٤ – ١٩٨٤، ئینتەر میلان ١٩٨٤ – ١٩٨٧، سرڤیت جونیڤ ١٩٨٧ – ١٩٨٩.

لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨١ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە کۆی ٩٥ یاریی نێودەوڵەتی ٤٥ گۆڵی تۆمار کردووە.

## پاولۆ ڕۆسی (١٩٨٢)



ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایکبووی: ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٦ لە براتۆ

درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر

کێش: ٦٦ کیلۆگرام


شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: کاتۆلیکا فرتۆس ١٩٦٨ – ١٩٧١، یۆڤنتۆس ١٩٧١ – ١٩٧٥، کومۆ ١٩٧٥ – ١٩٧٦، فیشێنزا ١٩٧٦ – ١٩٧٩، پیرۆجیا ١٩٧٩ – ١٩٨٠، یۆڤنتۆس ١٩٨١ – ١٩٨٥، ئەی سی میلان ١٩٨٥ – ١٩٨٦، ڤیرۆنا ١٩٨٦ – ١٩٨٧.

لە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرتووە.

لە کۆی ٤٨ یاریی نێودەوڵەتی ٢٠ گۆڵی تۆمار کردووە.

## میشێل پلاتینی (١٩٨٣ و ١٩٨٤ و ١٩٨٥)



ڕەگەزنامە: فەڕەنسی

لە دایکبووی: ٢١ی حوزەیرانی ١٩٥٥ لە جۆف

درێژی: ١٧٩ سانتیمەتر

کێش: ٧٥ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: جیۆف ١٩٦٦ – ١٩٧٢، نانسی ١٩٧٢ – ١٩٧٩، سانت ئیتیان ١٩٧٩ – ١٩٨٢، یۆڤنتۆس ١٩٨٢ – ١٩٨٧.

لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ و ١٩٨٥ گۆڵکاری خولی ئیتاڵیا بووە.

لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ و ١٩٨٥ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە.
بەپێی پۆلێنی فیفا لە ساڵی ١٩٨٥ باشترین یاریزانی جیهان بووە.
لە کۆی ٧٢ یاریی نێودەوڵەتی ٤١ گۆڵی تۆمار کردووە.

## ئیگۆر بیلانۆڤ (١٩٨٦)



ڕەگەزنامە: سۆڤیەتی
لە دایکبووی: ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٦٠ لە ئۆدیسا
درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر
کێش: ٨٦ کیلۆگرام
شوێنی یاریکردن: هێرشبردن
لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ئۆدیسا ١٩٧٨ – ١٩٨٠، دینامۆکیێڤ ١٩٨٥ – ١٩٨٩، بروسیا منشنکلادباخ ١٩٨٩ – ١٩٩١، ئینتراخت برۆشفایگ ١٩٩١ – ١٩٩٤.
لە ساڵی ١٩٨٦ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە کۆی ٣٢ یاریی نێودەوڵەتی ٩ گۆڵی تۆمار کردووە.

## ڕود خولیت (١٩٨٧)




ڕەگەزنامە: هۆڵەندا
لە دایکبووی: ١ی ئەیلوولی ١٩٦٢ لە ئەمستردام
درێژی: ١٨٥ سانتیمەتر
کێش: ٨٥ کیلۆگرام
شوێنی یاریکردن: هێرشبردن
لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: میربویز ١٩٧٣ – ١٩٧٥، ئەمستردام ١٩٧٥ – ١٩٧٩، ئێف سی هارلم ١٩٧٩ – ١٩٨٢، فیونۆرد ڕۆتردام ١٩٨٢ – ١٩٨٥، ئایندهۆڤن ١٩٨٥ – ١٩٨٧، ئەی سی میلان ١٩٨٧ – ١٩٩٣، سامبدۆریا ١٩٩٣ –

١٩٩٤، چێڵسی ١٩٩٥ – ١٩٩٨.
ساڵی ١٩٨٧ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرتووە.
لە کۆی ٦٦ یاریی نێودەوڵەتی ١٧ گۆڵی تۆمار کردووە.



## مارکۆ ڤان باستن (١٩٨٨ و ١٩٨٩ و ١٩٩٢)

ڕەگەزنامە: هۆڵەندی
لە دایکبووی: ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە ئۆتریش
درێژی: ١٨٨ سانتیمەتر
کێش: ٨٠ کیلۆگرام
شوێنی یاریکردن: هێرشبردن
لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ئۆلترێخت ١٩٧٠ – ١٩٨٠، ئیلینکویك ١٩٨٠ – ١٩٨١ ئەجاکس ئەمستردام ١٩٨١ – ١٩٨٧، ئەی سی میلان ١٩٨٧ – ١٩٩٥.
گۆڵکاری جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ساڵی ١٩٨٨ بە ٥ گۆڵ
ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ و ١٩٩٢ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە. لە کۆی ٥٨ یاریی نێودەوڵەتی ٢٤ گۆڵی تۆمار کردووە.



## لۆتەر ماتیۆس (١٩٩٠)

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی
لە دایکبووی: ٢١ی ئاداری ١٩٦١ لە هیرزۆنگرا
درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر
کێش: ٧١ کیلۆگرام
شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە
لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: هیرزۆنگرا ١٩٧٠ – ١٩٧٩، بروسیا منشنکلادباخ ١٩٧٩ – ١٩٨٤، بایرن میونیخ ١٩٨٤– ١٩٨٨ ئینتەرمیلان ١٩٨٨ – ١٩٩٢، بایرن میونیخ ١٩٩٢ – ٢٠٠٠، یانەی نیویۆرك ٢٠٠٠ – ٢٠٠١. خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٩٠ بەدەست

هێناوە. لە کۆی ١٥٠ یاریی نێودەوڵەتی ٢٢ گۆڵی تۆمار کردووە.



## جان پییێر پاپان (١٩٩١)

ڕەگەزنامە: فەرەنسی

لە دایکبووی: ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە پۆلۆن

درێژی: ١٧٦ سانتیمەتر

کێش: ٧٠ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: جۆمۆنت ١٩٧٠ – ١٩٧٨، تریت سان لیگەر ١٩٧٨ – ١٩٨١، فیچی ١٩٨١ – ١٩٨٤، فالنسین ١٩٨٤ – ١٩٨٥، ئێف سی بروج ١٩٨٥ – ١٩٨٦، مارسیلیا ١٩٨٦ – ١٩٩٢، ئەی سی میلان ١٩٩٢ – ١٩٩٤، بایرن میونیخ ١٩٩٤ – ١٩٩٦، بۆردۆ ١٩٩٦ – ١٩٩٨، گانگان لە حوزەیران تا تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ڕینیۆن ١٩٩٩، فیریت ٢٠٠١ – ٢٠٠٤.



خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٩١ بەدەست هێناوە.

لە ٥٤ یاریی نێودەوڵەتی ٣٠ گۆڵی تۆمار کردووە.

## ڕۆبرتۆ باجیۆ (١٩٩٣)

ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لە دایکبووی: ١٨ی شوباتی ١٩٦٧ لە کالدۆنۆ

درێژی: ١٧٤ سانتیمەتر

کێش: ٧٣ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: فیۆرێنزا ١٩٨١ – ١٩٨٥، فیۆرنتینا ١٩٨٥ – ١٩٩٠، یوڤنتۆس ١٩٩٠ – ١٩٩٥، ئەی سی میلان ١٩٩٥ – ١٩٩٧، بۆلۆنیا ١٩٩٧ – ١٩٩٨، ئینتەرمیلان ١٩٩٨ – ٢٠٠٠، بریشیا ٢٠٠٠ – ٢٠٠٤.

خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٩٣ بەدەست هێناوە.



لە کۆی ٥٥ یاریی نێودەوڵەتی ٢٧ گۆڵی تۆمار کردووە.

## خریستۆ ستۆیچکۆڤ (١٩٩٤)

ڕەگەزنامە:بولگاری

لە دایکبووی: ٨ی شوباتی ١٩٦٦ لە بلۆڤدێڤ

درێژی: ١٧٩ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: مارتزابلۆڤدێڤ ١٩٧٦ – ١٩٨١، یوری گاگارین ١٩٨١ – ١٩٨٢، هێربۆز هێرمنلی ١٩٨٢ – ١٩٨٥، سیسکا سۆفیا ١٩٨٥ – ١٩٩٠، بەرشلۆنە. ١٩٩٠ – ١٩٩٥، پارما ١٩٩٥ – ١٩٩٦، بەرشلۆنە ١٩٩٦ – ١٩٩٨، سۆفیا ١٩٩٨، نەسر نیسانی ١٩٩٨، کاشیما ڕیسۆل ١٩٩٨ – ١٩٩٩، شیکاگۆ فایەر ٢٠٠٠ – ٢٠٠٢، واشنتۆن یونایتد ٢٠٠٢ – ٢٠٠٣.



لە ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرت.

لە کۆی ٨٣ یاریی نێودەوڵەتی ٣٧ گۆڵی تۆمار کردووە.

## جۆرج ویا (١٩٩٥)

ڕەگەزنامە: لیبیری

لە دایکبووی: ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ لە مۆنرۆڤیا

درێژی: ١٨٩ سانتیمەتر

کێش: ٨٢ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ریزی ئەو یانانە یاریی کردووە: سەرفۆس کلارتاون ١٩٨١ – ١٩٨٣، مایتی پارۆل ١٩٨٤، ئەلڤن مۆنرۆڤیا ١٩٨٥ – ١٩٨٧، تۆنێر دی یاوندی ١٩٨٧ – ١٩٨٨، مۆناکۆ ١٩٨٨ – ١٩٩٢، پاریس سان جێرمان ١٩٩٢ – ١٩٩٥، ئەی سی میلان ١٩٩٥ – ٢٠٠٠.



خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٩٥ بەدەست هێناوە. ویا یەکەمین یاریزانی دەرەوەی ئەوروپا بوو ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا.

## ماتیاس زامەر (١٩٩٦)

ڕەگەزنامە: ئەڵمانی

لە دایکبووی: ٥ی ئەیلوولی ١٩٦٧ لە فیدرست

درێژی: ١٨٢ سانتیمەتر

کێش: ٧٩ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی بەرگری

لە ریزی ئەو یانانە یاریی کردووە: دینامۆ درسدن ١٩٨٥ – ١٩٩٠، شتوتگارت ١٩٩٠ – ١٩٩٢، ئینتەر میلان ١٩٩٢ – ١٩٩٣، بروسیا دۆرتمۆند ١٩٩٣ – ١٩٩٨.



لە ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی تۆپی زێڕینی بەدەست هێناوە.

## ڕۆنالدۆ (١٩٩٧ و ٢٠٠٢)

ناوی ڕاستەقینەی ڕۆنالدۆ لویز نازاریۆ دالیمایە

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی

لە دایکبووی ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٧٦ لە گەڕەکی پێنتۆ ریبۆرۆ لە ڕێودی جانێرۆ.

درێژی: ١٨٤ سانتیمەتر

کێش: ٨٨ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن


لە ١٩٩٤/٣/٢٣ لە یەکەمین یاریی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئەرژەنتین یاریی کردووە.

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: ڕامۆس کلەپ ١٩٩٠/١٩٩١، سان کریستۆڤان ١٩٩١/١٩٩٣، کرۆزێرۆ ١٩٩٣/١٩٩٤ لە ڕیزی کرۆزێرۆ ٤٥ یاریی و ٤١ گۆڵی تۆمار کرد، ئایندهۆڤن ١٩٩٤-١٩٩٦ لە ڕیزی ئایندهۆڤن ٥٨ یاریی و ٥٤ گۆڵی تۆمار کرد، بەرشلۆنە ١٩٩٦-١٩٩٧ لە ڕیزی بەرشلۆنە ٤٨ یاریی و ٤٥ گۆڵی تۆمار کرد، ئینتەرمیلان ١٩٩٧-٢٠٠٠ لە ڕیزی ئینتەرمیلان ٩٨ یاریی و ٥٩ گۆڵی تۆمار کرد، ڕیال مەدرید ٢٠٠٠-٢٠٠٧ لە ڕیزی ڕیال زیاتر لە ١٠٠ گۆڵی تۆمار کرد، ئەی سی میلان ٢٠٠٧ و تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

ئەو نازناوانەی ڕۆنالدۆ بەدەستی هێناوە

نازناوی گۆڵکاری خولی هۆڵەندە لە وەرزی ١٩٩٤/١٩٩٥، گۆڵکاری خولی ئیسپانیا لەگەڵ بەرشلۆنە لە وەرزی ١٩٩٦/١٩٩٧، گۆڵکاری خولی ئیسپانیا لەگەڵ ڕیال مەدرید لە وەرزی ٢٠٠٣/٢٠٠٤.

خەڵاتی براڤۆ لە ساڵانی ١٩٩٧ و ١٩٩٨، پێڵاوی زێرین ١٩٩٧ (باشترین گۆڵکار لە ئەوروپا)، باشترین یاریزان بەپێی پۆلێنی فیفا ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ و ٢٠٠٢، باشترین یاریزان لە ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٩٨، باشترین یاریزان لە جامی ئینتەرکۆنتینێتاڵ ٢٠٠٢، تۆپی زێڕین لە ساڵی ١٩٩٧ و ٢٠٠٢.



## زەینەدین زیدان (١٩٩٨)

لە دایکبووی: ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە ناوچەی بوش دو ڕۆن لە مارسیلیا

درێژی: ١٨٥ سانتیمەتر


کێش: ٨٠ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: سان هنری مارسێل ١٩٨٢، فالۆنس ١٩٨٣ - ١٩٨٧، کان

١٩٨٧ – ١٩٩٢، بۆردۆ ١٩٩٢ – ١٩٩٦، یۆڤنتۆس ١٩٩٦ – ٢٠٠١، ڕیال مەدرید ٢٠٠١ – ٢٠٠٦.

خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٩٨ بەدەست هێناوە. لە کۆی ١٠٨ یاریی نێودەوڵەتی ٣١ گۆڵی تۆمار کردووە



## ڕیڤاڵدۆ (١٩٩٩)

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی

لە دایکبووی: ١٩ی نیسانی ١٩٧٢ لە ڕێسێف


درێژی: ١٨٤ سانتیمەتر

کێش: ٧٨ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: پاولیستا ١٩٨٩ – ١٩٩١، سانتاکروز ڕێسێف ١٩٩١ – ١٩٩٢، مۆگی ماریام ١٩٩٢ – ١٩٩٣، کۆرینتیانس ١٩٩٣ – ١٩٩٤، پالمێراس ١٩٩٤ – ١٩٩٦، دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنیا ١٩٩٦ – ١٩٩٧، بەرشلۆنە ١٩٩٧ – ٢٠٠٣، کرۆزێرۆ لە شوباتی ٢٠٠٤، پاناتینایکۆس ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦.

خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ١٩٩٩ بەدەست هێناوە.



## لویس فیگۆ (٢٠٠٠)

ناوی ڕاستەقینەی لویس فیلیب مادێرا کایرۆیە.

ڕەگەزنامە: پورتوگالی

لە دایکبووی: ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢ لە گەڕەکی مادا لە لشبۆنە

درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر


کێش: ٧٩ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: سپۆرتینگ

١٩٨٩ – ١٩٩٥، بەرشلۆنە ١٩٩٥ – ٢٠٠٠، ڕیال مەدرید ٢٠٠٠ – ٢٠٠٥، ئینتەرمیلان ٢٠٠٥ و تاكو ئێستا بەردەوامە.

خەڵاتی تۆپی زێڕینی لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدەست هێناوە.



## مایكل ئۆون (٢٠٠١)

ڕەگەزنامە: ئینگلیزی

لە دایكبووی: ١٤ی كانونی یەكەمی ١٩٧٩

شوێنی یاریكردن: هێرشبردن

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی كردووە: لیڤەرپوول ١٩٩٦ – ٢٠٠٤، ڕیال مەدرید ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥، نیوكاسڵ ٢٠٠٥ تاوەكو ئێستا. .گۆڵكاری خولی ئینگلتەرە لە ساڵانی ١٩٩٨ لەتۆماركردنی ١٨ گۆڵ ساڵی ١٩٩٩ بە ١٩ گۆڵ. لە كۆی ٦٧ یاریی نێودەوڵەتی ٢٨ گۆڵی تۆمار كردووە.

## پاڤێل نێدڤێد (٢٠٠٣)



ڕەگەزنامە: چیكی

لە دایكبووی: ٣٠ی ئابی ١٩٧٢

درێژی: ١٧٧ سانتیمەتر

كێش: ٧٠ كیلۆگرام

شوێنی یاریكردن: ناوەڕاستی یاریگە

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی كردووە: سۆكۆل سكلانا ١٩٧٨ – ١٩٨٥، سكۆدا بیزان ١٩٨٥ – ١٩٩١، دۆكلابراگی چیكی ١٩٩١ – ١٩٩٢، سپارتا براگی چیكی ١٩٩٢ – ١٩٩٦، لاسیۆی ئیتاڵی ١٩٩٦ – ٢٠٠١، یۆڤنتۆسی ئیتاڵی ٢٠٠١ و تاكو ئێستا بەردەوامە. لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەرگرتووە.

## ئەندرێ شێڤچینکۆ (٢٠٠٤)



ناوی ڕاستەقینەی: ئەندرێ میکۆلایۆڤیج شێڤچینکۆ

ڕەگەزنامە: ئۆکرانی


لە دایکبووی: ٢٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٩ لە دڤیرکیڤچینا

درێژی: ١٨٣ سانتیمەتر

کێش: ٧٢ کیلۆگرام

نازناو: شیڤا، مارادۆنای سپی لە ساڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی تۆپی زێڕینی پێ بەخشراوە.

## ڕۆناڵدینهۆ (٢٠٠٥)



ناوی ڕاستەقینەی ڕۆناڵدۆ دی ئەسیس مۆرێرایە.

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی

لە دایکبووی: ٢١ی ئاداری ١٩٨٠ لە بۆرتۆ ئەلێگری


درێژی: ١٨٠ سانتیمەتر

کێش: ٧٦ کیلۆگرام

لە ڕیزی ئەو یانانە یاریی کردووە: گریمۆ بۆرتۆ ئەلێگری ١٩٨٦ – ٢٠٠١، پاریس سان جێرمان ٢٠٠١ – ٢٠٠٣، بەرشلۆنە لە تەمموزی ٢٠٠٣–ەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

یەکەم یاریی نێودەوڵەتی لە ٦/٢٦/ ١٩٩٩ لە بەرامبەر لیتوانیا بوو و بەڕازیل ٣–٠ یارییەکەی بردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی تۆپی زێڕینی پێ بەخشراوە.

## فابیۆ کاناڤارۆ (٢٠٠٦)




ڕەگەزنامە: ئیتاڵی

لـە دایـکـبـووی: ١٣ی ئـەیـلـوولـی ١٩٧٣ لـە ناپۆلی.


درێژی: ١٧٦ سانتیمەتر

کێش: ٧٥ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: بەرگری

لـە ڕیزی ئـەو یـانـانـە یـاریـی کردووە: نـاپۆلی ١٩٩١– ١٩٩٥، (٨٦ یاری و ٢ گۆڵ). پارما ١٩٩٥ – ٢٠٠٢ (٢١٢ یـــــاری و ٥ گـــــۆڵ)، ئینتەرمیلان ٢٠٠٢ – ٢٠٠٤ (٥٠ یاری و ٢ گۆڵ)، یۆڤنتۆس ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦ (٧٤ یاری و ٦ گۆڵ)، ڕیال مەدرید ٢٠٠٦ تاوەکو ئێستا. لە ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی تۆپی زێڕینی پێ بەخشراوە.

## کاکا ٢٠٠٧




ناوی ریکاردۆ ئەزیکسۆن دۆس سانتۆس لیتییە.

ساڵ و شوێنی لە دایکبوون: ٢٢ی نیسانی ١٩٨٢ لە بەڕازیلیا

ڕەگەزنامە: بەڕازیلی

درێژی: ١٨٦ سانتیمەتر

کێش: ٧٦ کیلۆگرام

شوێنی یاریکردن: ناوەڕاستی یاریگە

ئێستا لە ریزی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی یاری دەکات.

٥٤ یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی بەڕازیل ئەنجام داوە یەکەمینیان لە ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ بوو، لەکۆی ئەو یارییانەدا ١٩ گۆڵی تۆمارکردووە.



## بەشی شەشەم

# ئەفسانەکانی تۆپی پێ

# پێلێ و مارادۆنا

بەشی شەشەم

# ئەفسانەکانی تۆپی پێ

## پێلێ و مارادۆنا

ئەستێرەکانی تۆپی پێ زۆرن، بەڵام ئەفسانەکان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. جۆرج بێست و کرۆیف و بیکنباوەر و باجیۆ و ڕۆماریۆ و ڕۆنالدۆ و کیگن و خۆلێت و زۆربەی ئەستێرەکانی دیکە بەهرەمەندی بەتوانا بوون و توانییان جەماوەرێکی زۆر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بەڵام کاتێ ناوی پێلێ و مارادۆنا دێت، ئەو ئەستێرانەی کە ناوم بردن هەموویان سەری ڕێزیان بۆ دادەنەوێنن، چونکە هەردووکیان بە ئەفسانەی تۆپی پێ لە هەموو سەردەمەکاندا ناودەبرێن، پێلێ ماوەی نزیکەی بیست و پێنج ساڵ پێش مارادۆنا هاتە نێو جیهانی وەرزش، بۆیە لە کەشوهەوایەکی جیاواز لە مارادۆنا ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەو یارییە پەیدا کرد و بەشێوازێکی جیاواز لەو توانی خۆشەویستی هەوادارانی ئەو یارییە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، هەرچی مارادۆنایە، ئەویان لە کەشوهەوایەکی پێشکەوتووتر کەوتە نێو جیهانی وەرزش، بۆیە هەمیشە ئەو دوو یاریزانە لە شێوازی یاریکردن بەراورد ناکرێن، ئەگەر چی هەردووکیان ئەفسانەی تۆپی پێن.

### پێلێ

ناوی تەواوی ئەدیسۆن ئەرانتس دۆن ناسمینتۆیە. لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠ لە ترێس کاراکۆس لە میناس گریاس لە وڵاتی بەڕازیل لە دایك بووە. لە نێو خێزانیدا بە دیکە ناودەبرێ. لە ساڵی ١٩٥٧ لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لە هەڵبژاردەی بەڕازیل وەکو بچووکترین یاریزان وەرگیراوە. درێژی ١٧٢ سانتیمەترە و کێشی ٦٧ کیلۆگرامە. پێلێ لە یانەی سانتۆسی بەڕازیلی یاریی کردووە. باوکی پێلێ یاریزانی تۆپی پێ بووە و لە یانەی فلۆمینزێ بەناوی دۆندینهۆ یاریی کردووە. پێلێ هەمیشە حەزی بەو ناوە نەکردووە، لەبەر ئەوە بەو ناوە نراوە چونکە ئەوکات گاما پیلێی پاسەوانی گۆڵی فاسکۆدیگامای خۆش دەویست، بۆیە هاوڕێیانی بەو ناوە ناویان دەبرد. پێلێ ڕۆژێکیان هاوڕێیەکی خۆی دایە بەر شەق لەبەر ئەوەی بەو ناوە ناوی برد، بۆیە لە قوتابخانە دەرکرا. هەر لەو ڕۆژەوە بەناوی پێلێ ناوبانگی دەرکرد. دوای ئەوە پێلێ بووە بۆیاخچیی




پێڵاوە وەرزشییەکانی یاریزانانی یانەی پاورۆ ئەتلەتیك کلەپ. یەکەمین یانەی پێلێ تیپی شۆزلیس ونس بوو کە خۆی و چەند هاوڕێیەکی دایانمەزراند، دواتر ناویان گۆڕی بە ئمێرکوینها.

## سەرەتای پێلێ لەگەڵ یانەی سانتۆس

لە ساڵی ١٩٥٦ پێلێ چووە ڕیزی یانەی سانتۆس. هەر لە یەکەمین یاریدا پێشبینی کرا ببێتە یاریزانێکی ناودار. دوای ساڵێك لە ٧ی تەمموزی ١٩٥٧ پێلێ لە یەکەمین یاریی نێودەوڵەتی لە ڕیزی هەڵبژاردەی بەڕازیل دژ بە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین یاریی کرد و توانی گۆڵی یەکەم لەو یارییەدا تۆمار بکات و دواتر بەڕازیل بەئەنجامی ٢–١ یارییەکەی بردەوە.



## پێلێ لە مۆندیال

یەکەمین یاریی پێلێ لە مۆندیالدا لە ساڵی ١٩٥٨ لە بەرامبەر یەکێتیی سۆڤیەت بوو. ئەوکات بچووکترین یاریزانی ئەو پاڵەوانێتییە بوو. لە قۆناغی

چواریەکدا پێلێ بچووکترین یاریزان بوو لە مێژوو گۆڵێك تۆمار بکات ئەویش لە بەرامبەر ویلز بوو. لە یاریی پێش کۆتایی لە بەرامبەر فەرەنسا پێلێ ٣ گۆڵی تۆمار کرد و بەڕازیلی گەیاندە یاریی کۆتایی. لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٨ پێلێ بووە بچووکترین یاریزان بەشداری لە یاریی کۆتایی مۆندیالێك بکات. لەو یارییەی کە لە بەرامبەر سوێد بوو، پێلێ دوو گۆڵی تۆمار کرد. دوای کۆتاییهاتنی یارییەکە بەبردنەوەی بەڕازیل پێلێ لە هۆش خۆی چوو و لە ڕێگەی تیمی پزیشکانەوە هاتەوە هۆش خۆی. دوای ئەو مۆندیالە پێلێ لە مۆندیالەکانی ١٩٦٢ و ١٩٦٦ و ١٩٧٠ بەشداریی کرد.

## پێلێ... دوا یاری

لە ١٨ی مانگی حوزەیرانی ١٩٧١ پێلێ لەگەڵ بەڕازیل لە بەرامبەر هەڵبژاردەی یۆگسلافیا لە شاری ڕیۆدی جانێرۆ یاریی کرد. ئەمەش یاریی ژمارە ٩٢ بوو لەگەڵ هەڵبژاردەکەی. ئەوە دوا یاریی پێلێ بوو لەگەڵ بەڕازیل. کاتێ وازی لە یاریکردنی نێودەوڵەتی هێنا، چووە ڕیزی یانەی نیویۆرك کۆزمۆسی ئەمەریکی و لەوێ کۆتایی بەژیانی وەرزشیی هێنا.

## مارادۆنا

مارادۆنا یەکێکە لەو یاریزانانەی هەردەم جێگەی خۆی لە نێو دڵی هەوادارانی تۆپی پێ کردووەتەوە و زۆر بەزەحمەت یاریزانێکی هاوشێوەی ئەو دروست دەبێتەوە.



کاتژمێر ٧ی بەیانیی هەینی ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ لە بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرژەنتین دییێگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا چاوی بەدونیا هەڵهێنا. ناوبراو لە یەکێك لە گەڕەکە میللییەکانی ئەو شارەدا گەورە بوو. ئەمەش لە خۆیدا گرفتێکی گەورە بوو لە بەردەمیدا، لە هەمان کاتیشدا هاندەرێك بوو بۆ زیاتر هەوڵدان لە پێناو خۆپێگەیاندنی. مارادۆنا خۆشەویستییەکی بێ پایانی بۆ تۆپی پێ هەبوو، هەر بۆیە لە تەمەنی ٣ ساڵاندا یاریی بەتۆپ دەکرد و جاروباریش لە کاتی خەوتنیدا تۆپەکەی لە باوەش دەگرت. ڕۆژێکیان لە لایەن فرانشیسکۆی دۆزەرەوەی ئەستێرەکان پەیوەندی پێوە کرا و لە ڕێگەی ئەوەوە سەرەتای ژیانی تۆپی پێی مارادۆنا دەستی پێکرد. ئەوکات تەمەنی دییێگۆ ١٠ ساڵان بوو.

## سەرەتا . . . ئەرژەنتینۆس

لە ساڵی ١٩٧٠ مارادۆنا چووە ڕیزی تازەپێگەیشتووانی یانەی ئەرژەنتینۆس. گومان لەوەدا نییە یاریزانێك بەلێهاتوویی مارادۆنا بێت بەزوویی جێی پێی خۆی قایم دەکات. لە کۆی ١٣٦ یاریی لە ڕیزی ئەرژەنتینۆس، مارادۆنا و یانەکەی تەنانەت یەك یاریشیان نەدۆڕاند. لە تەمەنی ١٦ ساڵانیدا یانەی ئیندپێندێنت هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی مارادۆنا بهێنێتە ڕیزی یانەکە، بەڵام بەپاڵپشتیی جەماوەرە زۆرەکەی، ئەرژەنتینۆس هەوڵەکانی ئەو یانەیەی ڕەت کردەوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەمین جار مارادۆنا درێسی ژمارە ١٠ی پێ بەخشرا و دواتر بووە بەناوبانگترین یاریزان کە ژمارە ١٠ لەبەر بکات. هەر لەو ساڵەدا سیزار مینۆتیی ڕاهێنەری بەناوبانگی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، مارادۆنای بۆ هەڵبژاردەی یەکەمی وڵاتەکەی بانگهێشت کرد. سیزار مینۆتی بەهۆی کەمیی شارەزایی مارادۆنا نەیویست لە جامی جیهانی ١٩٧٨دا یاریی پێ بکات، بۆیە دووری خستەوە. لە ساڵی ١٩٧٩ مارادۆنا لە ڕیزی هەڵبژاردەی لاوانی ئەرژەنتین یاریی کرد و لە جامی جیهانیی لاوان کە لە ژاپۆن ئەنجام درا مارادۆنا بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی هەوادارانی تۆپی پێ. ئەو پاڵەوانێتییە هەروەك مارادۆنا باسی لێوە دەکات بووە هۆی سەرەتای ئاشنابوونی جیهان بەمارادۆنا. دوای پاڵەوانێتییەکە مارادۆنا بەبرە پارەی ١ ملیۆن دۆلار لە یانەی ئەرژەنتینۆسەوە چووە یانەی بۆکاجۆنیۆرز. ئەم گواستنەوەیە بووە مایەی ناڕەزایی دەربڕینی جەماوەری یانەی ئەرژەنتینۆس.

## هیواکان ... بۆکاجۆنیۆرز و مارادۆنا

دوای بۆکاجۆنیۆرز، مارادۆنا کەوتە ئەنجامدانی گەشتێکی نوێ بەنێو جیهانی تۆپی پێ، ئەویش یانەی بۆکاجۆنیۆرزی سەرقافڵەی یانەکانی ئەرژەنتین. دوای ماوەیەکی کەم، مارادۆنا بووە ئەستێرەی یەکەمی بۆکا و دواتریش ئەستێرەی یەکەمی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین. مارادۆنا لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە ساڵی ١٩٨٠ جامی ئەمەریکای لاتینی بەدەست هێنا. دوای ماوەیەك یانەی بۆکا باری دارایی ڕووی لە خراپی کرد، بۆیە بەرپرسانی یانەکە بەناچاری دەستبەرداری مارادۆنا بوون و فرۆشتیانە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی.

## مارادۆنا لە یانەی کاتالۆنی



دوای ئەوەی ئاستێکی هونەریی بەرزی لە ڕیزی یانەی بۆکاجۆنیۆرز نیشان دا و بەهەمان شێوە ئەو ئاستەی لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە مۆندیالی ٨٢ نیشان دا، مارادۆنا بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، بۆیە بەبڕە پارەی ٧ ملیۆن دۆلار بۆندیان لەگەڵ مۆرکرد، ئەوکات ئەو بڕە پارەیە بەپارەیەکی پێوانەیی دەژمێردرا. دوای ماوەیەك یانەی ناپۆلیی ئێتاڵی بۆندێکی لەگەڵ مارادۆنا بەبڕە ٨ ملیۆن دۆلار مۆرکرد.

## ناپۆلی و خەونەکانی مارادۆنا

لە ساڵی ١٩٨٤ مارادۆنا بارگەی بەرەو یانەی ناپۆلیی ئیتاڵی تێك نا. لە ڕیزی ئەو یانەیەدا مارادۆنا خۆشترین ساتەکانی ژیانی تۆپی پێی بەسەر برد. لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ یەکەمین جار لە مێژوویدا، یانەی ناپۆلی بەپاڵپشتی مارادۆنا بووە پاڵەوانی ئیتاڵیا. مارادۆنا هەر بەمەش نەوەستا، بەڵکو توانی لە ساڵی ١٩٨٩ جامی یەکێتیی ئەورووپا بۆ یەکەمین جار بهێنێتە خەزێنەی ناپۆلی. مارادۆنا ئەو ئاستەبەرزەی لە ڕیزی ناپۆلی

نیشان دا، وای لە جەماوەری شاری ناپۆلی کرد کە بەهیچ شێوەیەك ئەو یاریزانە ئەفسانەیە لە یاد نەکەن و لەنێو جەرگەی شاردا پەیکەرێکی بۆ دروست بکەن. لە ساڵی ١٩٩١ لە یارییەکدا ناپۆلی بەئەنجامی ١-٤ لە یانەی سامبدۆریا دۆڕا، دوای ئەو یارییە مارادۆنا وردە وردە لە لوتکەی ئاستی هونەریی خۆی دابەزی. مارادۆنا ماوەی ١٣ ساڵی لە ئەوروپا بەسەر برد، دواتر گەڕایەوە ڕیزی یانەی بۆکاجۆنیۆرز. لە ساڵی ١٩٩٧دا دوای ئەنجامدانی ٣٠ یاری و تۆمارکردنی ٧ گۆڵ، مارادۆنا لە وتەیەکی بەناوبانگ گوتی، بڕیارم دا بەیەکجاری واز لە تۆپی پێ بهێنم.

## ساتە گرنگەکانی ژیانی مارادۆنا



لە ١٠/١٠/١٩٦٠ لە دایك بووە.

لە ٢٠/١٠/ ١٩٧٥ بەشداریی لە یەکەمین یاریی نێودەوڵەتی کردووە.


لە ٢٧/٢٠/١٩٧٧ یەکەمین گۆڵی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی ئەرژەنتین لە بەرامبەر سکۆتلەندا تۆمار کرد، یارییەکەش بەئەنجامی ٣-١ لە بەرژەوەندیی ئەرژەنتین تەواو بوو.

لە ٢/٧/١٩٨٢ لە مۆندیالی ١٩٨٢دا و لە یاریی نێوان ئەرژەنتین و بەڕازیل بۆ یەکەمین جار مارادۆنا بەکارتی سوور کرایە دەرەوە.

لە ١٢/٣/١٩٨٣ ئەبیلاردۆی ڕاهێنەری ئەرژەنتین شارەی کاپتنی بە مارادۆنا بەخشی.

لە ٢٢/٦/١٩٨٦ بەئەنجامی ٣-٢ ئەرژەنتین لە ئەڵمانیای بردەوە و مارادۆنا جامی جیهانی بەرزکردەوە. لەبەر ئەوەی مارادۆنا ئاستێکی یەکجار بەرزی لەو مۆندیالەدا پێشکەش کرد، لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا مۆندیالی ٨٦ ناونرا مۆندیالی مارادۆنا.

لە ١٣/١/١٩٩٣ بەهۆی بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر، مارادۆنا لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دوورخرایەوە. مارادۆنا بەتێکڕای ژیانی لە ٦٩٢ یاریی فەرمی بەشداری کردووە و ٣٥٢ گۆڵی تۆمار کردووە.



## بەشی حەفتەم

# هەڵبژاردە بەتواناکانی جیهان

بەشی حەفتەم

# هەڵبژاردە بەتواناکانی جیهان

## بەڕازیل

* ڕووبەر: ٨٥١١٩٦٥ کیلۆمەتر دووجا

* ژمارەی دانیشتووان: ١٧٤ ملیۆن کەس

* پایتەخت: بەڕازیلیا

* یەکێتیی تۆپی پێی بەڕازیل لە ١٩١٤/٦/٨ دامەزراوە

* لە ساڵی ١٩٢٣ چووە ڕیزی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا)

* زیاتر لە ١ ملیۆن یاریزانی تۆپی پێ لەو وڵاتەدا هەیە.

* باشترین یانەکان: سانتۆس، ساوپاولۆ، فلامینگۆ، کرۆزێرۆ، کۆرنتیانس.

* یاریزانە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە: پێلێ. فافا، گارنیشیا، ڕیڤەلینیۆ، سوکرات، ڕۆماریۆ، ڕیڤاڵدۆ، ڕۆناڵدۆ، ڕۆناڵدینهو، کاکا.

* **نازناوەکان**:

– تاکە هەڵبژاردەیە بەشداریی لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکانی جامی جیهان کردووە.

– ٥ جار نازناوی مۆندیالی بەدەست هێناوە (١٩٥٨، ١٩٦٢، ١٩٧٠، ١٩٩٤، ٢٠٠٢)



– ٨ جار نازناوی کوپا ئەمەریکای بەدەست هێناوە.

– ٢ جار جامی کیشوەرەکانی بەدەست هێناوە (١٩٩٧، ٢٠٠٥)

## ئیتاڵیا



* ڕووبـــــــەر: ٣٠١٢٣٠ کیلۆمەتر دووجا

* ژمـارەی دانـیشـتـوان: ٥٩ ملیۆن کەس

* پایتەخت: ڕۆما

* یـەکێتیی تـۆپی پێی ئـێتـاڵـیا لـە ساڵـی ١٨٩٨ دامەزرا.

* لە ساڵی ١٩٠٥ چووە ڕیزی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.

* لەو وڵاتەدا نزیکەی ١ملیۆن و نیو یاریزانی تۆپی پێ هەیە.

* یانە دیارەکان: یۆڤنتۆس، میلان، ئینتەر، ڕۆما.

*یاریزانە ناودارەکان: دینۆ زۆف، پاولۆ ڕۆسی، ئەلتۆبیللی، ماڵدینی، باجیۆ، دیل پییێرۆ، کاناڤارۆ، تۆتی.

*نازناوەکان:

– ١٧ جار بەشداریی لە مۆندیال کردووە.

– ٤ جار جامی جیهانی بەرز کردەوە (١٩٣٤، ١٩٣٨، ١٩٨٢، ٢٠٠٦)



– ١ جــــار جــــامــــی نـەتـەوەکـانـی ئـەوروپـا بـەرز کردۆتەوە.

## ئەڵمانیا

* ڕووبـــــــەر: ٣٥٧٠٢٦ کیلۆمەتر دووجا

* ژمــارەی دانــیشتــوان: ٨٢,٥ ملیۆن کەس

* پایتەخت: بەرلین.

* یەکێتیی تۆپی پێی ئەڵمانیا لە ساڵی **١٩٠٠** دامەزراوە.

* لە ساڵی **١٩٠٤** هاتۆتە ڕیزی یەکێتی تۆپی نێودەوڵەتی.

* یانە باشەکانی ئەو وڵاتە: بایرن میونیخ، هامبۆرگ، شتوتگارت، دۆرتمۆند، ڤێردەر بریمن.

* یاریزانە ناودارەکان: بیکنپاوەر، مۆلەر، سیب مایەر، ڕۆمەنیگە، ماتیۆس، کلینزمان، کان، بالاك، کلۆزە، پۆدۆلسکی.

* نازناوەکان:

– **١٧** جار بەشداری لە مۆندیال کردووە.

– **٣** جار نازناوی مۆندیالی بەدەست هێناوە (**١٩٥٤، ١٩٧٤، ١٩٩٠**)

– **٣** جار نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای بەدەست هێناوە (**١٩٧٢، ١٩٨٠، ١٩٩٦**)

## ئەرژەنتین

* ڕووبەر: **٢٧٦٦٨٩٠** کیلۆمەتر دووجا.

* ژمارەی دانیشتووان: **٣٧,٨** ملیۆن کەس.

* پایتەخت: بۆینس ئایرس.

* یەکێتیی تۆپی پێی ئەرژەنتینی لە **١٨٩٣/٢/٢١** دامەزراوە.



* لە ساڵی **١٩١٢** چووەتە ڕیزی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.

* نزیکەی **٥٣٠** هەزار یاریزانی تۆپی پێ لەو وڵاتەدا هەیە.

* یانە دیارەکان: ئیدپێندنت، بۆ

کاجۆنیۆرز، ریڤەرپلێت، ئەرژەنتینۆس جۆنیۆرز.

* یاریزانە ناودارەکان: کێمبس، ئەردێلس، ڤیلۆل، مارادۆنا، ڤالدانۆ، باتیستوتا، ئایمار، میسی.

* نازناوەکان:

– ١٥ جار بەشداریی لە مۆندیال کردووە.

– ٢ جار جامی جیهانی بەدەست هێناوە (١٩٧٨، ١٩٨٦)

– ١٤ جار کوپا ئەمەریکای بەدەست هێناوە.

– ١ جار جامی کیشوەرەکانی بەدەست هێناوە (١٩٩٢) .

## فەرەنسا



* ڕووبەر: ٦٧٤٨٤٣ کیلۆمەتر دووجا

* ژمارەی دانیشتوان: ٦٢ ملیۆن کەس

* پایتەخت: پاریس

* لە ساڵی ١٩١٩ یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا دامەزراوە.

* لەساڵی ١٩٠٤ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی.

* یاریزانە ناودارەکان: پلاتینی، تیگانا، زێدان، بارتێز، هێنری، ڤییێرا، ریبێری.

* نازناوەکان:

– ١٢ جار بەشداری لە مۆندیال کردووە.

– ١ جار نازناوی مۆندیالی بەدەست هێناوە (١٩٩٨) – ٢ جار جامی نەتەوەکانی ئەورووپای بەدەست هێناوە (١٩٨٤، ٢٠٠٠) –٢ جار جامی کیشوەرەکانی بەدەست هێناوە (٢٠٠١، ٢٠٠٣)



# بەشی هەشتەم

# خولە بەهێزەکانی جیهان

**بەشی هەشتەم**

# خولە بەهێزەکانی جیهان

## ئیسپانیا

### مێژووی تۆپی پێ لە ئیسپانیا

هەرچەندە مێژووی تۆپی پێی ئیسپانی لە ئەوروپادا لە پلەی چوارەم یان پێنجەم دێت، بەڵام لە رووی هونەری و جەماوەرەوە ململانێی خولەکانی ئینگلتەرە و ئیتاڵیا دەکات. مێژووی ئەو خولە بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. گەیشتنی ئەو یارییەش بۆ ئەو وڵاتە هەروەکو شوێنەکانی دیکەی جیهان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بوو. مێژووی تۆپی پێی ئیسپانی بۆ یەکێك لە بازرگانە ئینگلیزەکان دەگەڕێتەوە. لە رێگەی کۆمپانیای ئەو پیاوە تیپی تۆپی (ریۆ تینتۆ) دامەزرا. یاریزانانی ئەم تیپە تا ساڵی ١٨٨٩ لە کرێکارە ئینگلیزەکان پێکهاتبوو، پاشان بووە تیپێکی ئیسپانی و ناوی گۆڕا بۆ (ریکریاتیڤۆ دی هێلڤا) ئەویش یەکەمین یانەی ئیسپانییە. پاشان یارییەکە لە چەند ناوچەیەکی پیشەسازی بڵاو بۆوە وەکو ناوچەکانی ئیرۆن و خیخۆن و ئیشبیلیە و لاکرۆنیا و ڤالانسیا. یەکێك لە یانە ناودارەکان یانەی بالمۆس کە لە ساڵی ١٨٩٨ دا دامەزرا. دوای ئەو بە ساڵێك یانەی بەرشلۆنەی زەبەلاح دامەزرا. یەکەمین پاڵەوانێتیی تۆپی پێ لە ئیسپانیا پاڵەوانێتیی (جامی پاشا ئەلفۆنسۆی هەشتەم) بوو. پاشان ناوەکە بۆ (جامی پاشا) گۆڕا. یەکەمین پاڵەوان یانەی فیسیکا بوو دوای ئەوەی لە یاریی کۆتاییدا بە ئەنجامی ٢-١ لە بەرشلۆنەی بردەوە ئەویش لە ساڵی ١٩٠٢ بوو. هەمان ساڵ یانەی ریال مەدریدی ناودار دامەزرا بە ناوی (یانەی مەدرید). لە ساڵی ١٩٢٠ پاشا ئەلفۆنسۆی هەشتەم ناوی ریالی پێوە لکاند و بووە یانەی ریال مەدرید. لە ساڵی ١٩١٣ یەکێتییەکانی سەرجەم هەرێمەکان کۆبوونەوە و یەکێتیی تۆپی پێی ئیسپانیایان دامەزراند. دوای چەند ناکۆکییەك لە نێوان یەکێتییەکانی هەرێمەکان وەکو ناوچەی ناوەڕاست و ناوچەی کاتالۆنیا و هەرێمی باسك خولی سەرجەم یانەکانی ئیسپانیا چەند ساڵێك دوا کەوت تا لە وەرزی ١٩٢٩/١٩٢٨ یەکەمین خولی سەرەتایی ئیسپانیا بە بەشداریکردنی ١٠ یانە دەستی پێکرد ئەوانیش: بەرشلۆنە، ریال مەدرید، ئەتلەتیك بلباو، ریال سوسیداد، ئەریناس دی گیتسۆ، ئەتلەتیکۆ ئەفیاسۆن (ئەتلەتیکۆ مەدرید)، سەرتاسەری ریال ئیسپانیۆل، سی دی ئەوروپا، ریال خیخۆن، رایسنگ سانتاندێر. لەکاتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ بە تایبەتی لە سەردەمی دیکتاتۆر فرانکۆ خولی ئیسپانیا بۆ ماوەی ٣ ساڵ ڕاگیرا (١٩٣٦ تا ١٩٣٩).

## یانە ناودارەکان

### ڕیال مەدرید

* لە ساڵی ١٩٠٢ دامەزراوە.
* یاریگە: سانتیاگۆ بێرنابیۆ/ لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراوە.
* شوێنی جەماوەر: ٨٠ هەزار و ٣٥٤ کەس.
* ڕیال بە مانای (پاشایەتی) دێت. ئەو ناوەش لە ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن ئەلفۆنسۆی سێزدەم پاشای ئیسپانیاوە پێ بەخشراوە.
* نازناوەکان: – خولی ئیسپانیا (لالیگا) ٣٢ جار. – پاڵەوانی جامی ئیسپانیا ١٧ جار. – پاڵەوانی جامی جامەکانی ئەوروپا ٢ جار. – پاڵەوانی یانەکانی ئەوروپا ٩ جار. – پاڵەوانی جامی کیشوەرەکان بۆ یانەکان (ئینتەر کۆنتینێنتال) ٣ جار.
* یاریزانە ناودارەکان: دیستیڤانۆ، پۆشکاش، کاماتچۆ، هۆگۆ سانشێز، ریدێندۆ، ڕۆناڵدۆ، زیدان، بێکهام، ڕائول.

### بەرشلۆنە

* لە ساڵی ١٨٩٩ لە لایەن جوان گامبەری سویسرییەوە دامەزراوە.
* یاریگە: نوکامب/ ٩٩ هەزار کەس لەخۆ دەگرێ/ لە ساڵی ١٩٥٧ دروست کراوە. نوکامب وشەیەکی کاتالۆنییە و بە مانای یاریگەی نوێ دێت.
* نازناوەکان: – ١٨ جار خولی ئیسپانیا. – ٢٤ جار جامی ئیسپانیا. – ٢ جار جامی یانەکانی ئەوروپا. لە ساڵەکانی ١٩٩٢ و ٢٠٠٦ – ٢ جار جامی سوپەڕی ئەوروپی. ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٧ – ٥ جارجامی سوپەڕی ئیسپانی. – ٤ جار پاڵەوانی یەکێتیی ئەوروپا. ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٢ و ١٩٨٩ و ١٩٩٧ – ١ جار جامی ئینتەر کۆنتینێنتال. ساڵی ١٩٩٢.
* یاریزانە ناودارەکان: مارادۆنا، کۆیمان، ڕۆماریۆ، فیگۆ، کرۆیف، ڕیڤاڵدۆ، ڕۆناڵدۆ، ڕۆناڵدینۆ، ئیتۆ، میسی، هێنری.

### ئیشبیلیە

* لە ساڵی ١٩٠٥ دامەزراوە.

* یاریگە: ڕامۆن سانشێز/ جێگەی ٤٥٥٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە.
* ١ جار نازناوی خولی ئیسپانیای بەدەست هێناوە لە وەرزی ١٩٤٥/١٩٤٦

## ڤالانسیا

* لە ساڵی ١٩١٩ دامەزراوە.
* یاریگە: میستایا/ جێگەی ٤٩ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: - خولی ئیسپانیا: ٦ جار. - جامی ئیسپانیا: ٦ جار. - جامی سوپەری ئیسپانی: ٢ جار -جامی یەکێتی ئەوروپا: ٣ جار - جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا: ١ جار - جامی سوپەری ئەوروپی: ٢ جار

## دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنیا

* لە ساڵی ١٩٠٤ لە لایەن خۆزێ ماریا ئەپالۆ دامەزراوە.
* یاریگە: ڕیازۆر
* جێگەی ٣٥٦٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: -خولی ئیسپانیا: ١ جار -جامی ئیسپانیا: ٢ جار -جامی سوپەری ئیسپانی: ٣ جار

## ئەتلەتیك بلباو

* لە ساڵی ١٨٩٨ دامەزراوە.
* یاریگە: سان مامس.
* سان مامس جێگەی ٤٦٥٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: -خولی ئیسپانیا: ٨ جار -جامی ئیسپانیا: ٢٤ جار -جامی سوپەری ئیسپانی: ١ جار.

### ئەتلەتیکۆ مەدرید.

* لە ساڵی ١٩٠٣ دامەزراوە.
* یاریگە: ڤیسێنتی کالدێرۆن.
* ڤیسێنتی کالدێرۆن جێگەی ٥٤ هەزار و ٨٥١ کەسی تێدا دەبێتەوە.

* نازناوەکان: -خولی ئیسپانیا: ٩ جار. -جامی ئیسپانیا: ٩ جار. -جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا: ١ جار

## مێژووی خولی ئیسپانیا لالیگا

| ژ | وەرز | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٢٩/١٩٢٨ | بەرشلۆنە |
| ٢ | ١٩٣٠/١٩٢٩ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٣ | ١٩٣١/١٩٣٠ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٤ | ١٩٣٢/١٩٣١ | ڕیال مەدرید |
| ٥ | ١٩٣٣/١٩٣٢ | ڕیال مەدرید |
| ٦ | ١٩٣٤/١٩٣٣ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٧ | ١٩٣٥/١٩٣٤ | ریال بیتیس |
| ٨ | ١٩٣٦/١٩٣٥ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٩ | ١٩٣٧/١٩٣٦ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٠ | ١٩٣٨/١٩٣٧ | بەڕێوە نەچوو |
| ١١ | ١٩٣٩/١٩٣٨ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٢ | ١٩٤٠/١٩٣٩ | ئەتلەتیكۆ ئەفیاسی |
| ١٣ | ١٩٤١/١٩٤٠ | ئەتلەتیكۆ ئەفیاسی |
| ١٤ | ١٩٤٢/١٩٤١ | ڤالانسیا |
| ١٥ | ١٩٤٣/١٩٤٢ | ئەتلەتیك بلباو |
| ١٦ | ١٩٤٤/١٩٤٣ | ڤالانسیا |
| ١٧ | ١٩٤٥/١٩٤٤ | بەرشلۆنە |
| ١٨ | ١٩٤٦/١٩٤٥ | ئیشبیلیە |
| ١٩ | ١٩٤٧/١٩٤٦ | ڤالانسیا |
| ٢٠ | ١٩٤٨/١٩٤٧ | بەرشلۆنە |
| ٢١ | ١٩٤٩/١٩٤٨ | بەرشلۆنە |
| ٢٢ | ١٩٥٠/١٩٤٩ | ئەتلەتیكۆ مەدرید |
| ٢٣ | ١٩٥١/١٩٥٠ | ئەتلەتیكۆ مەدرید |
| ٢٤ | ١٩٥٢/١٩٥١ | بەرشلۆنە |



| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | ١٩٥٣/١٩٥٢ | بەرشلۆنە |
| ٢٦ | ١٩٥٤/١٩٥٣ | ڕیال مەدرید |
| ٢٧ | ١٩٥٥/١٩٥٤ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٢٨ | ١٩٥٦/١٩٥٥ | ڕیال مەدرید |
| ٢٩ | ١٩٥٧/١٩٥٦ | ڕیال مەدرید |
| ٣٠ | ١٩٥٨/١٩٥٧ | ڕیال مەدرید |
| ٣١ | ١٩٥٩/١٩٥٨ | بەرشلۆنە |
| ٣٢ | ١٩٦٠/١٩٥٩ | بەرشلۆنە |
| ٣٣ | ١٩٦١/١٩٦٠ | ڕیال مەدرید |
| ٣٤ | ١٩٦٢/١٩٦١ | ڕیال مەدرید |
| ٣٥ | ١٩٦٣/١٩٦٢ | ڕیال مەدرید |
| ٣٦ | ١٩٦٤/١٩٦٣ | ڕیال مەدرید |
| ٣٧ | ١٩٦٥/١٩٦٤ | ڕیال مەدرید |
| ٣٨ | ١٩٦٦/١٩٦٥ | ئەتلەتیكۆ مەدرید |
| ٣٩ | ١٩٦٧/١٩٦٦ | ڕیال مەدرید |
| ٤٠ | ١٩٦٨/١٩٦٧ | ڕیال مەدرید |
| ٤١ | ١٩٦٩/١٩٦٨ | ڕیال مەدرید |
| ٤٢ | ١٩٧٠/١٩٦٩ | ئەتلەتیكۆ مەدرید |
| ٤٣ | ١٩٧١/١٩٧٠ | ڤالانسیا |
| ٤٤ | ١٩٧٢/١٩٧١ | ڕیال مەدرید |
| ٤٥ | ١٩٧٣/١٩٧٢ | ئەتلەتیكۆ مەدرید |
| ٤٦ | ١٩٧٤/١٩٧٣ | بەرشلۆنە |
| ٤٧ | ١٩٧٥/١٩٧٤ | ڕیال مەدرید |
| ٤٨ | ١٩٧٦/١٩٧٥ | ڕیال مەدرید |
| ٤٩ | ١٩٧٧/١٩٧٦ | ئەتلەتیكۆ مەدرید |
| ٥٠ | ١٩٧٨/١٩٧٧ | ڕیال مەدرید |
| ٥١ | ١٩٧٩/١٩٧٨ | ڕیال مەدرید |
| ٥٢ | ١٩٨٠/١٩٧٩ | ڕیال مەدرید |




| | | |
|---|---|---|
| ٥٣ | ١٩٨١/١٩٨٠ | ڕیال مەدرید |
| ٥٤ | ١٩٨٢/١٩٨١ | ڕیال مەدرید |
| ٥٥ | ١٩٨٣/١٩٨٢ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٥٦ | ١٩٨٤/١٩٨٣ | ئەتلەتیك بلباو |
| ٥٧ | ١٩٨٥/١٩٨٤ | بەرشلۆنە |
| ٥٨ | ١٩٨٦/١٩٨٥ | ڕیال مەدرید |
| ٥٩ | ١٩٨٧/١٩٨٦ | ڕیال مەدرید |
| ٦٠ | ١٩٨٨/١٩٨٧ | ڕیال مەدرید |
| ٦١ | ١٩٨٩/١٩٨٨ | ڕیال مەدرید |
| ٦٢ | ١٩٩٠/١٩٨٩ | ڕیال مەدرید |
| ٦٣ | ١٩٩١/١٩٩٠ | بەرشلۆنە |
| ٦٤ | ١٩٩٢/١٩٩١ | بەرشلۆنە |
| ٦٥ | ١٩٩٣/١٩٩٢ | بەرشلۆنە |
| ٦٦ | ١٩٩٤/١٩٩٣ | بەرشلۆنە |
| ٦٧ | ١٩٩٥/١٩٩٤ | ڕیال مەدرید |
| ٦٨ | ١٩٩٦/١٩٩٥ | ئەتلەتیکۆ مەدرید |
| ٦٩ | ١٩٩٧/١٩٩٦ | ڕیال مەدرید |
| ٧٠ | ١٩٩٨/١٩٩٧ | بەرشلۆنە |
| ٧١ | ١٩٩٩/١٩٩٨ | بەرشلۆنە |
| ٧٢ | ٢٠٠٠/١٩٩٩ | دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنیا |
| ٧٣ | ٢٠٠١/٢٠٠٠ | ڕیال مەدرید |
| ٧٤ | ٢٠٠٢/٢٠٠١ | ڤالانسیا |
| ٧٥ | ٢٠٠٣/٢٠٠٢ | ڕیال مەدرید |
| ٧٦ | ٢٠٠٤/٢٠٠٣ | ڤالانسیا |
| ٧٧ | ٢٠٠٥/٢٠٠٤ | بەرشلۆنە |
| ٧٨ | ٢٠٠٦/٢٠٠٥ | بەرشلۆنە |
| ٧٩ | ٢٠٠٧/٢٠٠٦ | ڕیال مەدرید |
| ٨٠ | ٢٠٠٨ | |

## گۆڵكارانی خولی لالیگا له دوا ١٠ وەرزدا

| ژ.گۆڵ | یانه | یاریزان | وەرز |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | ئەتلەتیكۆ مەدرید | كریستیان | ١٩٩٨/١٩٩٧ |
| ٢٥ | ڕیال مەدرید | ڕائول گونزالیز | ١٩٩٩/١٩٩٨ |
| ٢٧ | ڕایسینگ سانتاندێر | سالڤا | ٢٠٠٠/١٩٩٩ |
| ٢٤ | ڕیال مەدرید | ڕائول گۆنزالیز | ٢٠٠١/٢٠٠٠ |
| ٢١ | دیپۆرتیڤۆ لاكرۆنیا | دیێگۆ تریستان | ٢٠٠٢/٢٠٠١ |
| ٢٩ | دیپۆرتیڤۆ لاكرۆنیا | ڕۆی ماكای | ٢٠٠٣/٢٠٠٢ |
| ٢٥ | ڕیال مەدرید | ڕۆناڵدۆ | ٢٠٠٤/٢٠٠٣ |
| ٢٥ | ڤیا ڕیال | دیگۆ فۆرلان | ٢٠٠٥/٢٠٠٤ |
| ٢٦ | بەرشلۆنه | سامویل ئیتۆ | ٢٠٠٦/٢٠٠٥ |
| ٢٥ | ڕیال مەدرید | رۆد ڤان نیستلرۆی | ٢٠٠٧/٢٠٠٦ |

## گۆڵكارانی لالیگا به درێژایی مێژوو

| ژ.گۆڵ | وەرز | یانه | یاریزان | ژ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥١ | ١٩٣٩تا١٩٥٦ | ئەتلەتیك بلباو | تیلمۆ زارا | ١ |
| ٢٣٤ | ١٩٨١تا١٩٩٣ | ئەتلەتیكۆمەدرید/ڕیال مەدرید/ڕایۆڤالیكانۆ | هۆگۆ سانشێز | ٢ |
| ٢٢٨ | ١٩٥٤تا١٩٦٦ | ڕیال مەدرید/ ئیسپانیۆل | ئەلفرێدۆ دی ستیڤانۆ | ٣ |
| ٢٢٥ | ١٩٣٩تا١٩٥٥ | بەرشلۆنه/غەرناتە/لوینسا/ئەلیخی | سیزار ڕۆدریگێز | ٤ |
| ٢١٩ | ١٩٧٠تا١٩٨٤ | خیخۆن/بەرشلۆنە | ئەنریكی كاسترۆ | ٥ |
| ٢١٠ | ١٩٤٣تا١٩٥٦ | سلێتاڤیگۆ/ڕیال مەدرید/دیپۆرتیڤۆ | مانوێل فێرناندێز | ٦ |
| ١٩٥ | ١٩٣٩تا١٩٥٢ | ڤالانسیا/ئەلكۆیانۆ | ئەدمۆندۆ سوارێز | ٧ |
| ١٩٤ | ١٩٩٤تاكو ئێستا | ڕیال مەدرید | ڕائول گۆنزالێز | ٨ |
| ١٨٦ | ١٩٧١تا١٩٨٩ | ڕیال مەدرید | كارلۆس سانتیلانا | ٩ |
| ١٨٥ | ١٩٢٩تا١٩٤٦ | ئەتلەتیك بلباو/ڤالانسیا | گۆرۆستیزا | ١٠ |

تێبینی: ئەم ئامارە بەر لە دەستپێکردنی خولی وەرزی ٢٠٠٧/٢٠٠٨ ئەنجام دراوە.
ڕائول گۆنزالیس دەتوانێ چەند پلەیەك سەربکەوێ بە تۆمارکردنی گۆڵ لە خولی ٢٠٠٧/٢٠٠٨.

**خەڵاتی ڕیکاردۆ زامۆرا بۆ باشترین پاسەوانی گۆڵ لە ١٠ ساڵی دواییدا**

| ژ | وەرز | پاسەوانی گۆڵ | یانە | یاری | ژ. گۆڵ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٦/٢٠٠٧ | ڕۆبێرتۆ ئەبۆندانزێری | خیتافی | ٣٦ | ٣٠ | ٠.٨٣ |
| ٢ | ٢٠٠٥/٢٠٠٦ | خۆسێ مانوێل پینتۆ | سێلتاڤیگۆ | ٣٦ | ٢٨ | ٠.٧٨ |
| ٣ | ٢٠٠٤/٢٠٠٥ | ڤیکتۆر ڤاڵدێز | بەرشلۆنە | ٣٥ | ٢٥ | ٠.٧١ |
| ٤ | ٢٠٠٣/٢٠٠٤ | سانتیاگۆ کانیزاریس | ڤالانسیا | ٣٧ | ٢٥ | ٠.٦٨ |
| ٥ | ٢٠٠٢/٢٠٠٣ | پابلۆ کافالێرۆ | سێلتاڤیگۆ | ٣٤ | ٢٧ | ٠.٧٩ |
| ٦ | ٢٠٠١/٢٠٠٢ | سانتیاگۆ کانیزاریس | ڤالانسیا | ٣١ | ٢٣ | ٠.٧٤ |
| ٧ | ٢٠٠٠/٢٠٠١ | سانتیاگۆ کانیزاریس | ڤالانسیا | ٣٧ | ٣٤ | ٠.٩٢ |
| ٨ | ١٩٩٩/٢٠٠٠ | مارتن هێرێرا | ئەلاڤێس | ٣٨ | ٣٧ | ٠.٩٧ |
| ٩ | ١٩٩٨/١٩٩٩ | کارلۆس روا | مایۆرکا | ٣٥ | ٢٩ | ٠.٨٣ |
| ١٠ | ١٩٩٧/١٩٩٨ | تۆنی خیمنێز | ئیسپانیۆل | ٣٧ | ٣١ | ٠.٨٤ |




**دروشمی یانە پلە یەکەکانی ئیسپانیا**

## مێژووی خولی ئینگلتەرە

هەر چەندە ئینگلتەرە بە دامەزرێنەری تۆپی پێی نوێ لە جیهاندا لە قە لەم دەدرێت، بەڵام خولی تۆپی پێ لەو وڵاتەدا تا ١٨٨٨/٨/٨ سەری هەڵنەدا. لە وەرزی ١٨٨٨/١٨٨٩ بە بەشداریکردنی ١٢ یانە یەکەمین خولی ئینگلیزی دەستی پێکرد. یانەکانیش ئەمانەن: ئەکرینگتۆن، ئەستۆن ڤێللا، بلاکبێرن رۆڤەرز، بۆڵتن، واندێرارز، بێرنلی، دێربی کاونتی، ئێڤەرتۆن، نۆتس کاونتی، بریستۆن، وێست برۆمیچ، ولڤەرهامپتۆن.

### یانە ناودارەکان

## مانچستەر یونایتد

* لە ساڵی ١٨٧٨ دامەزراوە. ئەوکات ناوی یانەکە نۆیتن هیت بوو و لەلایەن چەند کرێکارێکی هێڵی شەمەندەفەری ئەنکشایەر و یۆرکشایەر دامەزرا.
* لە ساڵی ١٨٩٢ پەیوەندیی بە خولی ئینگلتەرەوە کرد.
* لە ساڵی ١٩٠٢ تووشی کێشەی دارایی هات، بۆیە (ئێچ. جەی. دەیڤس) یانەکەی لە ڕووخان ڕزگار کرد و ناوی گۆڕی بۆ مانچستەر یونایتد. هەمان ساڵ ناوبراو ڕەنگی درێسی یانەکەی لە زێڕین و سەوزەوە گۆڕی بۆ سوور و سپی.
* یاریگە: ئۆڵد ترافۆرد. ئەو یاریگەیە لە ساڵی ١٩٠٩ دروست کرا.
* ئۆڵد ترافۆرد ٧٦ هەزار کەس لەخۆ دەگرێ.
* نازناوەکان: – خولی ئینگلتەرە: ١٥ جار – جامی ئینگلتەرە: ١١ جار – جامی پیشەگەرەکان (کارلینگ کاپ): ١ جار – ٢ جار پاڵەوانی یانەکانی ئەوروپا – ١ جار پاڵەوانی یانەکانی ئەوروپا. – ١ جار پاڵەوانی جامی کیشوەرەکان (ئینتەر کۆنتینێنتال) ١٩٩١.
* یاریزانە ناودارەکان: بۆبی چارلتۆن، پیتەر شمایکل، جۆرج بێست، کانتۆنا، گیگز، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، نیستلرۆی.

### لیڤەرپووڵ

* لە ١٥ی ئاداری ١٨٩٢ دامەزراوە.
* یاریگە: ئەنفێڵد/٤٥٥٢٢ کەس/لیڤەرپووڵ.
* دامەزرێنەر: جۆن هۆڵدینگ.
* نازناوەکان: – خولی ئینگلتەرە ١٨ جار – جامی یەکێتیی ئینگلتەرە: ٧ جار – جامی سوپەری ئینگلیزی (قەڵغان): ١٥ جار – یانە پاڵەوانانی ئەوروپا: ٥ جار – جامی سوپەری ئەوروپا: ٣ جار – جامی یەکێتیی ئەوروپا: ٣ جار.
* یاریزانە ناودارەکان: ئەیان ڕاش، کیڤن کیگن، دالگلیش، جیراد، ئۆون.

### ئەرسناڵ

* لە ساڵی ١٨٨٦ دامەزراوە.
* یاریگە: ئیمارات /لەندەن.
* نازناوەکان: – خولی ئینگلتەرە: ١٣ جار – جامی ئینگلتەرە: ٢ جار – جامی جامەکانی ئەوروپا: ١ جار.
* یاریزانە ناودارەکان: لیمان، هێنری، بێرکامب، ڤان پێرسی

### چێلسی

* لە ساڵی ١٩٠٥ دامەزراوە.
* یاریگە: ستامفۆرد بریدج /٤٢ هەزار و ٥٠٠ کەس /لەندەن.
* نازناو: خولی ئینگلتەرە ٣ جار.
* یاریزانە ناودارەکان: درۆگبا، مایکل بالاك، فرانك لامپارد، جۆکۆڵ، جۆن تێری.

### ئێڤەرتۆن

* لە ساڵی ١٨٧٨ دامەزراوە.
* یاریگە: گۆدیسۆن پارك /٤٠ هەزار کەس /لیڤەرپووڵ.
* نازناو: خولی ئینگلتەرە: ٩ جار

### نیوکاسڵ یونایتد

* لە ساڵی ١٨٩٢ دامەزراوە.
* یاریگە: سانت جەیمس پارك /٥٢ هەزار كەس /نیوكاسڵ.
* نازناو: خولی ئینگلتەڕە: ٤ جار

### تۆتنهام هۆتسبێر

* لە ساڵی ١٨٨٣ دامەزراوە.
* یاریگە: وایت هارت لاین /٣٦ هەزار كەس /لەندەن.
* نازناو: خولی ئیتگەلتەڕە ٢ جار.

### مانچستەر ستی

* لە ساڵی ١٨٨٧ دامەزراوە.
* یاریگە: ستادی مانچستەر /٤٨ هەزار كەس /مانچستەر.
* نازناو: خولی ئینگلتەڕە ٢ جار.

## مێژووی خولی ئینگلتەرە

| ژ | وەرز | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٨٨٩/١٨٨٨ | بریستۆن |
| ٢ | ١٨٩٠/١٨٨٩ | بریستۆن |
| ٣ | ١٨٩١/١٨٩٠ | ئێڤەرتۆن |
| ٤ | ١٨٩٢/١٨٩١ |ساندرلاند |
| ٥ | ١٨٩٣/١٨٩٢ | ساندرلاند |
| ٦ | ١٨٩٤/١٨٩٣ | ئەستۆن ڤێلا |
| ٧ | ١٨٩٥/١٨٩٤ | ساندرلاند |
| ٨ | ١٨٩٦/١٨٩٥ | ئەستۆن ڤێلا |
| ٩ | ١٨٩٧/١٨٩٦ | ئەستۆن ڤێلا |



| | | |
|---|---|---|
| شیفلد یونایتد | ١٨٩٨/١٨٩٧ | ١٠ |
| ئەستۆن ڤێللا | ١٨٩٩/١٨٩٨ | ١١ |
| ئەستۆن ڤێللا | ١٩٠٠/١٨٩٩ | ١٢ |
| لیڤەر پووڵ | ١٩٠١/١٩٠٠ | ١٣ |
| ساندرلاند | ١٩٠٢/١٩٠١ | ١٤ |
| دی وێدنزدەی | ١٩٠٣/١٩٠٢ | ١٥ |
| دی وێدنزدەی | ١٩٠٤/١٩٠٣ | ١٦ |
| نیوکاسڵ | ١٩٠٥/١٩٠٤ | ١٧ |
| لیڤەرپووڵ | ١٩٠٦/١٩٠٥ | ١٨ |
| نیوکاسڵ | ١٩٠٧/١٩٠٦ | ١٩ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٠٨/١٩٠٧ | ٢٠ |
| نیوکاسڵ | ١٩٠٩/١٩٠٨ | ٢١ |
| ئەستۆن ڤێللا | ١٩١٠/١٩٠٩ | ٢٢ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩١١/١٩١٠ | ٢٣ |
| بلاکبێرن رۆڤەرز | ١٩١٢/١٩١١ | ٢٤ |
| ساندرلاند | ١٩١٣/١٩١٢ | ٢٥ |
| بلاکبێرن رۆڤەرز | ١٩١٤/١٩١٣ | ٢٦ |
| ئێڤەرتۆن | ١٩١٥/١٩١٤ | ٢٧ |
| بەڕێوە نەچوو | ١٩١٦/١٩١٥ | ٢٨ |
| بەڕێوە نەچوو | ١٩١٧/١٩١٦ | ٢٩ |
| بەڕێوە نەچوو | ١٩١٨/١٩١٧ | ٣٠ |
| بەڕێوە نەچوو | ١٩١٩/١٩١٨ | ٣١ |
| وێست برۆمیچ | ١٩٢٠/١٩١٩ | ٣٢ |
| بیرنلی | ١٩٢١/١٩٢٠ | ٣٣ |
| لیڤەر پووڵ | ١٩٢٢/١٩٢١ | ٣٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥ | ١٩٢٣/١٩٢٢ | ليڤەر پووڵ |
| ٣٦ | ١٩٢٤/١٩٢٣ | هادەرسفيڵد تاون |
| ٣٧ | ١٩٢٥/١٩٢٤ | هادەرسفيڵد تاون |
| ٣٨ | ١٩٢٦/١٩٢٥ | هادەرسفيڵد تاون |
| ٣٩ | ١٩٢٧/١٩٢٦ | نيوكاسڵ |
| ٤٠ | ١٩٢٨/١٩٢٧ | ئێڤەرتۆن |
| ٤١ | ١٩٢٩/١٩٢٨ | دی وێدنزدەی |
| ٤٢ | ١٩٣٠/١٩٢٩ | شيفڵد وێدنزدەی |
| ٤٣ | ١٩٣١/١٩٣٠ | ئەرسناڵ |
| ٤٤ | ١٩٣٢/١٩٣١ | ئێڤەرتۆن |
| ٤٥ | ١٩٣٣/١٩٣٢ | ئەرسناڵ |
| ٤٦ | ١٩٣٤/١٩٣٣ | ئەرسناڵ |
| ٤٧ | ١٩٣٥/١٩٣٤ | ئەرسناڵ |
| ٤٨ | ١٩٣٦/١٩٣٥ | ساندرلاند |
| ٤٩ | ١٩٣٧/١٩٣٦ | مانچستەر ستی |
| ٥٠ | ١٩٣٨/١٩٣٧ | ئەرسناڵ |
| ٥١ | ١٩٣٩/١٩٣٨ | ئێڤەرتۆن |
| ٥٢ | ١٩٤٠/١٩٣٩ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٣ | ١٩٤١/١٩٤٠ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٤ | ١٩٤٢/١٩٤١ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٥ | ١٩٤٣/١٩٤٢ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٦ | ١٩٤٤/١٩٤٣ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٧ | ١٩٤٥/١٩٤٤ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٨ | ١٩٤٦/١٩٤٥ | بەڕێوە نەچوو |
| ٥٩ | ١٩٤٧/١٩٤٦ | ليڤەرپووڵ |

| | | |
|---|---|---|
| ئەرسناڵ | ١٩٤٨/١٩٤٧ | ٦٠ |
| پۆرتسمۆت | ١٩٤٩/١٩٤٨ | ٦١ |
| پۆرتسمۆت | ١٩٥٠/١٩٤٩ | ٦٢ |
| تۆتنهام هۆتسبێر | ١٩٥١/١٩٥٠ | ٦٣ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٥٢/١٩٥١ | ٦٤ |
| ئەرسناڵ | ١٩٥٣/١٩٥٢ | ٦٥ |
| ولڤەرهامتۆن | ١٩٥٤/١٩٥٣ | ٦٦ |
| چێلسی | ١٩٥٥/١٩٥٤ | ٦٧ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٥٦/١٩٥٥ | ٦٨ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٥٧/١٩٥٦ | ٦٩ |
| ولڤەرهامتۆن | ١٩٥٨/١٩٥٧ | ٧٠ |
| ولڤەرهامتۆن | ١٩٥٩/١٩٥٨ | ٧١ |
| بیرنلی | ١٩٦٠/١٩٥٩ | ٧٢ |
| تۆتنهام هۆتسبێر | ١٩٦١/١٩٦٠ | ٧٣ |
| ئەبسویچ تاون | ١٩٦٢/١٩٦١ | ٧٤ |
| ئێڤەرتۆن | ١٩٦٣/١٩٦٢ | ٧٥ |
| لیڤەرپووڵ | ١٩٦٤/١٩٦٣ | ٧٦ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٦٥/١٩٦٤ | ٧٧ |
| لیڤەرپووڵ | ١٩٦٦/١٩٦٥ | ٧٨ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٦٧/١٩٦٦ | ٧٩ |
| مانچستەر ستی | ١٩٦٨/١٩٦٧ | ٨٠ |
| لیدز یونایتد | ١٩٦٩/١٩٦٨ | ٨١ |
| ئێڤەرتۆن | ١٩٧٠/١٩٦٩ | ٨٢ |
| ئەرسناڵ | ١٩٧١/١٩٧٠ | ٨٣ |
| دێربی کاونتی | ١٩٧٢/١٩٧١ | ٨٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٥ | ١٩٧٣/١٩٧٢ | ليڤەرپووڵ |
| ٨٦ | ١٩٧٤/١٩٧٣ | ليدز يونايتد |
| ٨٧ | ١٩٧٥/١٩٧٤ | دێربی کاونتی |
| ٨٨ | ١٩٧٦/١٩٧٥ | ليڤەرپووڵ |
| ٨٩ | ١٩٧٧/١٩٧٦ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٠ | ١٩٧٨/١٩٧٧ | نۆتنگهام |
| ٩١ | ١٩٧٩/١٩٧٨ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٢ | ١٩٨٠/١٩٧٩ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٣ | ١٩٨١/١٩٨٠ | ئەستۆن ڤێللا |
| ٩٤ | ١٩٨٢/١٩٨١ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٥ | ١٩٨٣/١٩٨٢ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٦ | ١٩٨٤/١٩٨٣ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٧ | ١٩٨٥/١٩٨٤ | ئێڤەرتۆن |
| ٩٨ | ١٩٨٦/١٩٨٥ | ليڤەرپووڵ |
| ٩٩ | ١٩٨٧/١٩٨٦ | ئێڤەرتۆن |
| ١٠٠ | ١٩٨٨/١٩٨٧ | ليڤەرپووڵ |
| ١٠١ | ١٩٨٩/١٩٨٨ | ئەرسناڵ |
| ١٠٢ | ١٩٩٠/١٩٨٩ | ليڤەرپووڵ |
| ١٠٣ | ١٩٩١/١٩٩٠ | ئەرسناڵ |
| ١٠٤ | ١٩٩٢/١٩٩١ | ليدز يونايتد |
| ١٠٥ | ١٩٩٣/١٩٩٢ | مانچستەر يونايتد |
| ١٠٦ | ١٩٩٤/١٩٩٣ | مانچستەر يونايتد |
| ١٠٧ | ١٩٩٥/١٩٩٤ | بلاكبێرن رۆڤەرز |
| ١٠٨ | ١٩٩٦/١٩٩٥ | مانچستەر يونايتد |

| | | |
|---|---|---|
| مانچستەر یونایتد | ١٩٩٧/١٩٩٦ | ١٠٩ |
| ئەرسناڵ | ١٩٩٨/١٩٩٧ | ١١٠ |
| مانچستەر یونایتد | ١٩٩٩/١٩٩٨ | ١١١ |
| مانچستەر یونایتد | ٢٠٠٠/١٩٩٩ | ١١٢ |
| مانچستەر یونایتد | ٢٠٠١/٢٠٠٠ | ١١٣ |
| ئەرسناڵ | ٢٠٠٢/٢٠٠١ | ١١٤ |
| مانچستەر یونایتد | ٢٠٠٣/٢٠٠٢ | ١١٥ |
| ئەرسناڵ | ٢٠٠٤/٢٠٠٣ | ١١٦ |
| چێلسی | ٢٠٠٥/٢٠٠٤ | ١١٧ |
| چێلسی | ٢٠٠٦/٢٠٠٥ | ١١٨ |
| چێلسی | ٢٠٠٧/٢٠٠٦ | ١١٩ |
| | ٢٠٠٨/٢٠٠٧ | ١٢٠ |

## ئیتاڵیا

### مێژووی تۆپی پێی ئیتاڵیا

کاڵچیۆ لای هەوادارانی تۆپی پێی ئیتاڵی تەنها مانای خولی تۆپی پێی ئیتاڵی دەبەخشێ. خۆی کاڵچیۆ جگە لەوەی وشەیەکی ئیتاڵییە، بەڵام خۆی چەند مانایەکی مێژوویی و نەتەوایەتی دەبەخشێ. ئیتاڵییەکان تاکو ئەم ساتە بەو بیرە نەتەوایەتییەوە بەندن کە دەڵێ تۆپی پێ لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا نەوەك لە ئینگلتەرە هەروەکو مێژوو باسی لێوە دەکات. ئیتاڵییە توندڕەوەکان دەڵێن، کاڵچیۆ لە (کاڵچیۆ ستۆریکا) هاتووە. ئەم وشەیە لە جۆرە یارییەك وەرگیراوە کە مێژووی بۆ چەند سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەو یارییە تاکو ئێستا لە ئیتاڵیا ساز دەکرێت، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ تۆپی پێدا هەیە، یارییەکە دەست و پێی تێدا بەکار دێت و یاسای خۆی هەیە. تۆپی پێ دوور لە بۆچوونی ئیتاڵییە توندڕەوەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە نیمچە دوورگەی ئیتاڵیا سەری هەڵدا. یاریی تۆپی پێ ئەوکات تەنها لە ڕێگەی کرێکارە بەریتانییەکانەوە لەو شوێنەدا ئەنجام دەدرا، دواتر ئیتاڵییەکان بەو یارییە سەرسام بوون. یەکێتیی تۆپی پێی ئیتاڵی لە ساڵی ١٨٩٨ بە سەرۆکایەتیی ئەندازیار ماریۆ فیکاری دامەزرا. ئەوکات ٤ یانە چوونە ریزی یەکێتییەکە ئەوانیش (جەنەوا و تۆرینیزی و ئینتەر ناسیۆنالی دی تۆرینۆ و جیمناستیك سۆسایەتی ئۆف تۆرینۆ) بوون. هەمان ساڵ یەکەم خولی ئیتاڵیا لە شاری تۆرینۆ بەڕێوە چوو و یانەی جەنەوا توانی لەنێو ٣ یانەی شاری تۆرینۆ جامەکە بەرێتە دەرەوەی شار. پاشان یانەی جەنەوا بۆ ماوەی چەندین ساڵ کۆنترۆڵی نازناوەکەی کرد. دوای ئەوە یانەکانی میلان و یوڤی و ئینتەر و ناپۆلی و چەند یانەیەکی دیکە لە ساڵی ١٩١٣ بەشدارییان لە خولەکە کرد. هەرچەندە شەڕی یەکەمی جیهان بووە هۆی وەستانی خولەکە، بەڵام تۆپی پێ بەشێوەی خولی باکوور و باشوور بەردەوامی هەبوو، تاکو ساڵی ١٩٢٩ ئەو دوو خولە بەردەوام بوون. لەو ساڵەدا هەردوو خولی ناوخۆ وەستێندران. ئەوکات یەکێتیی تۆپی پێ سیستمی خولێکی سەرتاسەری بە ١٨ یانە چەسپاند. بە درێژایی کاڵچیۆ چەندین ئەستێرەی تۆپی پێی جیهانی داهێنانیان تێدا کرد و ناویان لە مێژووی ئەو یارییەدا درەوشاندەوە. لەوانە جۆسبی میازای هێرشبەری ترسناك و گۆڵکاری کاڵچیۆ لە ساڵانی ١٩٣٩ و ١٩٣٨، هەروەها کۆمبی

گۆڵچیی یوڤی و بۆریل و گایتای ئەستێرەی ڕۆما لەوکات و دینۆ زۆفی گۆڵچیی ئیتاڵی بەناوبانگ و میشێل پلاتینی ئەستێرەی یوڤێنتۆس و دیێگۆ مارادۆنای ئەفسانەی ناپۆلی و بێرگۆمی و دۆنادۆنی و ڤان باستن و خۆلێت و ڕیکارد و ڕۆبێرتۆ باجیۆ و سینیۆری و زۆلا و ڤیالی و ماسار و باتیستوتا و زیدان و ڤیرۆن و سیدۆرف و ماڵدینی و ڕۆناڵدۆ و کاکا و جۆرج و ویا و برۆزینسکی. ئەوانە باشترین نموونەی بەهێزیی کاڵچیۆ نیشان دەدەن.

## یانە ناودارەکان

### یوڤێنتۆس

* لە ١ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٧ دامەزراوە.
* یاریگە: دیل ئەلبی.
* دیل ئەلبی ٧١ هەزار کەس لەخۆ دەگرێ.
* بارەگای یانە: تۆرینۆ.
* نازناوەکان:
– خولی ئیتاڵیا: ٢٧ جار.
– پاڵەوانی جامی ئیتاڵیا ٩ جار
– نازناوی جامی یانەکانی ئەوروپا: ٣ جار. ١٩٨٥ و ١٩٩٦.
– نازناوی جامی جامەکانی ئەوروپا: ١ جار. ساڵی ١٩٨٤.
– جامی یەکێتیی ئەوروپا: ٣ جار. ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٩٠ و ١٩٩٣.
– پاڵەوانی سوپەری ئیتاڵی ٤ جار. ساڵانی ١٩٨٥ و ١٩٩٦ و ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣.
– پاڵەوانی جامی کیشوەرەکان (ئینتەر کۆنتینێنتال) ٢ جار. ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٩٧.
* یاریزانە ناودارەکان: میشێل پلاتینی، دیل پیرۆ، ئینزاکی، پۆنیك، نێدڤید، کاناڤارۆ.

### ئەی سی میلان

* لە ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە.
* یاریگە: جۆسبی میازا لە سان سیرۆ.

* جۆسبی میازا ٨٥ هەزار و ٧٠٠ کەس لەخۆ دەگرێ.
* نازناوەکان:
- خولی ئیتاڵیا: ١٧ جار.
- جامی ئیتاڵیا: ٥ جار.
- جامی یانەکانی ئەوروپا: ٧ جار.
- جامی سوپەری ئیتاڵی: ٥ جار.
- جامی جامەکانی ئەوروپا: ٢ جار.
- جامی یانەکانی جیهان: ٣ جار.
- جامی ئینتەر کۆنتینێنتال ٣ جار.
* یاریزانە ناودارەکان: ماڵدینی، ڕێکارد، ڤان باستن، کاکا، خۆلێت، شێڤچینکۆ،

## یانەی ئینتەرمیلان

* لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە.
* یاریگە: جۆسبی میازا لە سان سیرۆ.
* جۆسبی میازا جێگەی ٨٥٧٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە. هەردوو یانەی ئەو شارە یاریگەکە بەکار دێنن.
* نازناوەکان:
- خولی ئیتاڵیا ١٤ جار.
- جامی ئیتاڵیا ٤ جار.
- جامی سوپەری ئیتاڵی ١ جار.
- پاڵەوانێتیی یانەکانی ئەوروپا ٢ جار ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤.
- جامی یەکێتی ئەوروپا ٣ جار.
* یاریزانە ناودارەکان: لویس فیگۆ، ئیدگار دەیڤدس، ئەدریانۆ، کریستیان ڤیێری.

## ڕۆما

* لە ٢٢ ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٧ دامەزراوە.

* یاریگە: ئۆلۆمپیکۆ /٨١٩٠٣ کەس /ڕۆما.
* نازناوەکان:
- خولی ئیتاڵیا ٣ جار.
- جامی ئیتاڵیا ٨ جار.
- جامی سوپەری ئیتاڵی ١ جار.
- جامی یەکێتی ئەوروپا ١ جار.

## سامپدۆریا

* لەساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە.
* یاریگە: ستاد لۆیجی فیرارێس /٤٠١١٧ کەس /جەنەوا.
* نازناوەکان:
- خولی ئیتاڵیا ١ جار.
-جامی ئیتاڵیا ٤ جار.
- جامی سوپەری ئیتاڵی ١ جار.
- جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ١ جار.

## پارما


* لە ساڵی ١٩١٣ دامەزراوە.
* یاریگە: ئینیۆ تاردینی /٢٩٠٤٨ کەس /پارما.
* نازناوەکان:
- جامی ئیتاڵیا ٣ جار.
- جامی یەکێتیی ئەوروپی ٢ جار.
- جامی سوپەری ئیتاڵی ١ جار.
- جامی سوپەری ئەوروپی ١ جار.

## مێژووی خولی ئیتاڵیا (کالچیۆ)

| ژ | وەرز | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٠٠/١٨٩٩ | جەنەوا |
| ٢ | ١٩٠١/١٩٠٠ | ئەی سی میلان |
| ٣ | ١٩٠٢/١٩٠١ | جەنەوا |
| ٤ | ١٩٠٣/١٩٠٢ | جەنەوا |
| ٥ | ١٩٠٤/١٩٠٣ | جەنەوا |
| ٦ | ١٩٠٥/١٩٠٤ | یۆڤنتۆس |
| ٧ | ١٩٠٦/١٩٠٥ | ئەی سی میلان |
| ٨ | ١٩٠٧/١٩٠٦ | ئەی سی میلان |
| ٩ | ١٩٠٨/١٩٠٧ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ١٠ | ١٩٠٩/١٩٠٨ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ١١ | ١٩١٠/١٩٠٩ | ئینتەر میلان |
| ١٢ | ١٩١١/١٩١٠ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ١٣ | ١٩١٢/١٩١١ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ١٤ | ١٩١٣/١٩١٢ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ١٥ | ١٩١٤/١٩١٣ | کاسالی |
| ١٦ | ١٩١٥/١٩١٤ | جەنەوا |
| ١٧ | ١٩١٦/١٩١٥ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٨ | ١٩١٧/١٩١٦ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٩ | ١٩١٨/١٩١٧ | بەڕێوە نەچوو |
| ٢٠ | ١٩١٩/١٩١٨ | بەڕێوە نەچوو |
| ٢١ | ١٩٢٠/١٩١٩ | ئینتەر میلان |
| ٢٢ | ١٩٢١/١٩٢٠ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ٢٣ | ١٩٢٢/١٩٢١ | پرۆ ڤیرسیلی |
| ٢٤ | ١٩٢٣/١٩٢٢ | جەنەوا |
| ٢٥ | ١٩٢٤/١٩٢٣ | جەنەوا |
| ٢٦ | ١٩٢٥/١٩٢٤ | پۆلۆنیا |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | ١٩٢٦/١٩٢٥ | یۆڤنتۆس |
| ٢٨ | ١٩٢٧/١٩٢٦ | تۆرینۆ |
| ٢٩ | ١٩٢٨/١٩٢٧ | تۆرینۆ |
| ٣٠ | ١٩٢٩/١٩٢٨ | پۆلۆنیا |
| ٣١ | ١٩٣٠/١٩٢٩ | ئینتەر ئەمبرۆسینیا |
| ٣٢ | ١٩٣١/١٩٣٠ | یۆڤنتۆس |
| ٣٣ | ١٩٣٢/١٩٣١ | یۆڤنتۆس |
| ٣٤ | ١٩٣٣/١٩٣٢ | یۆڤنتۆس |
| ٣٥ | ١٩٣٤/١٩٣٣ | یۆڤنتۆس |
| ٣٦ | ١٩٣٥/١٩٣٤ | یۆڤنتۆس |
| ٣٧ | ١٩٣٦/١٩٣٥ | پۆلۆنیا |
| ٣٨ | ١٩٣٧/١٩٣٦ | پۆلۆنیا |
| ٣٩ | ١٩٣٨/١٩٣٧ | ئینتەر ئەمبرۆسینیا |
| ٤٠ | ١٩٣٩/١٩٣٨ | پۆلۆنیا |
| ٤١ | ١٩٤٠/١٩٣٩ | ئینتەر ئەمبرۆسینیا |
| ٤٢ | ١٩٤١/١٩٤٠ | پۆلۆنیا |
| ٤٣ | ١٩٤٢/١٩٤١ | ڕۆما |
| ٤٤ | ١٩٤٣/١٩٤٢ | تۆرینۆ |
| ٤٥ | ١٩٤٤/١٩٤٣ | بەڕێوە نەچوو |
| ٤٦ | ١٩٤٥/١٩٤٤ | بەڕێوە نەچوو |
| ٤٧ | ١٩٤٦/١٩٤٥ | تۆرینۆ |
| ٤٨ | ١٩٤٧/١٩٤٦ | تۆرینۆ |
| ٤٩ | ١٩٤٨/١٩٤٧ | تۆرینۆ |
| ٥٠ | ١٩٤٩/١٩٤٨ | تۆرینۆ |
| ٥١ | ١٩٥٠/١٩٤٩ | یۆڤنتۆس |
| ٥٢ | ١٩٥١/١٩٥٠ | ئەی سی میلان |
| ٥٣ | ١٩٥٢/١٩٥١ | یۆڤنتۆس |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤ | ١٩٥٣/١٩٥٢ | ئینتەر میلان |
| ٥٥ | ١٩٥٤/١٩٥٣ | ئینتەر میلان |
| ٥٦ | ١٩٥٥/١٩٥٤ | ئەی سی میلان |
| ٥٧ | ١٩٥٦/١٩٥٥ | فیۆرنتینا |
| ٥٨ | ١٩٥٧/١٩٥٦ | ئەی سی میلان |
| ٥٩ | ١٩٥٨/١٩٥٧ | یۆڤنتۆس |
| ٦٠ | ١٩٥٩/١٩٥٨ | ئەی سی میلان |
| ٦١ | ١٩٦٠/١٩٥٩ | یۆڤنتۆس |
| ٦٢ | ١٩٦١/١٩٦٠ | یۆڤنتۆس |
| ٦٣ | ١٩٦٢/١٩٦١ | ئەی سی میلان |
| ٦٤ | ١٩٦٣/١٩٦٢ | ئینتەر میلان |
| ٦٥ | ١٩٦٤/١٩٦٣ | پۆلۆنیا |
| ٦٦ | ١٩٦٥/١٩٦٤ | ئینتەر میلان |
| ٦٧ | ١٩٦٦/١٩٦٥ | ئینتەر میلان |
| ٦٨ | ١٩٦٧/١٩٦٦ | یۆڤنتۆس |
| ٦٩ | ١٩٦٨/١٩٦٧ | ئەی سی میلان |
| ٧٠ | ١٩٦٩/١٩٦٨ | فیۆرنتینا |
| ٧١ | ١٩٧٠/١٩٦٩ | کالیاری |
| ٧٢ | ١٩٧١/١٩٧٠ | ئینتەر میلان |
| ٧٣ | ١٩٧٢/١٩٧١ | یۆڤنتۆس |
| ٧٤ | ١٩٧٣/١٩٧٢ | یۆڤنتۆس |
| ٧٥ | ١٩٧٤/١٩٧٣ | لاتسیۆ |
| ٧٦ | ١٩٧٥/١٩٧٤ | یۆڤنتۆس |
| ٧٧ | ١٩٧٦/١٩٧٥ | تۆرینۆ |
| ٧٨ | ١٩٧٧/١٩٧٦ | یۆڤنتۆس |
| ٧٩ | ١٩٧٨/١٩٧٧ | یۆڤنتۆس |
| ٨٠ | ١٩٧٩/١٩٧٨ | ئەی سی میلان |



| | | |
|---|---|---|
| ٨١ | ١٩٨٠/١٩٧٩ | ئینتەر میلان |
| ٨٢ | ١٩٨١/١٩٨٠ | یۆڤنتۆس |
| ٨٣ | ١٩٨٢/١٩٨١ | یۆڤنتۆس |
| ٨٤ | ١٩٨٣/١٩٨٢ | ڕۆما |
| ٨٥ | ١٩٨٤/١٩٨٣ | یۆڤنتۆس |
| ٨٦ | ١٩٨٥/١٩٨٤ | ڤیرۆنا |
| ٨٧ | ١٩٨٦/١٩٨٥ | یۆڤنتۆس |
| ٨٨ | ١٩٨٧/١٩٨٦ | ناپۆلی |
| ٨٩ | ١٩٨٨/١٩٨٧ | ئەی سی میلان |
| ٩٠ | ١٩٨٩/١٩٨٨ | ئینتەر میلان |
| ٩١ | ١٩٩٠/١٩٨٩ | ناپۆلی |
| ٩٢ | ١٩٩١/١٩٩٠ | سامبدۆریا |
| ٩٣ | ١٩٩٢/١٩٩١ | ئەی سی میلان |
| ٩٤ | ١٩٩٣/١٩٩٢ | ئەی سی میلان |
| ٩٥ | ١٩٩٤/١٩٩٣ | ئەی سی میلان |
| ٩٦ | ١٩٩٥/١٩٩٤ | یۆڤنتۆس |
| ٩٧ | ١٩٩٦/١٩٩٥ | ئەی سی میلان |
| ٩٨ | ١٩٩٧/١٩٩٦ | یۆڤنتۆس |
| ٩٩ | ١٩٩٨/١٩٩٧ | ئەی سی میلان |
| ١٠ | ١٩٩٩/١٩٩٨ | ئەی سی میلان |
| ١٠١ | ٢٠٠٠/١٩٩٩ | لاتسیۆ |
| ١٠٢ | ٢٠٠١/٢٠٠٠ | ڕۆما |
| ١٠٣ | ٢٠٠٢/٢٠٠١ | یۆڤنتۆس |
| ١٠٤ | ٢٠٠٣/٢٠٠٢ | یۆڤنتۆس |
| ١٠٥ | ٢٠٠٤/٢٠٠٣ | ئەی سی میلان |
| ١٠٦ | ٢٠٠٥/٢٠٠٤ | لە یۆڤنتۆس وەرگیرایەوە و هیچ یانەیەك نەبووە پاڵەوان |
| ١٠٧ | ٢٠٠٦/٢٠٠٥ | ئینتەر میلان |
| ١٠٨ | ٢٠٠٧/٢٠٠٦ | ئینتەر میلان |
| ١٠٩ | ٢٠٠٨/٢٠٠٧ | |

## مێژووی تۆپی پێی ئەڵمانیا

لای هەوادارانی تۆپی پێ ئاشکرایە کە ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە شێوازێکی یاریکردنی تایبەت بەخۆی هەیە و هەمووو وەرزێك چەندین یاریزانی بەهێز و توانا لەو وڵاتەدا بەرچاو دەکەون. گاری لینیکەری یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دەڵێ، تۆپی پێ یارییەکی سادەیە. لە نێو یاریگەدا ۲۲ یاریزان دوای تۆپێك دەکەون، بەڵام لە کۆتاییدا ئەڵمانیا نازناوەکە بەدەست دەهێنێ. ئەڵمانیا تاکو ئێستا ۳ جار جامی نەتەوەکانی ئەوروپا و ۲ جار دووەمی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٥٤ ەوە بەردەوامی بەشداریی لە پاڵەوانێتیی جامی جیهان کردووە و لە ۱۹۷۲ ش بە بەردەوامی بەشداری لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا کردووە.

## یەکێتیی تۆپی پێی ئەڵمانیا (DFB)

لە ۲۸ ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۰۰ مێژووی تۆپی پێی ئەڵمانیا بە دامەزراندنی یەکێتیی تۆپی پێ لە شاری لایبزگ بە فەرمی دەستی پێکرد. ئەمڕۆ ئەندامانی ئەو یەکێتییە ژمارەیان گەیشتۆتە ٦ ملیۆن و ۲۷۲ هەزار و ۸۰۳ ئەندام و دابەش بوونە بەسەر ۲٦ هەزار و ۱۰ یانەی وەرزشی. یانە ناودارەکان بایرن میونیخ و هامبۆرگ و هێرتابەرلین و شالکە و بروسیا دۆرتمۆندن. کچانیش ڕۆڵێکی باش لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی تۆپی پێی ئافرەتان لەو وڵاتەدا دەگێڕن. ئەوەتا ژمارەی ئەندامە کچەکانی نێو یەکێتیی تۆپی پێ گەیشتۆتە ۸٥۷ هەزار و ۲۲۰ کچە وەرزشوان. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ئەو یەکێتییە ٦۸٦٦ یانەی وەرزشیی ئافرەتان هەیە و لە چەندین خولی جۆراوجۆردا بەشداری دەکەن. جگە لەوە هەڵبژاردەی ئافرەتان لە ساڵانی ۲۰۰۳ و ۲۰۰۷ جامی جیهانی بەرز کردەوە و توانیویەتی ٥ جار نازناوی ئەوروپا بەدەست بهێنێت ئەویش لە ساڵانی ۱۹۸۹ و ۱۹۹۱ و ۱۹۹٥ و ۱۹۹۷ و ۲۰۰۱.

## یانە ناودارەکان

### یانەی بایرن میونیخ

* لە ٢٧ ی شوباتی ساڵی ١٩٠٠ دامەزراوە.
* یاریگە: ئەلیانس ئەرێنا.
* ئەلیانس ئەرێنا جێگەی ٩٦ هەزار کەس دەبێتەوە.
* نازناوەکان:
- پاڵەوانی ئەڵمانیا ٢٠ جار.
- جامی ئەڵمانیا ١٣ جار.
- جامی سوپەری ئەڵمانی ٣ جار.
- پاڵەوانی ئەوروپا ٤ جار.
- جامی جامەکانی ئەوروپا: ١ جار. ١٩٦٧
- جامی یەکێتیی ئەوروپا ١ جار.١٩٩٢
- جامی کیشوەرەکان (ئینتەر کۆنتینێنتال): ٢ جار ١٩٧٦ و ٢٠٠١.
* یاریزانە ناودارەکان: ڕۆمەنیگە، برایتنەر، بالاك، ماکای، سیب مایەر، ماگات، شۆل، دایسلەر، کلۆزە، لۆکاتۆنی

### هامبۆرگ

* لە ٢٩ ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٨٧ دامەزراوە.
* نازناوەکان:
- خولی ئەڵمانیا ٧ جار.
- خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا: ١ جار ١٩٨٣
- جامی جامەکانی ئەوروپا: ١ جار ١٩٧٧

### شتوتگارت

* لە ٩ ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٣ دامەزراوە.
* نازناوەکان:

- خولی ئەڵمانیا: ٥ جار
- جامی ئەڵمانیا: ٣ جار
- جامی سوپەری ئەڵمانی ١ جار.

**شالکە**

* لە ٤ ی ئایاری ساڵی ١٩٠٤ دامەزراوە.
* نازناوەکان:
- خولی ئەڵمانیا: ٧ جار.
- جامی ئەڵمانیا: ٤ جار.
- جامی یەکێتیی ئەوروپا ١ جار ١٩٩٧.

**ڤێردەربریمن**

* لە ٤ ی شوباتی ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە.
* نازناوەکان:
- خولی ئەڵمانیا: ٤ جار
- جامی ئەڵمانیا: ٥ جار
- جامی جامەکانی ئەوروپا: ١ جار ١٩٩٢
- جامی سوپەری ئەڵمانی: ٣ جار.

**بروسیا منشنکلادباخ**

* لە ١ ی ئابی ساڵی ١٩٠٠ دامەزراوە.
* نازناوەکان:
- خولی ئەڵمانیا: ٥ جار.
- جامی ئەڵمانیا: ٣ جار.
- جامی یەکێتیی ئەوروپا: ٢ جار ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٧٩.
- جامی سوپەری ئەڵمانی: ١ جار.

# مێژووی خولی ئەڵمانیا (بۆندس لیگا)

| ژ | ساڵ | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٠٢-١٩٠٣ | لایبزگ |
| ٢ | ١٩٠٣-١٩٠٤ | لایبزگ |
| ٣ | ١٩٠٤-١٩٠٥ | یونین بەرلین |
| ٤ | ١٩٠٥-١٩٠٦ | لایبزگ |
| ٥ | ١٩٠٦-١٩٠٧ | فریبێرگەر |
| ٦ | ١٩٠٧-١٩٠٨ | ڤیکتۆریا بەرلین |
| ٧ | ١٩٠٨-١٩٠٩ | فۆتیکس کارلسرۆ |
| ٨ | ١٩٠٩-١٩١٠ | کارلسرۆ |
| ٩ | ١٩١٠-١٩١١ | ڤیکتۆریا بەرلین |
| ١٠ | ١٩١١-١٩١٢ | هۆلیستن کیل |
| ١١ | ١٩١٢-١٩١٣ | لایبزگ |
| ١٢ | ١٩١٣-١٩١٤ | ئێس بیس فێرت |
| ١٣ | ١٩١٤-١٩١٥ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٤ | ١٩١٥-١٩١٦ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٥ | ١٩١٦-١٩١٧ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٦ | ١٩١٧-١٩١٨ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٧ | ١٩١٨-١٩١٩ | بەڕێوە نەچوو |
| ١٨ | ١٩١٩-١٩٢٠ | نۆرنبێرگ |
| ١٩ | ١٩٢٠-١٩٢١ | نۆرنبێرگ |
| ٢٠ | ١٩٢١-١٩٢٢ | کین میستەر |
| ٢١ | ١٩٢٢-١٩٢٣ | هامبۆرگ |
| ٢٢ | ١٩٢٣-١٩٢٤ | نۆرنبێرگ |
| ٢٣ | ١٩٢٤-١٩٢٥ | نۆرنبێرگ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤ | ١٩٢٥–١٩٢٦ | ئێس بی فۆرت |
| ٢٥ | ١٩٢٦–١٩٢٧ | نۆرنبێرگ |
| ٢٦ | ١٩٢٧–١٩٢٨ | هامبۆرگ |
| ٢٧ | ١٩٢٨–١٩٢٩ | ئێس بی فۆرت |
| ٢٨ | ١٩٢٩–١٩٣٠ | هێرتا بەرلین |
| ٢٩ | ١٩٣٠–١٩٣١ | هێرتا بەرلین |
| ٣٠ | ١٩٣١–١٩٣٢ | بایرن میونیخ |
| ٣١ | ١٩٣٢–١٩٣٣ | دسڵدۆرف |
| ٣٢ | ١٩٣٣–١٩٣٤ | شالکە |
| ٣٣ | ١٩٣٤–١٩٣٥ | شالکە |
| ٣٤ | ١٩٣٥–١٩٣٦ | نۆرنبێرگ |
| ٣٥ | ١٩٣٦–١٩٣٧ | شالکە |
| ٣٦ | ١٩٣٧–١٩٣٨ | هانۆڤەر |
| ٣٧ | ١٩٣٨–١٩٣٩ | شالکە |
| ٣٨ | ١٩٣٩–١٩٤٠ | شالکە |
| ٣٩ | ١٩٤٠–١٩٤١ | رابید ڤین |
| ٤٠ | ١٩٤٠–١٩٤٢ | شالکە |
| ٤١ | ١٩٤٢–١٩٤٣ | درسیدنەر |
| ٤٢ | ١٩٤٣–١٩٤٤ | درسیدنەر |
| ٤٣ | ١٩٤٤–١٩٤٥ | بەڕێوە نەچوو |
| ٤٤ | ١٩٤٥–١٩٤٦ | بەڕێوە نەچوو |
| ٤٥ | ١٩٤٦–١٩٤٧ | بەڕێوە نەچوو |
| ٤٦ | ١٩٤٧–١٩٤٨ | نۆرنبێرگ |
| ٤٧ | ١٩٤٨–١٩٤٩ | مانهایم |
| ٤٨ | ١٩٤٩–١٩٥٠ | شتوتگارت |
| ٤٩ | ١٩٥٠–١٩٥١ | کایزەرسلاوترن |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | ١٩٥١-١٩٥٢ | شتوتگارت |
| ٥١ | ١٩٥٢-١٩٥٣ | کایزەرسلاوترن |
| ٥٢ | ١٩٥٣-١٩٥٤ | هانۆڤەر |
| ٥٣ | ١٩٥٤-١٩٥٥ | ڕۆت ویب ئایسن |
| ٥٤ | ١٩٥٥-١٩٥٦ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٥٥ | ١٩٥٦-١٩٥٧ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٥٦ | ١٩٥٧-١٩٥٨ | نۆرنبێرگ |
| ٥٧ | ١٩٥٨-١٩٥٩ | فرانکفۆرت |
| ٥٨ | ١٩٥٩-١٩٦٠ | هامبۆرگ |
| ٥٩ | ١٩٦٠-١٩٦١ | نۆرنبێرگ |
| ٦٠ | ١٩٦١-١٩٦٢ | ڤێردەر بریمن |
| ٦١ | ١٩٦٢-١٩٦٣ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٦٢ | ١٩٦٣-١٩٦٤ | کۆلۆنیا |
| ٦٣ | ١٩٦٤-١٩٦٥ | ڤێردەر بریمن |
| ٦٤ | ١٩٦٥-١٩٦٦ | میونیخ ١٨٦٠ |
| ٦٥ | ١٩٦٦-١٩٦٧ | ئینتراخ براونسویگ |
| ٦٦ | ١٩٦٧- ١٩٦٨ | نۆرنبێرگ |
| ٦٧ | ١٩٦٨-١٩٦٩ | بایرن میونیخ |
| ٦٨ | ١٩٦٩-١٩٧٠ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٦٩ | ١٩٧٠-١٩٧١ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٧٠ | ١٩٧١-١٩٧٢ | بایرن میونیخ |
| ٧١ | ١٩٧٢-١٩٧٣ | بایرن میونیخ |
| ٧٢ | ١٩٧٣-١٩٧٤ | بایرن میونیخ |
| ٧٣ | ١٩٧٤-١٩٧٥ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٧٤ | ١٩٧٥-١٩٧٦ | بروسیا دۆرتمۆند |
| ٧٥ | ١٩٧٦-١٩٧٧ | بروسیا دۆرتمۆند |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٦ | ١٩٧٨-١٩٧٧ | كۆلۆنيا |
| ٧٧ | ١٩٧٩-١٩٧٨ | هامبۆرگ |
| ٧٨ | ١٩٨٠-١٩٧٩ | بايرن ميونيخ |
| ٧٩ | ١٩٨١-١٩٨٠ | بايرن ميونيخ |
| ٨٠ | ١٩٨٢-١٩٨١ | هامبۆرگ |
| ٨١ | ١٩٨٣-١٩٨٢ | هامبۆرگ |
| ٨٢ | ١٩٨٤-١٩٨٣ | هامبۆرگ |
| ٨٣ | ١٩٨٥-١٩٨٤ | شتوتگارت |
| ٨٤ | ١٩٨٦-١٩٨٥ | بايرن ميونيخ |
| ٨٥ | ١٩٨٧-١٩٨٦ | بايرن ميونيخ |
| ٨٦ | ١٩٨٨-١٩٨٧ | بايرن ميونيخ |
| ٨٧ | ١٩٨٩-١٩٨٨ | ڤێردەر بريمن |
| ٨٨ | ١٩٩٠-١٩٨٩ | بايرن ميونيخ |
| ٨٩ | ١٩٩١-١٩٩٠ | بايرن ميونيخ |
| ٩٠ | ١٩٩٢-١٩٩١ | كايزەرسلاوترن |
| ٩١ | ١٩٩٣-١٩٩٢ | شتوتگارت |
| ٩٢ | ١٩٩٤-١٩٩٣ | ڤێردەر بريمن |
| ٩٣ | ١٩٩٥-١٩٩٤ | بايرن ميونيخ |
| ٩٤ | ١٩٩٦-١٩٩٥ | بروسيا دۆرتمۆند |
| ٩٥ | ١٩٩٧-١٩٩٦ | بروسيا دۆرتمۆند |
| ٩٦ | ١٩٩٨-١٩٩٧ | بايرن ميونيخ |
| ٩٧ | ١٩٩٩-١٩٩٨ | كايزەرسلاوترن |
| ٩٨ | ٢٠٠٠-١٩٩٩ | بايرن ميونيخ |
| ٩٩ | ٢٠٠١-٢٠٠٠ | بايرن ميونيخ |
| ١٠٠ | ٢٠٠٢-٢٠٠١ | بايرن ميونيخ |
| ١٠١ | ٢٠٠٣-٢٠٠٢ | بروسيا دۆرتمۆند |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٢ | ٢٠٠٣–٢٠٠٤ | بـايرن ميونيخ |
| ١٠٣ | ٢٠٠٤–٢٠٠٥ | ڤێردەر بريمن |
| ١٠٤ | ٢٠٠٥–٢٠٠٦ | بـايرن ميونيخ |
| ١٠٥ | ٢٠٠٦–٢٠٠٧ | شتوتگارت |

## مێژووی تۆپی پێی ئەرژەنتین

لـە نـیـوەی دووەمـی سەدەی نـۆزدەهــەمـدا تـۆپـی پـێ لـە لایـەن کـۆچـکـەر و بـازرگـانـە ئینگلیزەکانەوە گەیشتە ئەرژەنتین. ئەلکسەندەر واتسۆن هـاتۆنی کۆچبەری سکۆتلەندی بە باوکی ڕۆحیی تۆپی پێی ئەرژەنتین دادەنرێ. هـەر لەگەڵ گەیشتنی ناوبراو لە ساڵی ١٨٧٣ بۆ ئەوەی وەکو مامۆستا لە قوتابخانەی سانت ئەدرۆز لەو وڵاتەدا کاربکات، هـاتۆن دەستی کرد بە وتنەوەی یاساکانی یاریی تۆپی پێ بە قوتابیان. دوای ١٠ ساڵ هـاتۆن و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکە چەند کێشەیەکیان لە نێواندا دروست بوو و وازی لە مامۆستایەتی هێنا، دوای ساڵێك ناوبراو قوتابخانەی ئینگلیزی لە بۆینس ئایرس دامەزراند. لە ساڵی ١٨٩١ یەکەمین خولی تۆپی پێ لە ئەرژەنتین دەستی پێکرد. لە ساڵی ١٨٩٣ دا هـاتـۆن خـولـی ئـەرژەنـتـیـنـی بـەرەو پـێش بـرد. پـاشان یـەکێتیی تـۆپـی پێی ئەرژەنتینی دامەزراند و بووە یەکەمین سەرۆکی یەکێتییەکە. خولی ئارەزوومەندانی تۆپی پێ لە ئەرژەنتین تاوەکو ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بوو، دوای ئەوە بە فەرمی خولی پیشەگەرانی ئەو وڵاتە دەستی پێکرد. لە وەرزی ١٩٣٠/١٩٣١ یانەی بۆکاجۆنیۆرز بووە یەکەمین پاڵەوانی خولی ئەرژەنتینی. ئەم خولە بە شێوەی سیستەمی خول (هـاتن و چـوون) تـاوەکـو سـاڵـی ١٩٨٧ بـەردەوام بـوو، ئـەو ساڵ ڤـالانـتین سوارێزی سەرۆکـی یـەکـێتـیـی تـۆپـی پـێی ئـەو وڵاتـە بـڕیـاری دا دوو خول ساز بکرێن. یـەکـەمـیـان خـولـی مـیـتـرۆپـۆلـیـتـان (سەرجـەم یـانـە بـەهـێزەکـان بـەشداریـی دەکـەن). ئـەوەی دیـکـە خـولـی ناسیۆناڵ (هـەموو یانـەیەك بۆی هـەیە بەشداریی تێدا بکات). ئەم سیستەمە تاوەکو ساڵی ١٩٨٥ بـەردەوام بـوو. دوای ئـەوە لـەسەر پـێشنـیـازی کـارلـۆس بـیـلاردۆی ڕاهـێنـەری بەناوبانگ کرایەوە بە یەك خول. ئەم سیستەمە تەنها ٦ وەرز بەردەوام بوو، پاشان لە سـاڵـی ١٩٩١ جـارێکـی دیـکـە کـرایـەوە بـە دوو خـول (ئـەپـێرتـورا و کـلاوسورا). خـولـی ئەرژەنتین خولێکی زۆر بەهێزە و هـەوادارانی لە هـەموو پارچەکانی گۆی زەوی هـەیە، جگە لەوە بە تێکڕای مێژووی چەندین یاریزانی ئەستێرەی هێناوەتە کایەوە، لەوانە ماریۆ کێمبس و لۆکێ و ئەردێلس و ڤیلۆل و پاسارێللا و مارادۆنا و ڤیرۆن و ئایمار و هی دیکە.

# خولی ئەرژەنتین




| ژ | ساڵ | پاڵەوان | دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٣١ | بۆکاجۆنیۆرز | سان لۆرێنزۆ |
| ٢ | ١٩٣٢ | ریڤەربلێت | ئیندپێندنتی |
| ٣ | ١٩٣٣ | سان لۆرێنزۆ | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٤ | ١٩٣٤ | بۆکاجۆنیۆرز | ئیندپێندنتی |
| ٥ | ١٩٣٥ | بۆکاجۆنیۆرز | ئیندپێندنتی |
| ٦ | ١٩٣٦ | ریڤەربلێت | سان لۆرێنزۆ |
| ٧ | ١٩٣٧ | ریڤەربلێت | ئیندپێندنتی |
| ٨ | ١٩٣٨ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |
| ٩ | ١٩٣٩ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |
| ١٠ | ١٩٤٠ | بۆکاجۆنیۆرز | ئیندپێندنتی |
| ١١ | ١٩٤١ | ریڤەربلێت | سان لۆرێنزۆ |
| ١٢ | ١٩٤٢ | ریڤەربلێت | سان لۆرێنزۆ |
| ١٣ | ١٩٤٣ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ١٤ | ١٩٤٤ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ١٥ | ١٩٤٥ | ریڤەربلێت | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١٦ | ١٩٤٦ | سان لۆرێنزۆ | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١٧ | ١٩٤٧ | ریڤەربلێت | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١٨ | ١٩٤٨ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |
| ١٩ | ١٩٤٩ | رایسنگ کلەب | ریڤەربلێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | ١٩٥٠ | رایسنگ کلەپ | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٢١ | ١٩٥١ | رایسنگ کلەپ | بانفیلّد |
| ٢٢ | ١٩٥٢ | ریڤەربلێت | رایسنگ کلەپ |
| ٢٣ | ١٩٥٣ | ریڤەربلێت | فیلیز سارسفیلّد |
| ٢٤ | ١٩٥٤ | بۆکاجۆنیۆرز | ئیندپێندنتی |
| ٢٥ | ١٩٥٥ | ریڤەربلێت | رایسنگ کلەپ |
| ٢٦ | ١٩٥٦ | ریڤەربلێت | لانۆس |
| ٢٧ | ١٩٥٧ | ریڤەربلێت | سان لۆرێنزۆ |
| ٢٨ | ١٩٥٨ | رایسنگ کلەپ | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٢٩ | ١٩٥٩ | سان لۆرێنزۆ | رایسنگ کلەپ |
| ٣٠ | ١٩٦٠ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |
| ٣١ | ١٩٦١ | رایسنگ کلەپ | سان لۆرێنزۆ |
| ٣٢ | ١٩٦٢ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٣٣ | ١٩٦٣ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |
| ٣٤ | ١٩٦٤ | بۆکاجۆنیۆرز | ئیندپێندنتی |
| ٣٥ | ١٩٦٥ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٣٦ | ١٩٦٦ | رایسنگ کلەپ | ریڤەربلێت |
| ٣٧ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٦٧ | ئیستۆدیانتس لابلاتا | رایسنگ کلەپ |
| ٣٨ | ناسیۆنال ١٩٦٧ | ئیندپێندنتی | ئیستۆدیانتس لابلاتا |
| ٣٩ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٦٨ | سان لۆرێنزۆ | ئیستۆدیانتس لابلاتا |
| ٤٠ | ناسیۆنال ١٩٦٨ | فیلیز سارسفیلّد | ریڤەربلێت |
| ٤١ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٦٩ | شاکاریتا جۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٤٢ | ناسیۆنال ١٩٦٩ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٤٣ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٠ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٤ | ناسیۆنال ١٩٧٠ | بۆکاجۆنیۆرز | رۆزاریۆ سێنترال |
| ٤٥ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧١ | ئیندپێندنتی | فیلیز سارسفیڵد |
| ٤٦ | ناسیۆنال ١٩٧١ | رۆزاریۆ سێنترال | سان لۆرێنزۆ |
| ٤٧ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٢ | سان لۆرێنزۆ | رایسنگ کلەپ |
| ٤٨ | ناسیۆنال ١٩٧٢ | سان لۆرێنزۆ | ریڤەربلێت |
| ٤٩ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٣ | ئۆراکان | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٥٠ | ناسیۆنال ١٩٧٣ | رۆزاریۆ سێنترال | ریڤەربلێت |
| ٥١ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٤ | نیویلز ئۆڵد بوێز | رۆزاریۆ سێنترال |
| ٥٢ | ناسیۆنال ١٩٧٤ | سان لۆرێنزۆ | رۆزاریۆ سێنترال |
| ٥٣ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٥ | ریڤەربلێت | ئۆراکان |
| ٥٤ | ناسیۆنال ١٩٧٥ | ریڤەربلێت | ریڤەربلێت |
| ٥٥ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٦ | بۆکاجۆنیۆرز | ئۆراکان |
| ٥٦ | ناسیۆنال ١٩٧٦ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٥٧ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٧ | ریڤەربلێت | ئیندپێندنتی |
| ٥٨ | ناسیۆنال ١٩٧٧ | ئیندپێندنتی | تایریس |
| ٥٩ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٨ | کۆیلمیس | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٦٠ | ناسیۆنال ١٩٧٨ | ئیندپێندنتی | ریڤەربلێت |
| ٦١ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٧٩ | ریڤەربلێت | فیلیز سارسفیڵد |
| ٦٢ | ناسیۆنال ١٩٧٩ | ریڤەربلێت | یونیەن سانتافی |
| ٦٣ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٨٠ | ریڤەربلێت | ئەرژەنتینۆس جۆنیۆرز |
| ٦٤ | ناسیۆنال ١٩٨٠ | رۆزاریۆ سێنترال | رایسنگ کوردۆبا |
| ٦٥ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٨١ | بۆکاجۆنیۆرز | فیرۆکاریل |
| ٦٦ | ناسیۆنال ١٩٨١ | ریڤەربلێت | فیرۆکاریل |
| ٦٧ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٨٢ | ئیستۆدیانتس لابلاتا | ئیندپێندنتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٨ | ناسیۆنال ١٩٨٢ | فیرۆکاریل | ئیندپێندنتی |
| ٦٩ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٨٣ | ئیندپێندنتی | سان لۆرێنزۆ |
| ٧٠ | ناسیۆنال ١٩٨٣ | ئیستۆدیانتس لابلاتا | ئیندپێندنتی |
| ٧١ | میترۆپۆلیتانۆ ١٩٨٤ | ئیندپێندنتی | سان لۆرێنزۆ |
| ٧٢ | ناسیۆنال ١٩٨٤ | فیرۆکاریل | ریڤەربلێت |
| ٧٣ | ناسیۆنال ١٩٨٥ | ئەرژەنتینۆس جۆنیۆرز | فیلیز سارسفیڵد |
| ٧٤ | ١٩٨٦/١٩٨٥ | ریڤەربلێت | نیویلز ئۆڵد بوێز |
| ٧٥ | ١٩٨٧/١٩٨٦ | رۆزاریۆ سێنترال | نیویلز ئۆڵد بوێز |
| ٧٦ | ١٩٨٨/١٩٨٧ | نیویلز ئۆڵد بوێز | سان لۆرێنزۆ |
| ٧٧ | ١٩٨٩/١٩٨٨ | ئیندپێندنتی | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٧٨ | ١٩٩٠/١٩٨٩ | ریڤەربلێت | ئیندپێندنتی |
| ٧٩ | ١٩٩١/١٩٩٠ | نیویلز ئۆڵد بوێز | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٨٠ | ئەپێرتورا ١٩٩١ | ریڤەربلێت | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٨١ | کلاوسورا ١٩٩٢ | نیویلز ئۆڵد بوێز | فیلیز سارسفیڵد |
| ٨٢ | ئەپێرتورا ١٩٩٢ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٨٣ | کلاوسورا ١٩٩٣ | فیلیز سارسفیڵد | ئیندپێندنتی |
| ٨٤ | ئەپێرتورا ١٩٩٣ | ریڤەربلێت | فیلیز سارسفیڵد |
| ٨٥ | کلاوسورا ١٩٩٤ | ئیندپێندنتی | ئۆراکان |
| ٨٦ | ئەپێرتورا ١٩٩٤ | ریڤەربلێت | سان لۆرێنزۆ |
| ٨٧ | کلاوسورا ١٩٩٥ | سان لۆرێنزۆ | خیمناستیکا لابلاتا |
| ٨٨ | ئەپێرتورا ١٩٩٥ | فیلیز سارسفیڵد | رایسنگ کلەپ |
| ٨٩ | کلاوسورا ١٩٩٦ | فیلیز سارسفیڵد | خیمناستیکا لابلاتا |
| ٩٠ | ئەپێرتورا ١٩٩٦ | ریڤەربلێت | ئیندپێندنتی |
| ٩١ | کلاوسورا ١٩٩٧ | ریڤەربلێت | کۆلۆن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٢ | ئەپێرتورا ١٩٩٧ | ریڤەربلێت | بۆکاجۆنیۆرز |
| ٩٣ | کلاوسورا ١٩٩٨ | فیلیز سارسفیلْد | ریڤەربلێت |
| ٩٤ | ئەپێرتورا ١٩٩٨ | بۆکاجۆنیۆرز | خیمناستیکا لابلاتا |
| ٩٥ | کلاوسورا ١٩٩٩ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٩٦ | ئەپێرتورا ١٩٩٩ | ریڤەربلێت | رۆزاریۆ سێنترال |
| ٩٧ | کلاوسورا ٢٠٠٠ | ریڤەربلێت | ئیندپێندنتی |
| ٩٨ | ئەپێرتورا ٢٠٠٠ | بۆکاجۆنیۆرز | ریڤەربلێت |
| ٩٩ | کلاوسورا ٢٠٠١ | سان لۆرێنزۆ | ریڤەربلێت |
| ١٠٠ | ئەپێرتورا ٢٠٠١ | رایسنگ کلەپ | ریڤەربلێت |
| ١٠١ | کلاوسورا ٢٠٠٢ | ریڤەربلێت | خیمناستیکا لابلاتا |
| ١٠٢ | ئەپێرتورا ٢٠٠٢ | ئیندپێندنتی | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١٠٣ | کلاوسورا ٢٠٠٣ | ریڤەربلێت | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١٠٤ | ئەپێرتورا ٢٠٠٣ | بۆکاجۆنیۆرز | سان لۆرێنزۆ |
| ١٠٥ | کلاوسورا ٢٠٠٤ | ریڤەربلێت | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١٠٦ | ئەپێرتورا ٢٠٠٤ | نیویلز ئۆلْد بوێز | فیلیز سارسفیلْد |
| ١٠٧ | کلاوسورا ٢٠٠٥ | فیلیز سارسفیلْد | بانفیلْد |
| ١٠٨ | ئەپێرتورا ٢٠٠٥ | بۆکاجۆنیۆرز | خیمناستیکا لابلاتا |
| ١٠٩ | کلاوسورا ٢٠٠٦ | بۆکاجۆنیۆرز | لانۆس |
| ١١٠ | ئەپێرتورا ٢٠٠٦ | ئیستۆدیانتس لابلاتا | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١١١ | کلاوسورا ٢٠٠٧ | سان لۆرێنزۆ | بۆکاجۆنیۆرز |
| ١١٢ | | | |

# مێژووی تۆپی پێی فەڕەنسی

هەر لە زووەوە خولی فەرەنسا باوەشی بۆ یاریزانە بیانییەکان کردۆتەوە، بۆیە هەمیشە زۆرترین یاریزانانی وڵاتانی تونس و جەزائیر و مەغریب و وڵاتانی دیکەی ئەفریکای لەخۆ گرتووە. ئەوەی بە زەقی بەدی دەکرێ خولی فەرەنسا لە هەموو لایەنێکەوە بە پلەی دووەم دێت دوای خولەکانی ئیسپانیا و ئینگلتەڕە و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، بەڵام هەڵبژاردەی وڵاتەکە ماوەیەکە بە شێوەیەکی بەهێز دەردەکەوێ. ئاشکرایە خولی فەرەنسا یاریزانی زۆر بەهێزی هێناوەتە پلەی ئەستێرەیی بۆ نموونە زەینەدین زێدان و ڕۆناڵدینۆ و ڕیبێری و ئەبیدال و هێنری، جگە لەوانەش یانەی بەناوبانگی وەکو پاریس سان جێرمان و مەرسیلیا و لیۆن و سانت ئیتیانی هەیە.

## یانە بەناوبانگەکان

### لیۆن

* لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری لیۆن دامەزراوە.

* یاریگە: گیرلاند، جێگەی ٤٢ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.

* دەستکەوتەکانی: لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٦ پاڵەوانی خولی فەرەنسا.

### پاریس سان جێرمان

* لە ساڵی ١٩٧٠ لە پاریس دامەزراوە.

* یاریگە: پارك دی پرنس، جێگەی ٤٩ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.

* نازناوەکان: دوو جار خولی فەرەنسای بەدەست هێناوە.

### مۆناکۆ

* لە ساڵی ١٩١٩ لە مۆناکۆ دامەزراوە.

* یاریگە: لوسی دووەم، جێگەی ١٨٥٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە.

* نازناوەکان: ٧ جار خولی فەرەنسای بەدەست هێناوە،

## مەرسیلیا

* لە ساڵی ١٨٩٩ لە مەرسیلیا دامەزراوە.
* یاریگە: فیلْدرۆم، جێگەی ٦٠ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: ١٠ جار پاڵەوانی خولی فەرەنسا بووە.

## ئۆ جی سی نیس

* لە ساڵی ١٩٠٤ لە نیس دامەزراوە.
* یاریگە: مۆنسیبال دی رای نیس، جێگەی ١٦ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: ٤ جار پاڵەوانی خولی فەرەنسا بووە.

## بۆردۆ

* لە ساڵی ١٨٨١ لە بۆردۆ دامەزراوە.
* یاریگە: جاك شاپان، جێگەی ٣٤ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: ٥ جار نازناوی خولی فەرەنسای بەدەست هێناوە.

## سانت ئیتیان

* لە ساڵی ١٩٢٠ لە سانت ئیتیان دامەزراوە.
* یاریگە:جیۆفری جیۆشار، جێگەی ٣٦ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: ١٠ جار نازناوی خولی فەرەنسای بەدەست هێناوە.

## ئێف سی نانت

* لە ساڵی ١٩٤٣ لە نانت دامەزراوە.
* یاریگە: لۆبۆجویر لویس فۆنتیانیۆ، جێگەی ٣٩ هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.
* نازناوەکان: ٨ جار نازناوی خولی فەرەنسای بەدەست هێناوە.

## مێژووی خولی فەڕەنسا

| ژ | وەرز | پاڵەوان |
|---|---|---|
| ١ | ١٩٣٣/١٩٣٢ | لیل |
| ٢ | ١٩٣٤/١٩٣٣ | سیتیێ |
| ٣ | ١٩٣٥/١٩٣٤ | سۆشۆ |
| ٤ | ١٩٣٦/١٩٣٥ | رایسینگ پاریس |
| ٥ | ١٩٣٧/١٩٣٦ | مەرسیلیا |
| ٦ | ١٩٣٨/١٩٣٧ | سۆشۆ |
| ٧ | ١٩٣٩/١٩٣٨ | سیتیێ |
| ٨ | ١٩٤٠/١٩٣٩ | بۆردۆ لەباکوور و رۆین لە باشوور |
| ٩ | ١٩٤١/١٩٤٠ | رێدستار لە باکوور و مەرسیلیا لە باشوور |
| ١٠ | ١٩٤٢/١٩٤١ | رێمی لە باکوور و سیتیێ لە باشوور |
| ١١ | ١٩٤٣/١٩٤٢ | لنس لە باکوور و تولوز لە باشوور |
| ١٢ | ١٩٤٤/١٩٤٣ | لنس ئارتۆی |
| ١٣ | ١٩٤٥/١٩٤٤ | رۆین |
| ١٤ | ١٩٤٦/١٩٤٥ | لیل |
| ١٥ | ١٩٤٩/١٩٤٨ | ستاد ریمێ |
| ١٦ | ١٩٥٠/١٩٤٩ | بۆردۆ |
| ١٧ | ١٩٥١/١٩٥٠ | نیس |
| ١٨ | ١٩٥٢/١٩٥١ | نیس |
| ١٩ | ١٩٥٣/١٩٥٢ | ستاد ریمێ |
| ٢٠ | ١٩٥٤/١٩٥٣ | لیل |
| ٢١ | ١٩٥٥/١٩٥٤ | ستاد ریمێ |
| ٢٢ | ١٩٥٦/١٩٥٥ | نیس |
| ٢٣ | ١٩٥٧/١٩٥٦ | سانت ئیتیان |
| ٢٤ | ١٩٥٨/١٩٥٧ | ستاد ریمێ |

| | | |
|---|---|---|
| نیس | ١٩٥٩/١٩٥٨ | ٢٥ |
| ستاد ریمێ | ١٩٦٠/١٩٥٩ | ٢٦ |
| مۆناکۆ | ١٩٦١/١٩٦٠ | ٢٧ |
| ستاد ریمێ | ١٩٦٢/١٩٦١ | ٢٨ |
| مۆناکۆ | ١٩٦٣/١٩٦٢ | ٢٩ |
| سانت ئیتیان | ١٩٦٤/١٩٦٣ | ٣٠ |
| نانت | ١٩٦٥/١٩٦٤ | ٣١ |
| نانت | ١٩٦٦/١٩٦٥ | ٣٢ |
| سانت ئیتیان | ١٩٦٧/١٩٦٦ | ٣٣ |
| سانت ئیتیان | ١٩٦٨/١٩٦٧ | ٣٤ |
| سانت ئیتیان | ١٩٦٩/١٩٦٨ | ٣٥ |
| سانت ئیتیان | ١٩٧٠/١٩٦٩ | ٣٦ |
| مەرسیلیا | ١٩٧١/١٩٧٠ | ٣٧ |
| مەرسیلیا | ١٩٧٢/١٩٧١ | ٣٨ |
| نانت | ١٩٧٣/١٩٧٢ | ٣٩ |
| سانت ئیتیان | ١٩٧٤/١٩٧٣ | ٤٠ |
| سانت ئیتیان | ١٩٧٥/١٩٧٤ | ٤١ |
| سانت ئیتیان | ١٩٧٦/١٩٧٥ | ٤٢ |
| نانت | ١٩٧٧/١٩٧٦ | ٤٣ |
| مۆناکۆ | ١٩٧٨/١٩٧٧ | ٤٤ |
| ستراسبۆرگ | ١٩٧٩/١٩٧٨ | ٤٥ |
| نانت | ١٩٨٠/١٩٧٩ | ٤٦ |
| سانت ئیتیان | ١٩٨١/١٩٨٠ | ٤٧ |
| مۆناکۆ | ١٩٨٢/١٩٨١ | ٤٨ |
| نانت | ١٩٨٣/١٩٨٢ | ٤٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | ١٩٨٤/١٩٨٣ | بۆردۆ |
| ٥١ | ١٩٨٥/١٩٨٤ | بۆردۆ |
| ٥٢ | ١٩٨٦/١٩٨٥ | پاریس سان جێرمان |
| ٥٣ | ١٩٨٧/١٩٨٦ | بۆردۆ |
| ٥٤ | ١٩٨٨/١٩٨٧ | مۆناكۆ |
| ٥٥ | ١٩٨٩/١٩٨٨ | مەرسیلیا |
| ٥٦ | ١٩٩٠/١٩٨٩ | مەرسیلیا |
| ٥٧ | ١٩٩١/١٩٩٠ | مەرسیلیا |
| ٥٨ | ١٩٩٢/١٩٩١ | مەرسیلیا |
| ٥٩ | ١٩٩٣/١٩٩٢ | هیچ یانەیەك نازناوەكەی بەدەست نەهێنا |
| ٦٠ | ١٩٩٤/١٩٩٣ | پاریس سان جێرمان |
| ٦١ | ١٩٩٥/١٩٩٤ | نانت |
| ٦٢ | ١٩٩٦/١٩٩٥ | ئۆكسێر |
| ٦٣ | ١٩٩٧/١٩٩٦ | مۆناكۆ |
| ٦٤ | ١٩٩٨/١٩٩٧ | لنس |
| ٦٥ | ١٩٩٩/١٩٩٨ | بۆردۆ |
| ٦٦ | ٢٠٠٠/١٩٩٩ | مۆناكۆ |
| ٦٧ | ٢٠٠١/٢٠٠٠ | نانت |
| ٦٨ | ٢٠٠٢/٢٠٠١ | لیۆن |
| ٦٩ | ٢٠٠٣/٢٠٠٢ | لیۆن |
| ٧٠ | ٢٠٠٤/٢٠٠٣ | لیۆن |
| ٧١ | ٢٠٠٥/٢٠٠٤ | لیۆن |
| ٧٢ | ٢٠٠٦/٢٠٠٥ | لیۆن |
| ٧٣ | ٢٠٠٧/٢٠٠٦ | لیۆن |

## باری دارایی یانە بەناوبانگەکانی جیهان

## ڕیال مەدرید . . دەوڵەمەندترین یانەکانی جیهان

هەموو ساڵێك ڕۆژنامەی دەیلی میرەر لیستی دارایی یانەکانی تۆپی پێ لە جیهاندا دەخاتە ڕوو. بە پێی لیستی ساڵی ٢٠٠٧ یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بۆ دووەمین ساڵ لەسەر یەکتر لە پێشەوەی یانەکاندا هاتووە. یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی لە پلەی دەیەمەوە هاتە ڕیزی دووەم و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزیش لە ڕیزی چوارەمەوە هاتە ڕیزی سێیەم. لیستەکەش بەم شێوەیە بوو:

### دەوڵەمەنترین یانەکانی جیهان

### لیستی ٢٠٠٨/ بەپێی بەیانەکانی وەرزی ٢٠٠٦/٢٠٠٧

١ – ڕیال مەدرید (٢٠٢ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی).
٢ – ئەرسناڵ (١٨٠ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٣ – مانچستەر یونایتد (١٦٧ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

### لیستی ٢٠٠٧/بە پێی بەیانەکانی وەرزی ٢٠٠٥/٢٠٠٦

١– ڕیال مەدرید (٢، ١٩٢ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٢ – بەرشلۆنە (١٧١ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٣ – یۆڤنتۆس (٨، ١٦٥ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٤ – مانچستەر یونایتد (١٦٠ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٥ – ئەی سی میلان (٥، ١٥٧ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٦ – چێڵسی (٨، ١٤٥ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٧ – ئینتەرمیلان (٣، ١٣٦ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٨ – بایرن میونیخ (١٣٥ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
٩ – ئەرسناڵ (٩، ١٢٦ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).
١٠ – لیڤەرپووڵ (١، ١١٦ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

## لیستی ٢٠٠٦

١- ڕیال مەدرید (١٨٦،٢ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٢- مانچستەر یونایتد (١٦٦،٤ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٣- ئەی سی میلان (١٥٨ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٤- یۆڤنتۆس (٩، ١٥٤ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٥- چێڵسی (١، ١٤٩ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٦- بەرشلۆنە (٤، ١٤٠ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٧- بایرن میونیخ (١٢٨ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٨- لیڤەرپووڵ (٤، ١٢٢ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٩- ئینتەر میلان (٧، ١١٩ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

١٠- ئەرسناڵ (٧، ١١٥ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

## لیستی ٢٠٠٥

١- مانچستەر یونایتد (١٧١،٥ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٢- ڕیال مەدرید (١٥٦،٣ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٣- ئەی سی میلان (١٤٧،٢ چێڵسی (١٤٣،٧ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٤- چێڵسی (١٤٣،٧ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٥- یۆڤێنتۆس (١٤٢،٤ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٦- ئەرسناڵ (١١٥ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٧- بەرشلۆنە (١١٠،١ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٨- ئینتەر میلان (١١٠،٣ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

٩- بایرن مونیخ (١١٠،١ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

١٠- لیڤەر پووڵ (٩٢،٣ ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی)

**لیستی ٢٠٠٤**

١- مانچستەر یونایتد (٢٨٩ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٢- یۆڤنتۆس (٢٥١ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٣- ئەی سی میلان (٢٣٠ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٤- ڕیال مەدرید (٥، ٢٢١ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).


٥- بایرن میونیخ (١، ١٨٧ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٦- ئینتەر میلان (٨، ١٨٦ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٧- ئەرسناڵ (١٧٢ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٨- لیڤەرپووڵ (٨، ١٧١ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).

٩- نیوکاسڵ (٧، ١٥٩ ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی).


بەشی نۆیەم
باشترین یاریگەکانی جیهان

## بەشی نۆیەم

# باشترین یاریگەکانی جیهان

ڕێژەی ئامادەبووانی خولە ناوخۆکانی ئەوروپا بۆ وەرزی ٢٠٠٧/٢٠٠٦ ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بوو. بۆ نموونە تەنها لە خولی ئەڵمانیا لەو وەرزەدا ١١ ملیۆن و ٥١٨ هەزار و ٩٢٣ کەس ئامادەی یارییەکان ببوون. ئەمە لەخۆیدا داهاتێکی گەورە دەبەخشێتە یانە بەشداربووەکانی ئەو خولە. جگە لەمەش تاموچێژێکی خۆش دەبەخشێتە یارییەکان. چەندین هۆکاری دیکەش هەیە وا دەکات بەرپرسان گرنگیی بە دروستکردنی یاریگەی جوان و مۆدێرن بدەن. پێشەکی ژمارەی ئامادەبووانی جەماوەری خولەکانی ناوخۆی ئەوروپا دەخەمە ڕوو، ئینجا کەمێك باسی یاریگە بەناوبانگەکانتان بۆ دەکەم:

**بەناوی ژمارەی ئامادەبووانی خولەکانی ناوخۆی ئەوروپا لە وەرزی ٢٠٠٧/٢٠٠٦**

| ژ | خول | کۆی ئامادەبووان | ر. ئامادەبووان | ژ. یاری |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەڵمانیا (بۆندس لیگا) | ١١،٥١٨،٩٢٣ | ٣٧،٦٤٤ | ٣٠٦ |
| ٢ | ئینگلتەرە (پریمەرشیپ) | ١٣،٠٩٤،٣٠٧ | ٣٤،٤٥٩ | ٣٨٠ |
| ٣ | ئیسپانیا (لالیگا) | ١٠،٩٥٨،٤٤٠ | ٢٨،٨٣٨ | ٣٨٠ |
| ٤ | فەڕەنسا (لیگ١) | ٨،٢٩٠،٣٤٦ | ٢١،٨١٧ | ٣٨٠ |
| ٥ | ئیتاڵیا (کاڵچیۆ) | ٧،٠١٩،٧٤٠ | ١٨،٤٧٣ | ٣٨٠ |
| ٦ | پلەی ١ی ئینگلیزی (چامپیۆن شیپ) | ١٠،٠٥٧،٩٩٢ | ١٨،٢٢١ | ٥٥٢ |
| ٧ | هۆڵەندە (پلەی پیرۆز) | ٥،٥٢٣،٩٥٧ | ١٨،٠٥٢ | ٣٠٦ |
| ٨ | پلەی ٢ی ئەڵمانیا (بۆندس لیگا٢) | ٥،١٤٥،٣١١ | ١٦،٨١٥ | ٣٠٦ |
| ٩ | سکۆتلەندە (پیمەر لیگ) | ٣،٦٩٢،٢٣٢ | ١٦،١٩٤ | ٢٢٨ |
| ١٠ | پورتوگال (لیگ) | ٢،٥٥٢،٦٤٠ | ١٠،٦٣٦ | ٢٤٠ |

# چەند یاریگەیەکی بەناوبانگ

## ئۆڵد ترافۆرد



وڵات: ئینگلتەرە.

شار: مانچستەر.

یانە: مانچستەر یونایتد.


ساڵی دروستکردن: ١٩١٠/١/٢٢.

شوێنی دانیشتن: ٧٦ هەزار کەس.

داهاتی ساڵانە: نزیکەی ٥٣ ملیۆن دۆلار

پارەی تێچوو: ١١٠ هەزار دۆلار لە ساڵی ١٩١٠

## نوکامب



وڵات: ئیسپانیا

شار: بەرشلۆنە

یانە: ئێف سی بەرشلۆنە

ساڵی دروستکردن: ١٩٥٧/٦/٢٤

شوێنی دانیشتن: ٩٩ هەزار کەس

داهاتی ساڵانە: نزیکەی ٢٥ ملیۆن دۆلار

پارەی تێچوو: ٢٧٥ هەزار دۆلار

## دایگو



وڵات: کۆریای باشوور

شار: دایگو

یانە: دایگو

ساڵی دروستکردن: ٢٠٠١

شوێنی دانیشتن: ٦٨ هەزار کەس

داهاتی ساڵانە: دیار نییە

پارەی تێچوو: ٢٦٥ ملیۆن دۆلار

## یۆکۆهاما (یاریگەی نیسان)



وڵات: ژاپۆن

شار: یۆکۆهاما

یانە: یۆکۆهاما مارینۆس

ساڵی دروستکردن: ١٩٩٧

شوێنی دانیشتن: ٧٢ هەزار کەس

داهاتی ساڵانە: دیار نییە

پارەی تێچوو: ٤٧٠ ملیۆن دۆلار

## ئەلیانز ئەرێنا



وڵات: ئەڵمانیا

شار: میونیخ

یانە: بایرن میونیخ

ساڵی دروستکردن: ٢٠٠٥

شوێنی دانیشتن: ٦٦ هەزار کەس

داهاتی ساڵانە: نزیکەی ٥٠ ملیۆن دۆلار

پارەی تێچوو: ٣٨٠ ملیۆن دۆلار

## سان دۆنیّ



ولآت: فەرەنسا

شار: پاریس

یانە: کۆمەڵێك یانە

ساڵی دروستکردن: ١٩٩٨

شوێنی دانیشتن: ٧٩ هەزار کەس

داهاتی ساڵانە: نزیکەی ٥٨ ملیۆن دۆلار

پارەی تێچوو: ٣٢٠ ملیۆن دۆلار

## سان سێرۆ (جیۆسبی)



ولآت: ئیتاڵیا

شار: میلان

یانە: ئەی سی میلان و ئینتەر میلان

ساڵی دروستکردن: ١٩٢٧/٢/٢٠

شوێنی دانیشتن: ٨٤ هەزار و ٥٩٨ کەس

داهاتی ساڵانە: دیار نییە

پارەی تێچوو: ١٨٠ هەزار دۆلار

## لالوز



ولآت: پورتوگال

شار: لشبۆنە

یانە: بەنفیکا

ساڵی دروستکردن: ٢٠٠٣

شوێنی دانیشتن: ٧٠ هەزار کەس

داهاتی ساڵانە: دیار نییە
پارەی تێچوو: ١٣٥ ملیۆن دۆلار

## سانتیاگۆ بێرنابیۆ



وڵات: ئیسپانیا
شار: مەدرید
یانە: ڕیال مەدرید
ساڵی دروستکردن: ١٩٤٧/١٢/١٤
شوێنی دانیشتن: ١٠٦ هەزار و ٥٠٠ کەس
داهاتی ساڵانە: نزیکەی ٢٦ ملیۆن دۆلار
پارەی تێچوو: ٢٢٠ هەزار دۆلار

## ئەزتیکا



وڵات: مەکسیک
شار: مەکسیکۆ
یانە: ئەمەریکا و ئەتلەنتیک
ساڵی دروستکردن: ١٩٦٦/٥/٢٩
شوێنی دانیشتن: ١١٤ هەزار و ٤٦٤ کەس
داهاتی ساڵانە: دیار نییە
پارەی تێچوو: نەزاندراوە

**ماراکانا**



وڵات: بەڕازیل

شار: ڕیۆدی جانێرۆ

یانە: هیچ یانەیەکی دیاریکراو

ساڵی دروستکردن: ١٩٥٠/٦/١٦

شوێنی دانیشتن: ١٢٥ هەزار کەس

**مۆنمنتاڵ**




وڵات: ئەرژەنتین

شار: بۆینس ئایرس

یانە: ڕیڤەر بلێت

ساڵی دروستکردن: ١٩٣٨/٥/٢٥

شوێنی دانیشتن: ٧٦ هەزار و ٦٨٩ کەس


بەشی دەیەم
سەیروسەمەرەی تۆپی پێ

## بەشی دەیەم

# سەیروسەمەرەی تۆپی پێ

### هەڵەیەك ڕەنگی درێسی یوڤنتۆس دەكاتە ڕەش و سپی




هەموومان ڕەنگی درێسی یانەی یوڤنتۆسمان لەبەر چاوە ئەویش درێسی ڕەش و سپییە. ئەم ڕەنگە لە سەدەی ڕابردووەوە لەبەر یاریزانانی پیرە یانە دەبینددرێ. ئەوەی ڕاستییە ئەمە جلوبەرگی ڕاستەقینەی ئەو یانەیە نەبووە، بەڵكو لە سەرەتای دامەزراندنی، ڕەنگی پەمەیی دروشمی یانەكە بوو. كاتێ یانەكە بارودۆخی بەرەو باشتر ڕۆیشت، درێسی باشی لە بەریتانیاوە كڕی. كۆمپانیای گواستنەوەی كەلوپەل جلوبەرگی یانەی نۆتس كاونتی ئینگلیزی بە هەڵە گواستەوە بۆ یانەی یوڤنتۆس، ئەوكات ماوەی ئەوە نەمابوو جلوبەرگەكە بگەڕێننەوە، بۆیە بەرپرسانی یانەكە بڕیاریان دا ئەو ڕەنگی ڕەش و سپییە ببێتە دروشمی یانەكە. لەوكاتەوە جەماوەر و ڕۆژنامەنووسان ناوی (بیانكوێنزی) واتە ڕەش و سپی بەو یانەوە دەلكێنن.

### تۆپی پێ و سیاسەت

بەهۆی ڕۆڵی گەورەی تۆپی پێ و كاریگەریی لەسەر نەتەوەكانی جیهان، ئەو یارییە بووەتە بلیتێكی بەهێز بۆ خۆدەرخستن و خۆنیشاندانی سیاسەتمەداران و هۆكارێكە بۆ نزیكبوونەوەی سیاسەتمەداران لە جەماوەر. سیۆن كۆپەری نووسەری ئەمریكی لە نیویۆرك تایمزدا دەڵێ، تۆپی پێ دیاردەیەكە ڕەوتی سیاسەتی پێوە لكاوە، هەروەها هێمایەكە بۆ ئاژاوەگێڕی و حوكمی كەمینە و دەبێتە هۆكاری شكستهێنانی سیاسەتمەدار

و هەڵبژاردنی سەرۆك وڵات و ڕێگە چارەیەکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدار. ناوبراو دەڵێ، لە ساڵی ١٩٩٦ سیلڤیۆ بیرلسکۆنیی ملیاردێر و سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا یانەی ئەی سی میلانی کڕی، هەروەها پارتێکی سیاسی دامەزراند بەناوی (فورزا ئیتاڵیا) کە دروشمێکە بە مانای بەرەو پێشەوە ئیتاڵیا. ناویشی لە پاڵێوراوانی پارتەکەی نا (شین) ئەو ناوەش هەمان ناوی هەڵبژاردەی ئیتاڵیایە. لە وڵاتی نەمسا یۆرگ هایدەری ڕاستڕەو بۆ جوانکردنی باری سیاسیی خۆی یانەی کارنتنی کڕی. لە بەڕازیل پیاوە سیاسەتمەدارەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکان دریسی بەڕازیل لەبەر دەکەن بۆ ئەوەی ببنە مایەی ڕەزامەندیی میللەت.

## پاشا سەرپەرشتیی مەشقەکانی وڵاتەکەی کرد

لە مۆندیالی یەکەم کە لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئۆرگوای بەڕێوە چوو، بەر لە سەفەرکردنی هەڵبژاردەی ڕۆمانیا بۆ ئۆرگوای، کارل -ی پاشای ڕۆمانیا خۆی سەرپەرشتیی مەشقەکانی هەڵبژاردەکەی دەکرد، هەروەها سەرجەم پێداویستییەکانی هەڵبژاردەکەی جێبەجێ کرد بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنن، بەڵام بەدبەختی خۆیان کەوتنە گرووپێکی بەهێز. لە یاریی یەکەمدا بە ئەنجامی ٣-١ لە پیرۆیان بردەوە و لە یاریی دووەمدا ڕووبەڕووی ئۆرگوای خانە خوێ بوونەوە و بە ئەنجامی ٤-٠ یارییەکەیان دۆڕاند و لە کۆتاییدا پلەی حەفتەمیان بەدەست هێنا.

## مۆسۆلینی بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا: بردنەوە.. یان مردن



بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی، مۆسۆلینی دیکتاتۆری فاشیی ئیتاڵی لەبەر یاریی کۆتایی جامی جیهانی ١٩٣٨ کە لە نێوان ئیتاڵیا و هەنگاریا بوو نامەیەکی ئاراستەی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کرد لە ٣ وشە پێکهاتبوو: بردنەوە.. یان.. مردن. ئەوە بوو هەڵبژاردەی ئیاڵیا بە ئەنجامی ٤-٢ لە هەنگاریای بردەوە و جامی جیهانی بۆ دووەمین جار بەرز کردەوە. دوای تەواوبوونی یارییەکە چابۆی گۆڵچیی هەنگاریا گوتی، بە پێویستمان زانی ژیانی یاریزانانی ئیتاڵیا ڕزگار بکەین لە بەدەستهێنانی نازناوەکە.

## تۆی پێ شەڕ لە نێوان دوو وڵات دەنێتەوە!




یەکێک لە ڕووداوە سەیرەوسەمەرەکانی جیهانی تۆپی پێ لە سەدەی بیستەم بوو. لە ساڵی ١٩٦٩ بە هۆی یارییەکی تۆپی پێ، شەڕی نێوان وڵاتی هندۆڕاس و سلڤادۆر بەرپا بوو. لە دوای تەواوبوونی یاریی نێوان هەردوو هەڵبژاردە، شەڕوپێکدادان دروست بوو و لە ئەنجامدا ٢٠٠٠ کەس لە هەردوو لا کوژران. لە چیرۆکێکی دیکەی ڕووداوەکەدا هاتووە، کێشەی نێوان هەردوو وڵات چەند ساڵێک پێش ئەو یارییە هەبووە. سلڤادۆر و هندۆراس ماوەیەکی زۆر کێشەی سنوورییان هەبووە. بوونی ٣٠٠ هەزار هاوڵاتیی سلڤادۆر بەشێوەیەکی نایاسایی لە هندۆراس و بێزاریی حکوومەت و هاووڵاتییانی سلڤادۆر لە بوونی ئەمان، کێشەیەکی گەورەی نێوان هەردوو لا بووە. هەرچەندە هەردوو وڵات لە ساڵی ١٩٦٧ گەیشتنە ڕێککەوتنێک بۆ ڕێگەگرتن لە سنووربەزاندنی هاوڵاتییە سلڤادۆرییەکان بۆ ناو خاکی هندۆراس، بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە تەنها لەسەر کاغەز بوو. بە بوونی ئەم کێشانە هەردوو هەڵبژاردە لە ٣ یاریی یەکەمدا کە لە هندۆراس ئەنجام درا ئاسۆیەکی خراپ لە دروستبوونی کێشەی نێوان هەردوو جەماوەر لە ئارادا بوو. لە یاریی دووەمدا کە لە سان سلڤادۆر ئەنجام درا، جەماوەری هندۆراس کە زۆربەیان لە ئاوارەکان بوون، بوونە مایەی نانەوەی ئاژاوە دژ بە جەماوەری سلڤادۆر. لە سێیەم یارییدا جەماوەری سلڤادۆر بۆ تۆڵەسەندنەوە سووکایەتییەکی زۆریان بە جەماوەری هندۆراس کرد. ئەم ئاژاوەیە بووە هۆی دروستبوونی کێشەی نێوان هەردوو لا و لە سلڤادۆر هاوڵاتیان هێرشیان بردە سەر ئاوارەکانی هندۆراس و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن. پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان

هەردوو وڵات تێکچوو و شەڕێکی گەورە لە نێوان هەردوو لا بەرپا بوو. هەرچەندە شەڕەکە ماوەیەکی زۆری نەخایاند، بەڵام بەشەڕی (تۆپی پێ) ناوبانگیی دەرکرد.

## سەگێك ژیانی وەرزشیی یاریزانێك بە کۆتا دەهێنێ

ساڵی ١٩٧٠ لە یاریگەی برانتفۆردی ئینگلیزی یاریی نێوان برانتفۆرد و کۆلچستەر هەبوو. دوای تێپەڕبوونی چەند خولەکێك، سەگێکی بەڕەڵڵا هێرشی بردە نێو گۆڕەپان، گۆڵچیی برانتفۆرد ئاگای لەو حاڵەتە نەبوو. کاتێك تۆپێك بەرەو ڕووی گۆڵچییەکە هات ئەوکات سەگەکە بە هەموو توانای بۆ لای تۆپەکە دەچوو. گۆڵچییەکە تۆپەکەی گرتەوە و لەهەمان کاتیش سەگەکە قەپی گرتە دەست و دەموچاوی ئەو گۆڵچییە داماوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گۆڵچییەکە تووشی باری ناهەموار و نەخۆشیی درێژخایەن ببێت و بە یەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا.



## هەندێ جار ناوبژیوان گۆڵیش تۆمار دەکات

زۆر جار دەگوترێ ناوبژیوان دڵی ڕەقە و لە بڕیارەکانیدا زوڵم دەکات، بەڵام ئەم چیرۆکە بە تەواوی جیاوازیی لەگەڵ ئەو بۆچوونانە هەیە. برایان ساڤیلی هاووڵاتیی ئینگلیزی لە ساڵی ٢٠٠١ لە یاریی پاڵاوتنی جامی بڕۆملی ناوبژیی یاریی نێوان یانەی ویمبۆڵ ٢٠٠٠ و گۆڵچستەری کرد. لەم یارییەدا یانەی گۆڵچستەر بە ١٨ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك لە پێش بوو. لە لێدانێکی ڕاستەوخۆی یانەی ویمبۆڵ تۆپەکە گەیشتە بەردەم ناوبژیوان، ئەویش بەبێ دوودڵی لێیدایە نێو گۆڵی کۆڵچستەر و بە پەلە فیکەی گۆڵکردنی لێدا. ئەم گۆڵە بووە هۆی ناڕەزایی دەربڕینی یاریزانانی کۆڵچستەر. لە بەرامبەردا یاریزانانی ویمبۆڵ سوپاسی ناوبژیوانیان کرد. پاشان یارییەکە بە ئەنجامی ٢٠–٢ تەواو بوو. دواتر یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی بڕیاری وەستاندنی برایانی بۆ ٧ یاری دەرکرد. ئەم بڕیارەش بووە مایەی دڵگرانیی برایان و بڕیاری دا بە یەکجاری واز لە ناوبژیوانی بهێنێت.

## بۆبی مۆری ئەفسانەی تۆپی پێ دز بووە؟



تاکو ئێستا ئینگلیزەکان بەو چیرۆکە مێژووییە بەناوبانگە باوەڕ ناکەن کە پۆلیسی کۆڵۆمبی ناوبراوی بە دزینی ملوانکەیەکی زێڕ لە یەکێك لە دوکانەکانی زێڕ لە بۆگۆتای پایتەخت بەر لە ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی ١٩٧٠ لە مەکسیك تۆمەتبار کرد. لە سەربازگەیەکی مەشقی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە وڵاتی کۆلۆمبیا، بۆبی مۆر و بۆبی چارلتۆنی هاوڕێی بە مەبەستی کڕینی زێڕ بۆ هاوسەری چارلتۆن سەردانی دوکانێکی زێڕنگریان لە نێو هۆتێلی تیکنداما کرد. لێرەدا خاوەنی دوکانەکە (بە پێی چیرۆکی ئینگلیزەکان) بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سەرنجراکێشان، پۆلیسی ئاگادار کردۆتەوە کە مۆر ملوانکەیەکی زێڕی لە دوکانەکەیدا دزیوە. پۆلیسی کۆلۆمبی دەستبەجێ هەردوو یاریزانی دەستگیر کرد، بەڵام دواتر بۆبی چارلتۆنی بەرەڵا کرد و بۆبی مۆریشی لە خانووێکدا دەستبەسەر کرد. دوای فشاری باڵیۆزخانەی بەریتانی بۆ سەر حکوومەتی کۆلۆمبیا، بۆبی مۆر ئازاد کرا. پاش ماوەیەك خاوەنی دوکانەکە ئاشکرای کرد کە ئەوە چیرۆکێکی دروستکراو بووە و مەبەستی تەنها سەرنجراکێشان بووە.

## کانتۆنا تۆمەتبار بوو؟



ناوەناوە چیرۆکی کانتۆنا لەگەڵ یەکێتیی تۆپی پێی فەرەنسی دێتەوە یاد، هەندێك دەڵێن کانتۆنا تۆمەتبارە، هەندێکی دیکە یەکێتیی تۆپی پێ تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە بڕیارەکانیان بەرامبەر یاریزانی ناوبراو توند بووە. لە ماوەی نێوان

هەشتاکان و نەوەدەکان چەند جارێك کانتۆنا هەڵسوکەوتی سەیری ئەنجام دا. کانتۆنا جنێوی ناشیرنی بە هنری میشێلی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا گوت و لە بەرامبەر کامێراکان درێسی یانەکەی خۆی ئۆلمپیك مارسیلیای دڕاند و وەکو کاپتنی یانەی نیمس تۆپێکی کێشا بە دەموچاوی ناوبژیوانێکدا. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ لێژنەی بەدواداچوون، هەموو ئامادەبووانی بە شێت وەسف کرد. دوای ئەم هەڵسوکەوتە سەیرانە کانتۆنا و یەکێتیی تۆپی پێ فەرەنسی لە یەکتر دوور کەوتنەوە.

### لە مەزادێکدا

## پێڵاوەکانی میسی و تاڵە موویەکی ڕۆناڵدینۆ بۆ فرۆشتن



دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانی ئاشکرایان کرد، جووتێك پێڵاوی لیۆنێل میسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە بە بڕە پارەی ٤ هەزار یورۆ (٥٥١٤ دۆلار) لە مەزادێکی ئاشکرا لە پەکینی پایتەختی چین فرۆشرا. ئەویش لەو گەشتە وەرزشییەی کە یانەکە بۆ وڵاتی چین ئەنجامی دا. میسی ئەو جووتە پێڵاوەی لە یاریی پێش کۆتایی جامی پاشای ئیسپانیا لە بەرامبەر خیتافی لە پێدا بوو، بەو پێڵاوەش گۆڵێکی هاوشێوەی گۆڵە بەناوبانگەکەی مارادۆنای تۆمار کرد کاتێ لە ناوەڕاستی یاریگە چەند یاریزانێکی شێواند و کار گەیشتە پاسەوانی گۆڵیش ئینجا گۆڵەکەی تۆمار کرد. هەر لەو مەزادە ئاشکرایەدا درێسی تیری هێنری ئەوەی کە خۆی بۆ یەکەم جار پێشکەش بە جەماوەری بەرشلۆنە کرد و تاڵە موویەکی پرچی ڕۆناڵدینۆ بە مەبەستی هاوکاریکردنی منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی وڵاتی چین خرانە لیستی فرۆشتنەوە.

# سەیروسەمەرەکانی مۆندیال

## یاریزانێك بە پێی پەتی یاری دەکات

## ٤ لە جەماوەرانی بەڕازیل خۆیان کوشت

لە مۆندیالی ١٩٣٤ کە لە فەرەنسا بەڕێوە چوو، لە یاریی نێوان بەرازیل و پۆڵەندە بارانێکی زۆر باری. لەوکاتەدا لیۆنیداسی یاریزانی بەرازیل و گۆڵکاری مۆندیال چەند جارێك خلیسکا، بۆیە پێڵاوەکانی داکەند و دەیویست بە پێی پەتی یاری بکات، بەڵام ئەکلینگی ناوبژیوانی سوێدی یارییەکەی وەستاند و داوای لێ کرد پێڵاوەکانی لە پێ بکاتەوە. لە هەمان مۆندیالدا دوای ئەوەی هەنگاریا لە بەرامبەر ئیتاڵیا بە ئەنجامی ٢–٤ یاریی کۆتایی دۆڕاند، سەرجەم یاریزانانی هەنگاریا دەگریان، تەنها پاسەوانی گۆڵ نەبێ ئەویان پێدەکەنی. لە مۆندیالی ١٩٥٠ کە لە بەرازیل ساز کرا لە یاریی کۆتاییدا بەپێچەوانەی بۆچوونەکان. ئۆرگوای لە بەڕازیلی بردەوە، ئەمەش بووە هۆی متبوونی ٣٠ هەزار جەماوەر لە کۆی ٢٠٠ هەزار کەسی نێو یاریگە و بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر لە شوێنی خۆیان نەبزوێن، دوای یارییەکەش بە ماوەیەك ٤ کەس لە جەماوەری سامبا بەهۆی دۆڕانەکە خۆیان کوشت. لە مۆندیالی ١٩٦٦ کە




لە وڵاتی ئینگلتەرە بەڕێوە چوو، ئامادەکارانی ئەو مۆندیالە تووشی شۆك هاتن کاتێ جامی جیهان لە هۆڵی وێست سەنترال لە ناوەڕاستی لەندەن دیار نەما. دوای یەك هەفتە گەڕان، سەگێك کە ناوی (بیکلز) بوو بە ڕێکەوت جامەکەی لە ژێر خولی باخچەی ماڵێك دۆزییەوە و خاوەنەکەشی پاداشتێکی گەورەی پێ بەخشرا. لە مۆندیالی ١٩٧٤ لە ئەڵمانیا یاریزانەکانی هەڵبژاردەی زائیر سیحربازێکی وڵاتەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات بۆ بردنەوە. ئەو سیحربازە نەیتوانی ئەو ٩ گۆڵەی یۆگسلافیا

بگەڕێنێتەوە کە دژیان تۆمار کرا، بۆیە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا ناویان لە پڵنگە ڕەشەکان (کە زائیر پێی بەناوبانگ بوو) نا پشیلە ڕەشەکان. لە مۆندیالی ١٩٩٤ کە لە ئەمریکا بەڕێوە چوو لە یاریی نێوان بولگاریا و مەکسیك ستوونی گۆڵ تووشی شکان هات، بۆیە



یارییەکە بۆ ماوەی ٧ خولەك دوا کەوت تا گۆڵێکی دیکەیان هێنا. لە یاریی کۆتایی مۆندیالی ٢٠٠٢ کە لە نێوان بەرازیلی٤٥ و ئەڵمانیا بەڕێوە چوو کارمەندێکی سەنگافوری بۆ ئەوەی ئامادەی یارییەکە ببێ، دەستی لەکار کێشایەوە، ئەویش دوای ئەوەی کۆمپانیاکە مۆڵەتی کارمەندەکەی ڕەت کردەوە. لە هەمان مۆندیالدا ٣ پاسەوانی گۆڵ ژمارەیان ١٣ بوو، ئەوانیش بادرشی نەرویژی و کانیزاریسی ئیسپانی و لۆرێنسی جامایکی، سەیر لەوەدایە هیچ یەك لەوانە تەنها یەك یاریش بەشدارییان نەکرد. دوای تەواوبوونی مۆندیالی ٢٠٠٢ یەك کەس لە جەماوەری بولگاریا لە فرۆکەخانە هاتبووە پێشوازیی هەڵبژاردەکەی ئەویش لافیتەیەکی هەڵگرتبوو لێی نووسرابوو (لە کوێ هاتوون، بگەڕێنەوە ئەوێ). هەر لە هەمان پاڵەوانێتیدا پییێر عیسای یاریزانی ئەفریکای باشوور توانی لە یەك یارییدا دوو گۆڵ تۆمار بکات. سەیرەکە لەوەدایە هەردوو گۆڵی بە هەڵە لە خۆیان تۆمارکرد.

## تیپی مەرگ



دوای داگیرکردنی ئۆکرانیا لە لایەن هێزی نازیی ئەڵمانیا، ٨ لە یاریزانانی یانەی دینامۆ کیێڤ بێ ئیش و کار مانەوە تا لە یەکێك لە نانەواخانەکان ئیشیان دۆزییەوە. دوای تەواوبوونیان لە کارکردن لەو گۆڕەپانەی کە لە پشت نانەواخانەکە بوو یاریی تۆپی پێیان کرد. ڕۆژێکیان سەربازانی ئەڵمانیای نازی شێوازی یاریکردنی ئەو یاریزانانەیان بەدڵ دەبێت، بۆیە داوایان لێ دەکەن لە بەرامبەریان یاری بکەن. ٨

یاریزانە ئۆکرانییەکە پێکهاتبوون لە نیکۆلای ترۆسیڤیچ و میخائیل زڤیرۆدۆڤسکی و نیکۆلای کرۆتکیخ و ئەلێکسی کلیمینکۆ و ڤیدۆر تیۆچیڤ و میخائیل بۆتسیتین و ئیڤان کۆزمینکۆ و ماکار جۆنشارینکۆ، جگە لە یاریزانانی دایناموٚ کیێڤ، ٣ یاریزانی دیکە لە یانەی لۆکۆمۆتێڤ لەگەڵ ئەوان یارییان دەکرد ئەوانیش فلادیمێر بالاکن و ڤازیلی سۆخارێڤ و میخائیل میلینك بوون. لە نێوان تەموز و ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٢ دا ئەو تیپەی کە ئەڵمانییەکان ناویان لێنابوو ستارت چەند یارییەکی لەگەڵ سەربازانی ئەڵمانی ساز دا. لە یەکەم یاریدا ستارت بردییەوە. ئەڵمانییەکان تیپێکی سەربازی ئەڵمانی بۆ ئەمجارە، تیپێکی سەربازی بەهێزتریان ئامادەکرد، ئەوانیش بەئەنجامی ٦–٠ دۆڕان. هێزی سەربازی ئەڵمانی بۆ ئەمجارە بەهێزترین تیپی ئامادەکرد بۆ ئەوەی لە ٦ ی ئەیلوول یارییەك لەگەڵ ستارت ئەنجام بدەن. بۆ ئەو مەبەستە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربازی ئەڵمانی خۆیان ئامادەکرد، بەڵام ستارت بە ئەنجامی ٥–١ بردییانەوە، ئەڵمانییەکان بەو ئەنجامە ڕازی نەبوون، بۆیە یارییەکەیان دووبارە کردەوە، کەچی ئەویشیان دۆڕاند. لە ١٦ ی هەمان مانگ ستارت لە بەرامبەر تیپی رۆخ یاریی کرد و بە ئەنجامی ٨–٠ یارییەکەی بردەوە. دوای ئەو یارییە سەربازانی ئەڵمانی سەرجەم یاریزانەکانی ستارتیان دەستگیر کرد و کەوتنە ئەشکەنجەدانیان، ئەوە بوو نیکۆلای کرۆتکیخ لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست دا، دواتر یاریزانەکانیان گواستەوە سەربازگەی (سیریتز). لە شوباتی ١٩٤٣ دەستبەسەرانی ئەو سەربازگەیە لەلایەن سەربازانی ئەڵمانییەوە دەستڕێژی چەکیان کرایە سەر و یاریزانان ئیڤان کۆزمینکۆ و ئەلێکسی کلیمینۆ و نیکۆلای ترۆسیڤیچ گیانیان لە دەست دا. ئێستا لە بەردەم یاریگەی دایناموٚ کیێڤ پەیکەری ئەو ٤ یاریزانەیان دروست کردووە.

## گایەك یارییەکی خولی عێراق دەوەستێنێت

لە میانەی خۆئامادەکردنیان بۆ خولی عێراق ٢٠٠٦–٢٠٠٧ لە یارییەکی دۆستانە لە شاری کوت، یانەی کوت و میسان بەیەك گەیشتن. ئاڵای سووری یاریدەدەری ناوبژیوان بووە هۆی تووڕەبوونی گایەك کە زۆر بە خێرایی هێرشی کردە سەر یاریدەدەری ناوبژیوانەکە، بۆیە کابرا بە ناچاری بەنێو یاریگەدا ڕایدەکرد، تا توانی خۆی بگەیەنێتە پەنا دیوارێك. لەم کاتەدا جەماوەری ئامادەبوو ڕژانە نێو یاریگە کە بە هۆی ئەو گایە یاریزانان چۆڵیان کردبوو. دوای ماوەیەك هێزی پۆلیس گەیشتنە شوێنەکە و توانییان گایە تووڕەکە لە نێو یاریگە ببەنە دەرەوە.

## یاریزانانی مانچستەر یونایتد بەر لە یاریکردن..
## پێڵاوەکانیان گەرم دەکەنەوە

ماوەیەك بوو یاریزانانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەر لە چوونە نێو یاریگە هەستیان بە سەرمایەکی زۆر دەکرد، ئەویش بەهۆی کەشوهەوای ساردی ئەو وڵاتە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی یانەکە بڕیارێکی سەیری دا، ئەویش بە گەرمکردنەوەی پێڵاوە وەرزشییەکانی یاریزانانی یانەکە پێش هەموو یارییەك. ئەم ڕێگەچارەیەش بووە مایەی دڵخۆشی یاریزانان.

## کچێك ناوی دییگۆ مارادۆنایە!

ئینگلیزەکان ڕق و قینەیەکی زۆریان لە دییگۆ مارادۆنای ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین هەڵگرتووە و هەردەم دەڵێن ئەو یاریزانە فێڵی لێیان کردووە، ئەویش بەهۆی ئەو یارییەی نێوان ئەرژەنتین و ئینگلتەرە لە مۆندیالی ١٩٨٦ کاتێ مارادۆنا گۆڵێکی لە ڕێگەی دەستیەوە تۆمار کرد و یارییەکە لەبەرژەوەندیی ئەرژەنتین بە ئەنجامی ٢-١ تەواو بوو. لە ئامارێکدا کە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرە ئەنجامی دا تێیدا دەرکەوت زۆرترین کەس کە ئینگلیزەکان ڕقیان لێیەتی، مارادۆنایە، لەگەڵ ئەوەیش یەکێك لە خانمە ئینگلیزەکان کە ناوی جانێس هاریسە و لە ساڵی ١٩٨٦ کاتێ تەمەنی ٢٢ ساڵان بوو و هەواداری یانەی ئەرسناڵیشە بە فەرمی ناوی خۆی بۆ دییگۆ مارادۆنا گۆڕی.

## ناوبژیوانێك یاریدەدەرەکەی خۆی بە کارتی سوور دەردەکات

یەکێك لە ڕووداوە سەیرەکانی جیهانی تۆپی پێ کە تاکو ئێستا لە هیچ یاریگەیەك ڕووی نەداوە تەنها لە یاریگەکانی ئینگلتەرە نەبێت دەرکردنی یاریدەدەرێکی ناوبژیوان بە کارتی سوور. ڕۆن مارسۆنی ناوبژیوان لە یارییەکی خولی پلە دوودا بەر لە تەواوبوونی یاری بە ١٠ خولەك جیم مۆنگی یاریدەدەری خۆی بە کارتی سوور کردە دەرەوە دوای ئەوەی چەندین بڕیاری ناوبژیوانی پێشێل کرد. دوای ئەوە ئاڵاکەی دایە دەست ناوبژیوانی چوارەم تا یارییەکە بەکۆتا هات.

## بە چ شێوەیەك نازم شاکر تۆپی بۆ یانەی تەڵیعە دابین کرد؟

یاریزانی پێشووی یانەی تەیەڕان و هەڵبژاردەی عێراق نازم شاکر یەکێك بوو لە یاریزانە بەتواناکانی هێڵی بەرگری لە مێژووی عێراقدا. ئەوکاتەی لە ڕیزی یانەی تەیەڕان (قوەی جەوییە) یاریی دەکرد، لە هەمان کاتدا یەکێك بوو لە یاریزانانی تیپی میللیی تەڵیعە. ڕۆژێکیان سەرۆکی یانەکە داوا لە یاریزانەکان دەکات بەهەر شێوەیەك بێ ٥ تۆپی یاریکردن دابین بکەن. ئەوکات نازم شاکر ڕێگەچارەیەك دەدۆزێتەوە. لەکاتی ئەنجامدانی مەشقەکانی یانەی تەیەڕان لە یاریگەی کەشافە لە بەغدا. نازم شاکر کاتێ تۆپ بۆ کازم شبیبی پاسەوانی گۆڵ لێدەدات، بە ئەنقەست تۆپەکە بەرز هەڵدەدات و دەیخاتە دەرەوەی یاریگە. ئەوکات دوو یاریزانی دیکەی تیپی تەڵیعە لە شوێنەکە ئامادەبوون. هەر کە تۆپێك دەکەوتە دەرەوە، ئەوان بۆ ئەوەی پیلانەکەیان ئاشکرا نەبێت بە ڕاکردن دەیانگواستەوە، تا ژمارەی تۆپەکان گەیشتە ٥، ئەوکات نازم وازی لە تۆپ هەڵدانی بەرز هێنا.


## دوو یانە بە ١٢ یاریزان یارییان دەکرد

لە ساڵی ١٩٤٥ لە یاریگەی وایت هارت لین لە بەریتانیا هەردوو یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی و سپارتاك مۆسکۆی ڕووسی بەیەك گەیشتن. ئەو ڕۆژە یاریگە بە تەمێکی زۆر داپۆشرابوو، بەڵام ناوبژیوانی یارییەکە لەبەر ئەوەی یانەی سپارتاك ڕێگەیەکی دووریان بڕیبوو، سوور بوو لەسەر بەردەوامیی یارییەکە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەهۆی کردەوەیەکی نابەجێ، ناوبژیوان یەکێك لە یاریزانانی ئەرسناڵی کردە دەرەوە، بەڵام یاریزانەکە بەبێ ئاگاداریی ناوبژیوان هاتبۆوە نێو یاریگە. لە لایەکی دیکەوە یەکێك لە یاریزانانی سپارتاك گۆڕدرایەوە بە یاریزانێکی یەدەك، بەڵام هەمان یاریزان نەچووبووە دەرەوە.

## یانەیەکی عێراقی جامێکی ساختە بەدەست دێنێت

یانەی جەیشی عێراقی بەشداریی لە یەکێك لەو پاڵەوانێتییانە کرد کە لە وڵاتی هیند بەڕێوە دەچوو و ناوی پاڵەوانێتیی کەلکوتا بوو. لەم پاڵەوانێتییەدا یانە نەناسراو و بێ هێزەکان بەشدارییان دەکرد، بۆیە چەندین یانەی عێراقی زۆر بە ئاسانی نازناوەکەیان

بە دەست دەهێنا و گۆڵی زۆریشیان تۆمار دەکرد، تا ڕادەی ئەوەی خەلیل محەمەد عەللاوی یاریزانی هێڵی بەرگری لە یەکێك لەو پاڵەوانێتییانە بە تۆمارکردنی ١٣ گۆڵ بووە گۆڵکار. لەو پاڵەوانێتییەدا یانەی جەیش گەیشتە یاریی کۆتایی. لەبەر بێهێزیی یانەی بەرامبەر، یاریزانانی جەیش گاڵتەیان بە یارییەکە دەهات، بۆیە تا درەنگانی شەو لە کەیف و خۆشیدا بوون، جگە لەمە میوانداران بۆ خواردنی نیوەڕۆ خواردنی تیژی پڕ بەهارات و کارییان بۆ یانەی جەیش ئامادە کردبوو، ئەو ڕۆژەش پلەی گەرما گەیشتە ٥٠ پلەی سەدی، ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆ ئەوەی یانەی جەیش لەو یارییەدا بە ئەنجامی ٢–١ بدۆڕێ. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا دۆڕاندن مەحاڵ بوو. ئەوەی بیدۆڕاندبا، تووشی زیندانیکردن یان ئازار و ئەشکەنجەدان دەبوو یان دەبوایە بنێردرێتە سەنگەری پێشەوەی شەڕی عێراق و ئێران. لە ترسی ئەمانە واسق ناجیی ڕاهێنەر و یاریزانان چوونە بازاڕ و جامێکی گەورەیان کڕی کە لە جامی پاڵەوانێتییەکە دەچوو و ناوی پاڵەوانێتییەکەیان لەسەر نەخشاند، جگە لە جامەکە چەند مەدالیایەکی شێوە زێڕیان کڕی. بەر لە گەڕانەوەیان، ڕۆژنامەنووسی یاوەری یانەکە، لەوێوە هەواڵی بەدەستهێنانی نازناوەکەی بۆ ڕۆژنامەکانی عێراق ناردەوە، هەر بۆیە کاتێ گەیشتنەوە عێراق، یاریزانانی یانەکە پێشوازیی پاڵەوانییان لێ کرا و پاداشتیش کران.



## سەرچاوەکان

بۆ ئامادەکردنی ئەو کتێبە پێویستیم بەم سەرچاوانە هەبوو. زۆر جار لە چەند سەرچاوەیەك هەمان زانیاریم وەردەگرت و بەراوردم دەکردن بۆ ئەوەی بە دروستترین شێوە زانیارییەکان بگەیەنمە دەستی ئێوەی خۆشەویست. هەر شاد بن.

### سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:

* کتێبی (تأريخ وبطولات الرياضية  الساحرة لكرة القدم) لە ئامادەکردنی ئەمیر حەسەن.
* کتێبی (كأس العالم) لە ئامادەکردنی ساڵح حاجی محەمەد سەلیم بریفکی.
* کتێبی (مونديال كأس العالم) لە ئامادەکردنی حەسەن موهەندیس.
* کتێبی (كرة القدم.. نشأتها في العراق) لە ئامادەکردنی کەنعان مەهدی عەبدولڕەحمان.
* گۆڤاری (سوبر) ژمارە ١٠٦ و ١٤٣ و ١٤٥ و ١٤٦ و ١٤٨ و ١٥٣ و ٢٠٨.
* ئینتەرنێت: سایتی کوورە، سایتی فیفا، سایتی ویکیپێدیا، سایتی ئیلاف.
* گۆڤاری (الصقر) ژمارە ٥٤٨ و ٥٥١ و ٥٥٨ و ٥٦٣ و ٥٨١ و ٥٨٢ و ٥٨٣ و ٥٨٩ و ٥٩٢ و ٦٣٩.
* گۆڤاری (الرياضة اليوم) ژمارە ٣٦ و ٣٨ و ٤١ و ٤٢ و ٥٨ و.
* گۆڤاری (الحدث الرياضی) ژمارە ٥٠ و ٥٤ و ٥٦ و ٥٧

## وتەیەکی بەنرخ

تۆپی پێ ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەو و ئینتیمایەکی سەیر و ڕەنگدانەوەیەکی جیاوازی لای جەماوەری ئەو یارییە دروست کردووە. خەڵکی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و سەیری تیپەکانیان لەبەر دەکەن و لە شێوەی گرووپی پەرستگایەك دەردەکەون. ئەو خەڵکانە ئامادەن بە پارەیەکی زۆر گرەو لەسەر یاریزان و یانەکانی خۆیان بکەن و واژووی ئەستێرەکانیان لەسەر تۆپ و دەست و جلوبەرگیان بنەخشێنن. زۆر لەو کەسانەش ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە کاتێ ڕووبەڕووی هاندەرە توندڕەوەکانی یانەکەی بەرامبەریان کە زۆر ڕقیان لێیانە دەبنەوە. یاریگەکان پڕ لە هەوادارانی ئەو یارییە دەبن کاتێ ئەو پیاوە ماقووڵانە یاری دەکەن. من دژی ئەو یارییە نیم، بەڵکو بە سەرسوڕمانەوە پشتگریی لێ دەکەم و بە بەرهەمێکی گەورەی لە قەڵەم دەدەم کە بووەتە مایەی سەرنجڕاکێشانی ئەو هەموو مرۆڤە، لە هاندەرە سەرسەختەکان سەیرتر ناوبژیوانانن. کاتێ لە پێناو بەدەستهێنانی خۆشییەك... جەستەیان تووشی ئازارێکی زۆر دەکەن.

ئەمبرتۆ ئیکۆ

ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئیتاڵی

# ناوەڕۆك


پێشەکی ..... ٥
بەشی یەکەم: تۆپی پێ ..... ٧
بەشی دووەم: گەشتێك بەناو مێژووی تۆپی پێدا ..... ١٥
بەشی سێیەم: چالاکییەکانی یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ..... ٣٣
بەشی چوارەم: چەند زانیارییەکی گرنگ ..... ٩٥
بەشی پێنجەم: تۆپی زێڕین چییە و چۆن هاتە کایەوە؟ ..... ١٠٣
بەشی شەشەم: پێلێ و مارادۆنا ..... ١٢٩
بەشی حەفتەم: هەڵبژاردە بەتواناکانی جیهان ..... ١٣٧
بەشی هەشتەم: خولە بەهێزەکانی جیهان ..... ١٤٣
بەشی نۆیەم: باشترین یاریگەکانی جیهان ..... ١٩١
بەشی دەیەم: سەیروسەمەرەی تۆپی پێ ..... ١٩٩
سەرچاوەکان ..... ٢١٣